# سەلیقەی کوردەواری



محەمەد ئەمین حسێن

# سەلیقەی کوردەواری

## کۆکردنەوە و نووسینی

## مینە

لە بڵاوکراوەکانی

کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- کوردستان

1994

Saliqay Kurdawari

(Kurdish common sense)

A publication of:

Kulturforeningen Sverige-Kurdistan

P.O.Box 615

191 26 Sollentuna, Sweden

ISBN : 91-972384-0-6

- محەمەد ئەمین حسێن
- سەلیقەی کوردەواری
- نیگاری بەرگ : ڕێبوار سەعید
- چاپی یەکەم: سوێد 1994
- لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- کوردستان

# وتەیەك

کاتێ سەرەتا دەستمکرد بە کۆکردنەوەی بابەتەکانی ئەم بەرهەمە، بە کامێرایەکی هاوچەرخی ئەو کاتە وێنەی ئەو بابەت و شتانەشم دەگرت، هەروەها زۆرجاریش وێنەی ئەو کەسانەی بابەتەکانیان بۆ دەگێڕامەوە.

دوای ئەوەی کتێبی سەلیقەی کوردەواری لە شاخ تەواوبوو، تەنیا ئەوەی مابوو چاپکرێت و پاکنووسکرێت و هەوڵی بڵاوکردنەوەی بدرێت.

ئەوە بوو بارودۆخی ناوچەکە و کوردستانیش بەگشتی گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری سیاسی بەسەردا هات و ئەنفالی رەش باڵی ناپیرۆزی خۆی کێشا بەسەر هەموو لایەکدا.

ئیدی ئەوەی روویکردەوە ناو شار و بیری لە خۆبەدەستەوەیان کردەوە، بڕیاری خۆیان دا و کەوتنەڕێ. ئەوەشی بەرەو باکور و چوونە ناو ئێرانەوە بڕیاریاندابوو، بە هەر چەرمەسەری و پڕ مەترسیەك بووبێت ملی رێیان گرت. منیش لە کۆمەڵەی دووەم بووم و شانبەشانی هاوڕێکانم پێکەوە تاڵی و ترشی و برسێتی و تینوێتی و مەترسی و ناخۆشی رێگە چۆکی پێدانەداین، تا گەیشتینە شوێنی مەبەست.

بەڵێ، ئەوەی لای من شایانی بیرلێکردنەوە بوو، چەند نووسینێکم هەبوو، کە تەمەننام دەکرد بەسەلامەتی بگاتەوە شار، چونکە دەمزانی کەسوکار هەوڵی پاراستنی دەدەن و ناهێڵن لەناوبچێت.

هەر لەو چەند رۆژەی کە خەڵکی ناوچەکە تەواو سەرقاڵی چارەنووسی خۆیان بوون و هەندێك بڕیاری خۆی دابوو، هەندێکیش هێشتا پرسوڕای بە دۆست و برادەرەکانی خۆی دەکرد، کەسیش نەیدەوێرا بەرپرسی کەس بگرێتە ئەستۆ و بە کەسێك بڵێت بڕۆرەوە، یان مەڕۆرەوە. هەر لەو رۆژانەشدا ئامۆزایەکم هات بۆ دیدەنیم و وتی کاکە گیان من

نیازم وایە بڕۆمەوە بۆ شار، هاتوو بزانم کارێکت نیە بۆتی جێبەجێکەم. منیش یەکسەر نووسینەکانم بیرکەوتەوە و لەگەڵ "فیلم"ی وێنەکانی کە تایبەتە بە سەلیقەی کوردەواریەوە. هەردووکیم پێچایەوە و دامەدەستی و وتم ئەم شتانەم زۆر خۆشدەوێت، نابێ لەناوبچن. ئەویش زۆر مەردانە بەڵێنیدا و گەیاندیە شوێنی خۆی.

ئەوە بوو ئێمەش لە گوندی قازانقایەوە کەوتینەڕێ و هەر ئەو شەوە گەیشتینە دیوی گەرمیان و ماوەیەك ماینەوە، دووای دوو رۆژ بەرەو قولایی گەرمیان چووین و لەوێشەوە هەندێ دۆست و برادەرانمان بینی و بڕاری کۆتایمان دا و بەرەو باکور کەوتینەڕێ. دوای مانگێك، من گەیشتمە شارۆچکەی سەقەز.

پاش کەمێ حەوانەوە، ئیدی بیرم لەوە کردەوە کە چۆن ئەو نووسینانەم بگاتە دەست. هەستم دەکرد خەون بێت و نەیەتە دی. بەلاَم هەواڵێکم لە خاڵۆزای بەڕێزم "کافیە سلێمان"ەوە پێگەیشت، کە دەڵێت هەرچیەکت پێویستە بۆت بهێنم لەگەڵ خۆمدا. بەلاَم ئەو شتەی من پێویستمە زیاتر نووسینەکانمە و ئەویش لە شارە و دەستی ئەوی پیاڕاناگات. منیش وەلاَمم دایەوە، کە هەندێ نووسینم هەیە لەگەڵ وێنەکانی، ئەگەر ئەوانە بگاتە دەستم تەواو شادمان دەبم.

پاش ماوەیەك هەواڵی هاتنی ئەوم پێگەیشت، ئەوەندەی پێنەچوو هاتن بۆ دیدەنیم و ئەو کاتەش من خانووەیەکم بەکرێ گرتبوو لە گەڕەکی بەردبڕان لە سەقز. ئەوانیش لای ئێمە مانەوە. ئیدی هەر ئەو رۆژەی یەکترمان بینی، وتی دیاریەکی جوانم بۆ هێناوی... ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد سەلیقەی کوردەواری بوو، بەلاَم کە کردمەوە دەستخەتی تەواوی کتێبەکەی بۆ هێنابووم لەگەڵ فلیمی وێنەکانیش. ئەویش بەهۆی برادەرانی کۆمەڵەی ئێرانەوە، کە لە راستیدا تەواو شادمانی کردم.

بەرلەوەی ئەم بەرهەمەم لە دووتوێی بەرگێکدا وەك کتێب بەچاپ بگات. لە گۆڤاری کلتووردا، کە نووسەرانی شاخ دەریاندەکرد، هەر هەموو کتێبەکەیان پێکەوە چاپ و

بڵاوکردەوە. کە لە راستیدا بۆ ئەو کارە من قەرزداری هاوڕێ و دۆستی ئازیزم "کاك حەمە موکری"م ، چونکە بەو کارە لەو سەردەمەدا تا رادەیەك بەرهەمی سەلیقەی کوردەواری لە لەناوچوون رزگاری بوو.

بەهۆی ئەوەی ماوەیەك بوو لە سەقزدا دەژیام، لەگەڵ هەندێ دۆست و برادەرانی کوردانی ئەودیو لێك نزیکبووبووینەوە. لەوانەش کاك "عەزیزی کەی خوسرەو"، کە دواتر هەر بەهۆی ئەوەوە "کاك ئەحمەدی قازی"م ناسی، کە ئەوکاتە لە گۆڤاری سروە، لە رەزاییە کاری دەکرد. چووم بۆ دیدەنی و باسی کتێبی سەلیقەی کوردەواریم بۆ کرد. ئەویش زۆر حەزیدەکرد ئەو کتێبە بەچاپ بگەیەنێت. هەر بۆ ئەو مەبەستە هەوڵێدا و رەزامەندی دەزگای سروەی بەدەستهێنا و دەستکرا بە چاپکردنی. ئیدی لەو دەوروبەرەشدا رەزامەندی لیزەپاسەکەم هاتەوە و ئاگادارکرام کە دەتوانم بۆ هەندەران سەفەربکەم.

منیش بە پەلە چووم بۆ رەزاییە و داوای کتێبەکەم کردەوە، بە مەبەستی ئەوەی لەگەڵ خۆمدا دەیبەم بۆ هەندەران و لەوێ بە شێوەیەکی جوانتر و گونجاوتر بەچاپی دەگەیەنم. داخم ناچێت، ئەو کاتە هەر بیرم لە چاپکردنی دەکردەوە، بەڵام ئەوەم بە یادا نەدەهات کە خوێنەر بۆ کتێبەش، لایەنێکی تری سەرکەوتنی کتێبەکەیە. ئەگەر لە دەزگای سروە بەچاپم بگەیاندایە، لەو بڕوایەدام زیاتر و زۆرتر بڵاودەبۆوە. بەهەرحاڵ، کاتێ گەیشتمە هەندەران، وەك هەموو ئەو کەسانەی پێش من و دوای منیش هاتوون، زیاتر لە سەرەتاوە سەرقاڵی جێگە و رێگە و رێکخستنی باری ژیانی رۆژانە و کارو پیشە و فێربوونی ئەو زمانەی کە لەو وڵاتە زمانی فەرمی و تاکە هۆی پەیوەندیە بە خەڵکانی دەوروبەر و تەواو بوارەکانی تری ژیان. خەونی بە چاپگەیاندنی کتێبی سەلیقەی کوردەواری زۆر دواکەوت. تا رۆژێك هاوڕێ خۆشەویستم کاك "فەرهاد شاکەلی"م لە لەندەن بینی. دوای چەند دیدار و چاوپێکەوتن و پێکەوە دانیشتن، باسێکی سەلیقەی

کوردەواریم بۆ کرد، ئەویش زۆر بە تاسەوە حەزیکرد ئەو کتێبە ببینێت. پاشان کە خوێندیەوە، وتی ئەگەر بتەوێ بە چاپیبگەیەنیت، من ئامادەم لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ سوێد و لەوێ هەوڵدەدەم کە بە چاپیبگەیەنم. منیش بە خۆشحاڵیەوە داخوازیەکەیم پەسەندکرد. ئەوە بوو دوای ماوەیەك بە پۆستدا دوو کارتۆن کتێبی چاپکراوی سەلیقەی کوردەواری بۆ نارم.

نابێ ئەوەشمان لە یادبچێت، کە کاك "رێبوار سەعید"ی هەنەرمەند وێنەی بەرگەکەی بۆ نەخشاندم و زۆر خۆشحاڵی کردم، چونکە بە سەلیقە و توانای هونەریی خۆی تەواو لە بیر و بۆچوونی بابەتەکانی ناو کتێبەکەدا شۆڕبووبۆوە.

بەگوێرەی وێنەکانی کە لە کاتی کۆکردنەوە و نووسینی ئەم کتێبەدا دەمگرتن، لەبەرئەوەی ماوەی دوو ساڵێك بە فلیمی دانرابوو، هەروەها دەرفەتی شۆردنەوەی وێنەکان نەسازا، بۆیە کاتێ کە ویستم بیانشۆرمەوە، داخەکەم هەر هەموو وێنەکان تێکچووبوون و ئیدی شیاوی بەکارهێنان و بڵاوکردنەوە نەبوون.

**ئەو وتانەی لەبارەی ئەم کتێبەوە وتراوە:**

کاتێ کتێبەکەم بە چاپکراوی پێگەشتەوە، هەندێکیم کردە دیاری و ناردم بۆ ئەو بەڕێز و خۆشەویستانەی کە لای خۆم جێگەیەکی تایبەتیان هەبوو.

1. بەڕێز مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد

کۆپیەکی کتێبەکەم پێشکەشکرد، پاش ماوەیەك لە یەکێ لە بۆنە و دیدەنیەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن، یەکترمان بینی. دەستخۆشی کتێبەکەی لێکردم و وتی ئەگەر ئەو بارودۆخە تێکنەچوایە و تۆش لە شاخ بمایتایە، لەوانەبوو لە ناوچەکانی تر و چەند بەرگێکی تری ئەم

کتێبەت بنووسیایە. کە ئەو کاتە بێگومان هاوشانی رشتەی مرواری و بگرە پڕ بابەتتر دەبوو.

2. بەڕێز مام جەلال

کاك "حەمید بلّباس" بە سەردان دەگەڕایەوە بۆ کوردستان، منیش داوام لێکردن کە کۆپیەکی سەلیقەی کوردەواری بەدیاری ببات بۆ مامە. ئەویش وتی بەسەرچاو. کاك حەمید بۆی گێڕامەوە، کە مامە دەیووت: مینە کارێکی چاکی کردووە، چونکە ماوەیەکی تر تەنانەت گوندنشینەکانیش ئەم شتانەیان لە یاد نامێنێت و هەر هەمووی وەك زۆر شتی تری مێژووی نەتەوە و وڵاتەکەمان لەناودەچێت.

3. بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا.

زۆرجار لەگەڵ برادەراندا سەردانی "کاك نەوشیروان"مان دەکرد، لە یەکێ لە سەردانەکاندا رووی تێکردم و وتی منیە تۆ لە نووسینەکانتدا وردی، لە راستیدا لەو کتێبی سەلیقەی کوردەواریەدا، دڵنیام زۆربەی خەڵکی بزن هەر بە رەشی دەبینێت و جیایناکاتەوە لە یەکرتی. کەچی تۆ 46 شێوە و ناوی بزنت کۆکردۆتەوە و نووسیووتە. دەستخۆشیت لێدەکەم.

تێبینی:

دوای 23 ساڵ بەسەر چاپکردنی ئەم بەرهەمەدا، پێم چاك بوو، جارێکی دی پیاچوونەوەیەك بە کتێبەکەدا بکەم و سەرلەنوێ شێوەی نووسینەکەی تا رادەیەك دەستکاری بکەم و پاکنووسێکی بکەمەوە.

هیوادارم جێی رەزامەندی خوێنەرانی بێت.

# پێشەکی

هەست و سۆز و خۆشەویستیم بەرانبەر وشەی پاراو و ڕەسەنی کوردی هەژاندمی، بەتاسەوە وێڵی دووی سەرچاوەیەکی ڕووناك و بێگەرد بووم، تا چەند ملوانکەیەکی لـێ بهۆنمەوە و بیکەمە گەردنی فەرهەنگی کوردی.

ئیدی ئەو حەز و خۆزگەیە لەلام بوو بە پرسیارێك، دەبێ ئەو سەرچاوە ڕۆشنە لەکوێ بێت؟

بێگومان ئەگەر بەرەودوا بە مێژووی نەتەوەی کورددا شۆڕبینەوە... دەبینین کۆمەڵی کوردەواری بەزۆری گوندنشین بوون و زیاتر لەناوچە شاخاوییە سەختەکاندا ژیاون. کەواتە دەشێ خۆزگەکەم لەو کەژ و کێوە و لەناو گوندەکان بێتەدی. ئەوەش لای من بیری گەشتێکی بە کوردستاندا تەقاندەوە. بەڵام لەدوا چارەکەی ئەم سەدە پڕ لە پەلە پەل و ڕاکە ڕاکەیەدا، چۆن هەلێکی وەها دەڕەخسێت و ئەو خەونە دێتەدی؟

ئەو هۆ و هۆکارانەی کە هانیان دەدام بیر لەو لایەنە بکەمەوە، بەزۆری ئەوە بوو، کە جار جارە بەکاری وەرگێڕانەوە خەریك دەبووم و لە ئاکامی دۆزینەوەی بەرانبەرێکی ڕەسەن و شیاوی کوردی بۆ واتای وشەیەکی ئەو زمانەی وەرگێڕانەکەم لێوە دەکرد، زۆر ماندو دەبووم و زۆر جاریش نائومێد. بۆئەوەی بابەتە وەرگێڕدراوەکە چێژ و پێزێکی خۆماڵیی وەربگرێت.

ئیدی دوای ئەوەی کۆلێجم تەواوکرد، لە ساڵی 1984دا ڕوومکردە شاخ و لە ناوچەی قەرەداخی سەر بە پارێزگای سلێمانی گیرسامەوە.

پاش ماوەیەك بە خواست و حەز و خۆزگەکەی پێشووم، دەستمکرد بەکارکردن و زیاتریش ئەو وشانەم گرد دەکردەوە، کە کەمتر لای من بیسترابوون و بەزۆری ئەوەشم لە میانەی وتووێژەوە چنگ دەکەوت.

بەڵام، کە روانیم کارەکەم زانستیانە نییە، بۆیە دەستمکرد بەگەڕان بەدوای شتە کۆنەکاندا، لەوانەش، وەك کەرەسەی بەکارهێنان و بەکاربردن، هەروەها لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەیی... وەك کشتوکاڵ وئاژەڵداری و پیشە دەستییەکان و داب و نەریت و فۆلکلۆر بە هەموو لایەنەکانیانەوە. تا بتوانم بەهۆی گێڕانەوە و تۆمارکردنی ئەو شتانەوە، هەروەك چۆن گێڕەرەوەکان گۆیان دەکرد... بە مەبەست و خواستی خۆم بگەم و لەو بوارەدا چەردەیەك وشەی رەسەن گردبکەمەوە. بەو شێوەیە بابەتێکی هەمەڕەنگم لەو شتانە کۆکردەوە. لەدواییدا کە پیایانداچوومەوە، روانیم ئەو بەرهەم و بابەتانە، خۆیان پێویستیان بەکۆکردنەوە و پاراستن و لێدوان و توێژینەوە هەیە.

ئیدی سەرلەنوێ دەستمکردەوە بە گەڕان و پرسیارکردن، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە تر و قوڵ تر، تا بابەتەکان کامڵتر گردبکەمەوە و لە هەموو لایەنەکانی بکۆڵمەوە و وەك سەلیقەی کوردەواری ئامادەی بکەم. هەرچەندە ئەم کارەیان خۆزگەکەی پێشوی دوورخستەوە، بەڵام ئەو لایەنەش بەشێکی نووسینەکەی لە فەرهەنگۆکێکدا پڕکردۆتەوە.

گەشتەکەم دەستی پێکرد و گوند بە گوندی ناوچەی قەرەداخ و گەرمیانم پشکنی. بەتایبەتی ئەو گوندانەی لە سنووری ئازادکراودا بوون و بەر لێشاوی راگواستن و کاولکاریی نەکەوتبوون. بەزۆریش پەنام دەبردە بەر پیاوان و ژنانی بەساڵاچووی دنیادیدە و سەرقاڵم دەکردن بەو پرسیارانەی، کە لای خۆم نەخشەیەکی تایبەتی بە کارەکەوە بۆ کێشرابوو. زۆر لەو بەش و بابەتانەی نووسینەکە وەك بیر و پێکهاتن لەنێوان گوندەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، کە شایانی سەرنج و لێدوان بێت، هەرچەند لە رووی

بەکارهێنانی زاراوەوە جیاوازی بەدیدەکرا. بەڵام لەو لایەنەش خۆم پاراستووە و زیاتر زاراوە گشتییە ڕۆیشتووەکانم بەکارهێناوە.

بۆ نمونە: خوری و موو، کە دەکرێت بە گوریس، لەپێشدا دەشۆرێتەوە، پاشان دەکرێت بە "دەستپێچك" واتە لەسەر دەست هەڵدەکرێت و دەکرێتە گولۆلە، بەڵام لە هەندێك گوند و لای هەندێ کەس، بەم دەسپێچکەیان دەوت "وێڵە" و لەلای تر پێیدەوترا "پار"، لەگەڵ ئەوەشدا لەو بوارەشدا کەمتەرخەمی نەکراوە و وشە هاوواتاکان لە فەرهەنگۆکەکەدا تۆمارکراون.

لەبەرئەوەی نووسینەکە زیاتر پەیوەندی بە ناوچەیەکی بەشێك لە کوردستانەوە هەیە، بۆیە کەم تا زۆر خۆم لە لەهجە و گۆڤەرەکانی دی بەدوور گرتووە، تا دووچاری کێشەی زمانەوانی نەبم. هەر ئەمەشە وایکردووە، کە هەندێ لە بابەتەکان کەم کەرەسە و تێر و پڕ نەبن.

لەم کارەدا دوو کێشەی سەرەکی دەبوونە کۆسپ لە ڕێگەمدا:

یەکەم: باری نالەباری ناوچەکە بەهۆی هەلومەرجی رامیاری کوردستان بەگشتی و ناوچەکەش بەتایبەتی، کە بێ سڵکردنەوە سەربەست نەبووم لەگەشتەکەمدا، هەرچەند دۆست و برادەرێکی زۆر لە یارمەتیدانم کەمتەرخەمیان نەکردووە و بەپێی توانای خۆیان بەشدارییان کردووە و ماندوو بوون لەم کارەدا... شایانی سوپاسە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی نووسراویان نییە، جگە لەو مرۆڤانەی کە پەنام بۆ بردوون، بۆ کۆکردنەوە و لێدوان و شیکردنەوەی گشت بابەتەکان. ئەو مرۆڤانەش، خەڵکانی بەسەلیقە و دنیادیدە و خاوەن ئەزموونی تایبەتی بوون، کە زیاتر رەچەڵەکیان لەم ناوچەیەدا بووە و تا ئەمڕۆش هەر بە کاروپیشەی باووباپیرانیانەوە خەریکن. لەگەڵ

ئەوەشدا کە سەری نەوازشیان بۆ دادەنەوێنم، بەتایبەتی بۆ ئەرك و ماندوبوونیان، بەڵام ئەوەش دەخەمە روو، کە خاڵی دووەمی کێشەکانە.

دووەم: لەکاتی پرسیارکردندا، ئەو بەڕێزانە هەوڵیان دەدا، بەجورێك لەگەڵم بدوێن، تا من بە ئاسانی لێیان تێبگەم. هەمیشەش ئاگادارم دەکردنەوە کە بە گۆکردنە تایبەتیەکەی خۆیان وشەکان دەربڕن و دەقاودەق زاراوەکان وەك چۆن بەکارهاتووە، ئاوا گۆی بکەن، بەڵام بێهوودە بوو. لەمەشدا دەمویست چەردەیەك وشەی کەم بەکارهاتوو گردبکەمەوە، یان هەر هیچ نەبێ بیری خوێندەوارانی بخەمەوە کە ئەو زاراوانە لەو جۆرە کار و پشەی کوردەواریانەدا ئاوا بەکاردێن.

دیاربوو خەڵکەکە لە خۆیاندا هەستیان بە کەموکوڕی دەکرد، ئەگەر وەك من بەم شێوە تێکەڵەی ئەمڕۆ نەدوانایە.

بەهەرحاڵ، لەگەڵ ئەمانەشدا، ساردی و گەرمی و برسیەتی و ماندووبوون و رێکردن، هیچی گرنگ نەبوون. چونکە هەمیشە لە یادی گەشتیاران و رۆژهەڵاتناساندا بووم، کە لە پێناوی هەر مەبەستێك و هۆ و خواستێکی تایبەتیدا بووبێت، هاتوونەتە کوردستان و بە هەر شێوەیەك بێت، لەزۆر لایەنەوە بە دەیان کتێب و نووسراویان لەبارەی نەتەوەی کوردەوە تۆمارکردووە. هەرچەند زووربەشیان لایەنی دوژمنایەتی، یان هاندراوی و دژایەتی بەئاشکرا بە نووسینەکانیانەوە دیارە. لەو نووسەرانەش وەك فاولەر، بارۆن فۆن نۆڵدەی ئینگلیزی. هەروەها کارڵ مای- چیرۆکنووسی ئەڵمانی، کە ئەمانە لە نووسینەکانیاندا کورد بەخوێنڕێژ و دز و جەردە و پیاکوژ و دوور لە هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی ناوژەن دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەن بەویژدانەوە ئاماژە دەکەن، وەك کارڵ مای 1842-1912، لە چیرۆکەکەیدا "کوردستانی کێوی" باسی ئازایەتی و ئەمەکداری و میوانداری و هەندێ رەوشتی باشی کورد دەکات. بەهەرحاڵ ئەوەش ئەوە

ناگەیەنێت، کە گشت نووسەران و گەشتیاران و ڕۆژهەڵاتناسان هەر بەم شێوە هەڵەیە لە نەتەوەی کورد گەیشتبن و بەرهەمەکانیان مۆرکی دوژمنایەتیی پێوە دیاربێت.

دیارە نابێ هەست و سۆز و دڵسۆزیی زۆر لەو نووسەرانەمان لەیاد بچێت، کە وەك دۆستێکی کورد لە زۆر لایەن و باری ژیانی نەتەوەکەمان و جۆگرافیای کوردستان و مێژووی گەلەکەمان دواون و توێژینەوەی بەکەڵك و زانستیانەیان لەو ڕووانەوە تۆمارکردووە. ئەوانەی خامەی ئەو نووسەرانە کێشاونی، پڕن لە گیانی ئازایەتی و چاونەترسی، کە لە ڕاستیدا بۆ کورد خۆی قەدەغە بووە ددان بە ڕاستی وەهادا بنێت. لەو نووسەرە بەڕێزانەش مینۆرسکی و ریچ و مەیجەر سۆن و دەیان کەڵە نووسەری دی.

بەگشتی بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە زیاتر پەیوەندی بە خودی نەتەوەی کوردەوە هەیە، واتە زۆر دەگمەن بیری وەئەنجام گەیاندنی ئەو شتانە پەیوەندی بەدەرەوەی سەلیقەی کوردەوارییەوە هەیە. ئەوەش لەو ڕووەوە کە سنووری کوردستان زیاتر داخراو بووە و بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی کورد ژیانێکی ئاڵۆزی هەبووە، تا ئەم دواییەش هیچ جۆرە ئامێر و تەکنیکێکی نوێ نەگەیشتۆتە نێو کوردستانەوە و ئێستاش ئەگەر هەبێت، بە رادەیەکی کەم و لە کەم ناوچەدا هەیە.

ئەوەتەی ڕەوڕەوەی مێژووی نەتەوەی کورد لەگەڕدایە، شان بەشانی خەبات لەپێناوی سەربەستیدا، لەگەڵ ژیانی کوللەمەرگیشدا ژیانی پیشەیی پشتگوێ نەخستووە و سەلیقەی وردی بۆ زیاتر کەویکردنی سروشت لە کارا بووە. وەك خاك و بەرد و داری ئەم وڵاتە پڕ پیت و بەرەکەتە... تا ڕەوڕەوەی مێژوو بەبێ وەستان هەر لە تۆمارکردندا بێت.

ئەم نەتەوە بێ ئالایە، هەر کە ڕوانیویەتە لوتکەی چیا سەرکەشەکانی، ئیدی خۆڕاگریی و ددان بەخۆدا گرتنی لە گیاندا ژیانۆتەوە... بۆیە نە زریان و نە هێرشی دڕندانەی دوژمنانی دەرەوە و نە چەوساندنەوەی لەلایەن دەرەبەگی ناوخۆوە، نەیانتوانیوە سەر بەو ئارەزووە نەوی بکەن. بێگومان لەژێر پێستی خاوی ئەم نەتەوەیەدا، جیهانێکی پڕ لەبیر

و ئەندێشەی قووڵ و هەست و سۆزی بەسۆز و ناسك شاراوەتەوە، بە بەڵگەی زۆرەوە هۆشیاری و زیرەکی خواکردی تێکەڵ بە زوو لە شت گەیشتن کردووە و بەستراوە بە خو و رەوشتێکی راست و رەوانی مەردانەیانەوە. ئەگینا نەتەوەیەك، کە تا ئەمڕۆ بێبەش لە زانست و زانیاری سەردەم و تەکنیکی نوێ و باری ژیانی ئاسایی بەبێ ماندوێتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە سەلیقەی وردی خۆی هەمیشە بۆ دابینکردنی ژیانی لەبار و گونجاوتر لە جەنگدا بووە.

ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە، بەردی تاشیوە و جەرگی زەوی هەڵدڕیوە و هەموو شتێکی لە سروشتەوە وەرگرتووە و هەمیشە سروشتەکەی بە دەست بیری شیاو و لەباری کوردەوە هەر لە تاوتوێدا بووە، بۆئەوەی کەموکوڕیەکانی ژیانی رۆژانەی پێ پڕبکاتەوە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە کورد، لە زۆر سەردەماندا هەمیشە پێشمەرگەیەکی ئازا و خەباتگێڕێکی نەبەرد بووە... بەتایبەتی بۆ پاراستنی زمانەکەی و بیروهۆشی رەسەنی کوردانە و مێژووە دێرینەکەی. جگە لەوە، هەر لە سەرەتای بوونی ئەم نەتەوەیەوە رۆژگاری پڕ لە خەبات و تێکۆشان بووە، دژی چەوساندنەوە و داگیرکردن. پێبەپێی قۆناغەکانی کۆمەڵ باری ژیانی لە گۆڕاندا بووە لەگەڵ خەباتدا دژ بەلایەنی چەوساندنەوە، هەمیشە شۆڕشی رزگاری و شۆڕشی بیر و شۆڕشی ژیانی پێکەوە ئاوێتەکردووە و نەوە لەدوای نەوە هەر لە تێکۆشاندا بووە.

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە ئەم کارە وەك لایەنێکی مێژوویی دەخەمەڕوو... نامەوێ کەم یا زۆر هیچ لایەنێکی دی دەستنیشان بکەم. تەنیا مەبەستی سەرەکیشم لەم کارە، پاراستنی ئەو شتانەیە، کە کۆمکردونەتەوە، وەك شێوە و بەکارهێنان و بەرهەمهێنان. هەرچەندە ئەم کارە لەدوا چارەکەی سەدەی بیستدا هاتۆتە بەرهەم، بەڵام هەوڵمداوە زیاتر شتەکان لە سنوورێکی کۆنتردا تۆماربکەم، چونکە لەوانەیە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

ئاشکرایە کە هەندێ بابەتی ئەم کارە ئێستا نەخشەی تایبەتی هەیە و بەبیری نوێ ئەنجام دەدرێ، بەڵام من خۆم لەو لایەنە دوور گرتووە.

چاو پیاخشاندن و گەشتێك بەنێو بابەتەکانی ئەم کارەدا راستی ئەوە دەسەلمێنێت، کە نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەو هەموو چەوساندنەوە و زۆرلێکراویە و ماف پێشێلکردنە و راووڕووت و نالەباریەی باری ژیانیدا، هەمیشە ژیانی وەك بیری سەربەستی نەتەوایەتی پاراستووە و لە خەباتی بێوچاندا بووە، تا بە سەلیقەی وردی خۆی باری ژیانی لەبار و ئاسانتر بکات.

لەکۆتاییدا دەڵێم: خۆشحاڵم ئەگەر توانیبێتم بەم بەرهەمەم، خزمەتێکی بچوکی نەتەوەکەم کردبێت.

مینە

گوندی قازانقایە- نەورۆزی 1988

# بەشی یەکەم

1. بەخێوکردنی مەڕ وماڵات
- شوانی و چۆنیەتی لەوەڕاندن
- شەرتەشوانی
- چۆنیەتی ناسینەوەی ئاژەڵ
- مەڕ
- بزن
- رەشەوڵاخ
- شێوەی جووتبوون.

2. بەروبوومی ئاژەڵ
- بەرهەمی شیر
- دۆوشکە- کەشك
- دۆینە
- پەنیر
- هەوێنی پەنیر
- لۆرك
- دەڵەمە
- سوێرکە
- ساوەر و دۆ
- فرۆ

3. ئەو پیشەسازییانەی کەرەسەکانیان لە ئاژەڵەوە وەرگیراون:

- پێستە: کونە- کونگە، مەشکە، مەشکەی گاوەس، هیزە، جەوەنە.
- خووری و موو: ئامێری تەونکردن، بەڕە، فەرش، جۆڵایی، گوریس، بەن سامۆت، دەوار- ڕەشماڵ، هۆڕ، چیخ، ڕەشکە و لباد.

4. چارەسەری کوردانە بۆ ئەو نەخۆشیانەی دووچاری ئاژەڵ دەبوون.

- نەخۆشیەکانی مەڕ و بزن.
- نەخۆشیەکانی ڕەشەوڵاخ.

# بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات

مێگەل، لە سەرەتاوە بە کۆمەڵگاوە بەسترابوو، تاکە کەس مافی ئەوەی نەبوو بە موڵکی تایبەتی خۆی دابنێت. بەتێپەڕبوونی رۆژگار و بەپێی رەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرەتایی، کۆمەڵێك خێڵی پێشکەوتوو دەستیانکرد بە ماڵیکردنی هەندێ ئاژەڵ. ئیدی ئەمە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو گەشەکردن دەچوو، بەڵام شایانی باسە کە لە سەرەتادا بەخێوکردن و ماڵیکردنی مەڕ و ماڵات بۆ تاکە کەس نەبوو، بەڵکو زیاتر گشتی بووە. لەدوای ئەوەوە وردە وردە بەخێوکردن و رامکردن و ماڵیکردن چەند دیاردە و رواڵەتێکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا، ئیدی خێڵە شوانکارەکانی لە خەڵکانی دڕندە جیاکردەوە.

لە کوردستاندا، بەپێی بارودۆخی تایبەتی سروشتیەوە، ماڵات بریتی بوو لە مەڕ، بزن..هتد، کە خێڵە پێشکەوتووەکان هەوڵیاندەدا زۆرترین ژمارەیان هەبێت. هەر بەهۆی مەڕ و ماڵاتیشەوە بوو، کە تەواوی کاڵاکانی دی نرخێنران. واتە لە سەردەمانێکدا مەڕ و ماڵات لەجیاتی دراو ئاڵوگۆڕی پێکراوە و بەکارهاتووە... هەرچەندە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات هەروا کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵکو دەبێ لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاوی بۆ دابین بکرێت، ئەمەش لە سەرەتادا موڵکی گشتی بوو، بەڵام لەگەڵ رەوتی مێژوودا ئەو لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاوانە، دەستی بەسەردا دەگیرا و دەبوونە موڵکی خێڵە شوانکارەکان... کار لەمەش ترازاوە و هێرش کراوەتە سەر لەوەڕگا و سەرچاوەی ئاوی خێڵەکانی دی، پاشان بووە هۆی بەرپاکردنی شەڕ و ئاژاوە.

پێشکەوتن و برەوپێدانی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، کارێکی وەهای کرد، کە کشتوکاڵ و پیشە دەستییەکان لە رادەی خۆیان پتر بهێنرێنە بەرهەم. لە کوردستان دوای قەدەغەکردن و نەمانی گەرمیان و کوێستان لەنێوان خێڵەکاندا، ئەویش بەهۆی باری رامیاریی ناوچەکەوە. ئیدی ئەوانەی خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بوون، بەرەو

نیشتەجێبوون چوون، هەندێکیان هەر بە کاری خۆیانەوە خەریکبوون و هەندێکی تریشیان شان بە شانی کارەکەی پێشوویان کشتوکاڵیشیان دەکرد. ئەو کەسانەی کە تا ئێستاش خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتن، لە سنوورێکی دیاریکراودا، تەنیا کەڵك هەر لە بەرهەمی سروشتی وەردەگرن و لەو سنووره زیاتر تێناپەڕێت. ئەمەش بەهۆی بوون و پەیدابوونی یاسایەکی دیموکراتیانە و یەکسانی دابەشکردنەوەیە.

لە کوردستاندا بەگشتی و لەم ناوچەیەشدا بەتایبەتی خەڵکی لەگەڵ مەڕ و ماڵاتدا ڕەشەوڵاخیش بەخێودەکەن.

لەسەرەتادا بەخێووکردن تەنیا بۆ بەربوومەکەی بووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار و لەبەر پەیدابوون و زیادبوونی پێداویستی ژیان، وردە وردە بازرگانیشی پێوە کراوە. ئێستا لە جاران زیاتر ئەو لایەنە دیار و ئاشکرایە. لەو ڕووەوە دەتوانین دابەستنی شەك و بەران و بزن و سابرێن و بەرخ و گیسك بکەینە نموونەی ئەو بازرگانییە. هەروەها ئاڵووێر و جامبازی و بە جەڵەب کڕین و فرۆشتن... هەر بەم پێودانە لایەنی بەرهەمی سپیایی و خوری و مووش، بازرگانی پێوە دەکرێت. لەبەرئەوەی کۆمەڵی کوردەواری هەر لە زۆر کۆنەوە خەریکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە، بۆیە لەم بوارەدا خاوەنی گەلێ سەلیقەی ڕەسەنی خۆیەتی و ژیانی تایبەتی خۆی بەجۆرێکی وا لەگەڵدا گونجاندووە، کە هەر لە خودی ئاژەڵەکەوە زۆر ئەزموون و تاقیکردنەوەی وەچنگ هێناوە و دەستێکی باڵای هەیە لە گەشەپێدان و پێشخستنیدا.

## شوانیی و چۆنیەتیی لەوەڕاندن

بەگوێرەی خاوەنداری فرە مەڕ و ماڵاتەوە، شوانی تایبەتی هەیە و مێگەل بەتەنیا دەلەوەڕێنن و تێکەڵی رانی گشتیی ئاوایەکان ناکرێت. ئەمەش زیاتر ئەو خاوەندارانە دەگرێتەوە، کە رێژەی ماڵاتیان لە مێگەلی ئاوایی زیاترە. بەڵام ئەو خاوەندارانەی کە چەند سەد سەرێکیان هەیە، بە یەك دوو خاوەندار رانێك پێکدەهێنن. لێرەدا زیاتر خزمایەتی و تیرە و خێڵ پێکەوە گردیان دەکاتەوە.

جۆرە ران و مێگەلێکی گشتیی هەیە، کە تایبەتە بە دانیشتوانی یەك ئاوایی و ئەو خاوەندارانە پێکیدەهێنن، کە (10) سەر ئاژەڵ یان زیاتریان هەیە. ئەم جۆرە ران و مێگەلە سیستمێکی تایبەتی بۆ کاروپیشەی شوانیی سازکردووە.

لە زۆر کۆندا نۆرە شوانیی هەبووە، کە زیاتر بە ریزی ماڵەکان دانراوە و شێوازی دیمۆکراتیانەی لەخۆ نەگرتبوو. هەر کەسێك، سەرێك یان پەنجا سەر ئاژەڵی بووبێت، هەروەك یەك نۆرە شوانیی خۆی کردووە. بەڵام ئەمرۆ ئەو کارە بەشێوەیەکی باشتر بەئەنجام دەگەیەنرێت. بۆ هەر پانزە سەر مەڕ و بزن، رۆژێك نۆرە شوانیی بەر خاوەنەکەی دەکەوێت. هەروەها بەگوێرەی رەشەولاخەوە، بە دوو سەر رۆژێك، ئەمەش وەك یاسایەك لە هەموو کوردستاندا نەچەسپیووە، بەڵکە بەپێی خواست و رێکەوتنی تایبەتی نێوان خاوەندارەکانە، بەڵام بەگشتی هەموو شێوەکانی نۆرە شوانی لەم سەردەمەدا زیاتر لایەنی یەکسانی بەخۆوە گرتووە.

لە کوردستاتدا شوانی پیشەیەکی هاوشێوەیە و لە هەموو شوێنێکدا وەك یەك کاری خۆی دەکات. رۆژانە بەپێی وەرزەکان لەکاتی تایبەتیدا، شوان ران و مێگەل لەلایەکی ئاواییدا گرددەکاتەوە و بەرەو چیا و شوێنی لەوەڕگاکان دەکەوێتەڕێ. بۆیە دەڵێین بەپێی وەرزەکانی ساڵ، چونکە هەندێ وەرز ماڵات شەوانە بە کەژەوە دەمێنێتەوە، ئەمەش زیاتر لە مانگی نەورۆزدایە، شەواژۆ- شەوەکەژ دەست پێدەکات... بە مەبەستی زیاتر

لەوەڕاندن و قەڵەوبوون، تا بەرهەمی سپیایی زیاتربێت و هەروەها بۆئەوەی شوێنەکەی خاوێن بێت و دووربێت لە ریخ و پشقلی ناو پەچە و گەوڕ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاژەڵەکان بە خواستی خۆیان کەڵك لە لەوەڕە سروشتیەکان وەربگرن. ئیدی لەو کاتەوە تا مانگی گەلاڕێزان، چێشتەنگاوان ران و مێگەل دەهێنرێتەوە بۆ بێرە. دوای دۆشین، ئینجا کار و بەرخی تێدەکرێت و پاشان سارەما دەکرێن، واتە لە تەك دایکیاندا دەبرێن بۆ کەژ بۆئەوەی دایکیشیان بمژن و وردە وردە فێری لەوەڕیش بن.

لە مانگی سەرماوەزەوە کەمتر شەواژۆ دەکرێت، تەنیا بەیانیان ران لە پەچە دەردەکرێت و ئێوارانیش دێتەوە و دەکرێتەوە پەچە. لێرەشدا ئەو ئاژەڵەی شیری تێدا مابێت دەدۆشرێت، بۆ شەوانەش، شوان لە ناوەندی رانەکەدا لە پەچەدا لەسەر هەرزاڵەکەی دەحەوێتەوە و چاودێریی رانەکەش دەکات. پەچە ئەگەر گشتی بێت زیاتر لە نزیکی ئاواییەوە دروستدەکرێت، بەڵام ئەگەر تایبەتی بێت، ئەوا بەدەم ماڵی خاوەندارەکەوە دەکرێت.

بەیانیان کە ران دەردەکرێت بۆ کەژ، پەچە پاکدەکرێتەوە و ریخ و پاشەڕۆی لێ دووردەخرێتەوە.

شوان لەکاتی شەواژۆدا نۆرەی لەگەڵ دەکرێت، واتە ئەو کەسەی لەلای ران شەو بە کەژەوە بووە، بەیانیان دێتەوە بۆ پشوودان و یەکێکی دی لە شوێنی دەچێت بۆ کەژ و بەڕۆژ ئاگاداری رانەکە دەکات.

ئیدی کە شەواژۆ بەسەرچوو، سارد و سەرما دەستپێکرد، پاشان داجوانن دەکرێت، واتە چەند سەعاتێ پێش لە دەرکردنی ئاسایی مەڕومالات، رانەکە دەردەکرێت، ئەوەش بۆ مەبەستی زیاتر لەوەڕاندن و دوورکەوتنەوە لە ریخ و پشقل، داجوانن یارمەتی قەڵەبوون و گەشەکردنی ئاژەڵ دەدات. لەم سەردەمەشدا هەر ئێواران ران دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئاوایی. داجوانن لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە شەو درێژ دەبێت و رۆژ کورت.

کاری شوانی، هەروا کارێکی ئاسان نییە... چونکە بەدرێژایی ڕۆژگار لەگەڵ مێگەلدایە و دەچێت بۆ دەشت و دەر، هەر لە بەیانیەوە نان و نانەبەرە و شەکر و چا هەڵدەگرێ و گالۆکەکەی دەگرێ بەدەستیەوە و دەکەوێتەڕێ.

شوان دەبێ لە کارەکەیدا زۆر وریابێت، پارێزگاریی ماڵاتەکە لە گورگ و "دەعبا"ی دی بکات، جگە لەوەی کە دەبێت بەشوێن لەوەڕی پاکژ و بژوێندا بگەڕێت و لەکاتی خۆیدا مۆڵیان بدات و بیانبات بۆ ئاوخواردنەوە، هەروەها دەبێ ڕۆژانە ئەم شتانە ڕەچاو بکات:

سەرلەبەیانی... چێشتەخەو، ئینجا بناوە لەوەڕ، پاشان سەرئاو، بۆ نیوەڕۆ مۆڵ دەدرێن، دوای ئەوەش پالێنی ئێوارە، ئیدی شێوکردنەوە، تا دەکرێنەوە پەچەی شەو.

شوان هەندێ جار کاتی خۆی بە شمشاڵ لێدان و گۆرانی وتنەوە دەباتەسەر. وشەی "عیو" بەکاردەهێنێ بۆ بانگکردن و دانەپێش و لەوەڕاندن، کە ئەو وشەیەش بەپێی جیهازی پێکهاتنی دەنگەکان لەلای شوانەکان دەگۆڕێت، واتە دەنگێکی چەسپاو نییە.

لە کۆندا شوان، جگە لە شەرتە شوانی، نان چنینەوەشی کردووە، هەروەها دەستخۆشانەی ئەوەشی وەرگرتووە، کە کارو بەرخی تازە زاوی لە دەشت و کەژەوە بە باوەش هێناوەتەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەو دەستخۆشانەیەش ڕێژەیەکی دیاریکراو نەبووە، بەڵکو بەپێی دەست و دڵی خاوەندارەکە بووە.

**تێبینی:** لە زۆر گوندی ئەم ناوچەیەدا منداڵانی ئاوایی لەکاتی زاوزێدا دەچن بۆ کەژ تا کارە کۆرپە و بەرخۆلە تازە زاوەکان بهێننەوە بۆ ئاوای، جا خاوەنی هەر کەسێك بێت، ئەوان دەستخۆشانە وەردەگرن.

## شەرتە شوانیی

ئەو شوانانەی کە بۆ ئاغا و شێخ و خاوەندارە دەستەڵاتدارەکان کاریان کردووە، لەبری کرێی کارەکەی، شکارتەی گەنم و جۆی بۆ کراوە. بۆ ئەمەش رۆژێکی تەواو گەلە جووتی بۆ دەکرێت و لە ئەنجامدا هەرچەندێك دەربچێت بۆ شوانەکەیە. بەڵام بە گوێرەی شوانی گشتیەوە، کە تایبەتە بە خاوەندارە بچووکەکان و گشت ئاواییەوە، بەم جۆرەیە:

- لە کۆندا شەش مانگ- سێ مانگی بەهار و سێ مانگی هاوین- هەشت سەر بە ربەیەك دانەوێڵە بووە. واتە ئەگەر خاوەندارەکە 16 سەر مەڕ و بزنی هەبووبێت، ربەیەك گەنم و ربەیەك جۆی لەبری شەرتە شوانی ئەو دوو وەرزە داوە بە شوانەکە.
- شەش مانگی پایز و زستان بە دراو بووە، سەری بە (100) فلس بووە. بەڵام شوان نان چنینەوەی لەگەڵدا کردووە. هەرچەند ئەمەش وەك نرخێك لە هەموو لایەك یەکسان نەبووە.

ئەوە لە کۆندا بەو شێوەیە بووە، بەڵام لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هەرچەندە شوانیی وەك پیشەیەکی سەربەخۆ کەمتر بەرچاو دەکەوێت، خۆ ئەگەر هەبێت بەم شێوەیەیە:

- وەرزەکانی بەهار و هاوین، سێ سەر بە ربەیەك دانەوێڵەیە.
- وەرزەکانی پایز و زستان، یەك سەر بە دینار و نیوێکە، بەڵام نان چنینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.

ئێستا زیاتر نۆرە رانی باوە و کەم کەس بە کاری شوانییەوە خەریکە، جگە لەو گوندانەی کە پیشەی سەرەکیان زیاتر بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتە.

هەروەها بە گوێرەی رەشەوڵاخەوە لە کۆندا:

- وەرزەکانی بەهار و هاوین، حەوت سەر بە دوو ربە دانەوێڵە بووە، واتە ربەیەك گەنم و ربەیەك جۆ.
- لە وەرزەکانی پایز و زستاندا بە دراو بووە، سەری بە (250) فلس بووە.

لەم سەردەمانەشدا:

- وەرزەکانی بەهار و هاوین، دوو سەر بە ربەیەك دانەوێڵەیە.
- وەرزەکانی پایز و زستان، سەری بە سێ دینار و نیوە.

ران و مێگەل لە کۆتایی مانگی خەرماناندا دەبرێنەوە بۆماڵەوە و دەکرێنە پشتێر و شوێنی تایبەتیەوە، ئەوەش پێش ئەوەی پەڵە بدات، یان لە کاتی پەڵەدا، بەتایبەتی ئەو ساڵانەی کە پەڵە پێشدەکەوێت.

ئەوانەی تازە زاون، تا مانگی نەورۆز کاو جۆ دەدرێن... زستانان لە رۆژانی بەفر و تۆفدا ئاژەڵ دەرناکرێت و هەر لە ماڵەوە دەمێنێتەوە. بەگوێرەی کار و بەرخ و گوێرەکەوە، زیاتر مێرد منداڵێك، یان دوو منداڵ دەریاندەکەن و زۆر لە ئاوایی دووریان ناخەنەوە... تا لەکاتی پێویستدا دەنگیان بگاتەوە بە ئاوایی. هەروەها بەگوێرەی گوێرەکە و پارێن و کەنۆوە، خۆیان بەرەڵادەکرێنە لاپاڵێکەوە و ئێواران منداڵانی خاوەنەکانیان دەیانهێننەوە بۆ ئاوایی.

## چۆنیەتی ناسینەوەی ئاژەڵ

ئێمە کاتێ لە مەڕ و بزن و بەرخ و گیسك و رەشەوڵاخ وردەدەبینەوە، جیاوازی لە شێوە و روخساریاندا بەدی دەکەین، بەتایبەتی لە رەنگی خوری و موو، هەروەها لە شێوەی گوێچکەکانیان.

ئەم جیاوازیانەش لای کورد، بەتایبەتی لای ئەوانەی ئاژەڵداری دەکەن، هەوڵیانداوە ناوی گونجا و شیاو بۆ هەر یەکەیان دیاریبکەن، تا جیاکردنەوە و ناسینەوەی ئاژەڵەکان ئاسان بێت، کە لەو رووەوە کاری شوان و خاوەندارەکانی زۆر ئاسان کردووە، بەتایبەتی لە رووی سەرژمێری و جیاکردنەوە و بەدوودا گەڕان لەکاتی ونبوون و تێکەڵبوونیان بە ران و مێگەلی ئاواییەکانی دەوروبەر. لێرەدا هەندێ لەو ناو و ناونیشانانە تۆماردەکەین، کە لەم ناوچەیەدا باوە. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، کە ئەم ناوانە بەپێی ناوچە و جۆری گۆڤەرەکان دەگۆڕێت.

## چۆنیەتی ناسینەوەی مەڕ

1. چەرموو سوور: گوێی پانە و روخساری سوورە و جەستەی سپییە.
2. چەرموو سوورچار: گوێی پانە و روخساری سوور و سپییە و جەستە سپییە.
3. پەر: گوێی پانە و روخساری رەشە و جەستەی سپییە.
4. پەرچار: گوێی پانە و روخساری رەش و سپییە و جەستەی سپییە.
5. رەشکەوە، یان کەوە ئەستێرەی: گوێی پانە و روخساری خۆڵەمێشییە و جەستە سپییە
6. تەو: گوێی پانە و روخساری سوور بۆرە و جەستەی سپییە.

7. تەوچار: گوێی پانە و روخساری سوور بۆرە و خەتی سپی تێدایە و جەستەی سپییە.
8. کورەپەر: گوێی بچووك و قوتە و روخساری رەشە و جەستەی سپییە.
9. کورەسوور: گوێی بچووك و قوتە و روخساری سوورە و جەستەی سپییە.
10. کورەچار: گوێی بچووك و قوتە و روخساری وەك جەستەی سپییە.
11. کورەتەو: گوێی بچووك و قوتە و روخساری سوور بۆرە و جەستەی سپییە.
12. کورە رەشکەوە: گوێی بچووك و قوتە و روخساری خۆڵەمێشییە و جەستەی سپییە.
13. سوورە: هەموو جەستەی سوورە.
14. رەش قرپی: هەموو جەستەی رەشە.
15. رەش بازوو: جەستەی رەشە و خەتی سپی تێدایە.
16. کولۆڵ، یان کورە سێر: روخساری وەك جەستەی سپییە.
17. کورەکۆڵ: گوێی لە بنا نیە.
18. چار: چاوی رەشە و روخساری سپیە.

## چۆنیەتی ناسینەوەی بزن

1. رەش گوێیار: رەشە و گوێی پانە.
2. بەلە رەش: رەشە و گوێی لولە.
3. قوتە رەش: رەشە و گوێی قوت و بچوکە.
4. رەش مارۆ: رەشە و گوێی پانە و روخساری سپییە.
5. بەلە رەش مارۆ: روخساری سپییە و گوێی لوولە و جەستەی رەشە.
6. قوتە رەش مارۆ: رەشە و گوێی قوت و بچوکە و روخساری سپییە.

7. هوڵ: ڕەشە و گوێی پانە و ڕوخساری سوورە.
8. بەڵەهوڵ: ڕەشە و گوێی لولە و ڕوخساری سوورە.
9. قوتەهوڵ: ڕەشە و گوێی قوتە و ڕوخساری سوورە.
10. هوڵ مارۆ: ڕەشە و گوێی پانە و ڕوخساری سوور و سپییە.
11. بەڵە هوڵ مارۆ: ڕەشە و گوێی لولە و ڕوخساری سوور و سپییە.
12. قوتە هوڵ مارۆ: ڕەشە و گوێی قوتە و ڕوخساری سوور و سپییە.
13. پۆش: ڕەش و سپییە و گوێی پانە و ڕوخساری ڕەشە.
14. بەڵەپۆش: ڕەش و سپییە و گوێی لولە و ڕوخساری ڕەشە.
15. قوتە پۆش: ڕەش و سپییە و گوێی قوتە و ڕوخساری ڕەشە.
16. پۆش مارۆ: ڕەش و سپییە و گوێی پانە و ڕوخساری سپییە.
17. بەڵە پۆش مارۆ: ڕەش و سپییە و گوێی لولە و ڕوخساری سپییە.
18. قوتە پۆش مارۆ: ڕەش و سپییە و گوێی قوتە و ڕوخساری سپییە.
19. قەرە: ڕەشە و گوێی پانە و چوارپەلی سوورە.
20. بەڵە قەرە: ڕەشە و گوێی لولە و چوارپەلی سوورە.
21. قوتە قەرە: ڕەشە و گوێی قوتە و چوارپەلی سوورە.
22. قەرە مارۆ: ڕەشە و گوێی پانە و ڕوخساری سپییە و چوارپەلی سوورە.
23. بەڵە قەرە مارۆ: ڕەشە و گوێی لولە و ڕوخساری سپییە و چوارپەلی سوورە.
24. قوتە قەرە مارۆ: ڕەشە و گوێی قوتە و ڕوخساری سپییە و چوارپەلی سوورە.
25. قەرە هوڵ: ڕەشە و گوێی پانە و ڕوخسار و چوارپەلی سوورە.
26. بەڵە قەرە هوڵ: ڕەشە و گوێی لولە و ڕوخسار و چوارپەلی سوورە.
27. قوتە قەرە هوڵ: ڕەشە و گوێی قوتە و ڕوخسار و چوارپەلی سوورە.
28. قەرە هوڵ مارۆ: ڕەشە و گوێی پانە و ڕوخساری سوور و سپییە و چوارپەلی سوورە.

29. بەلە قەرە هوڵ مارۆ: رەشە و گوێی لولە و روخساری سوور و سپییە و چوارپەلی سوورە.
30. قوتە قەرە هوڵ مارۆ: رەشە و گوێی قوتە و روخساری سوور و سپییە و چوارپەلی سوورە.
31. قەرە پۆش: رەش و سپییە و گوێی پانە و چوارپەلی سوورە.
32. بەلە قەرە پۆش: رەش و سپییە و گوێی لولە و چوارپەلی سوورە.
33. قوتە قەرە پۆش: رەش و سپییە و گوێی قوتە و چوارپەلی سوورە.
34. سپی: هەموو جەستەی سپییە و گوێی پانە.
35. بەلە سپی: هەموو جەستەی سپییە و گوێی لولە.
36. قوتە سپی: هەموو جەستەی سپییە و گوێی قوتە.
37. شین، کەوەیی: هەموو جەستەی خۆڵەمێشییە و گوێی پانە.
38. بەلە شین: هەموو جەستەی خۆڵەمێشییە و گوێی لولە.
39. قوتە شین: هەموو جەستەی خۆڵەمێشییە و گوێی قوتە.
40. کەڕی رەش: رەشە و گوێی بچوکە.
41. رەش گۆردو: بەرمل و دەوروبەری کلکی مووی خاکیی پێوەیە.
42. هەمس: زەرد و سوورە و گوێی پانە.
43. بەلە هەمس: زەرد و سوورە و گوێی لولە.
44. قوتە هەمس: زەرد و سوورە و گوێی قوتە.
45. کەڕی هەمسی: زەرد و سوورە و گوێی بچوکە.
46. هەمس مارۆ: زەرد و سوورە و گوێی بچوکە و روخساری سپییە.

## چۆنیەتی ناسینەوەی رەشەوڵاخ

1. زەرد: هەموو جەستەی زەردە.
2. سوور: هەموو جەستەی سوورە.
3. رەش: هەموو جەستەی رەشە.
4. سپی: هەموو جەستەی سپییە.
5. شین، کەوەیی: هەموو جەستەی خۆڵەمێشییە.
6. بۆرە، تاڵە: هەموو جەستەی بۆرە.
7. زەرد خورمایی: هەموو جەستەی زەردێکی مەیلەو خورماییە.
8. زەرد تاڵە: هەموو جەستەی زەردێکی تەڵخ باوە.
9. زەرد بۆر: هەموو جەستەی زەردێکی مەیلەو بۆرە.
10. زەرد مارۆ: جەستەی زەردە و روخساری سپییە.
11. رەش مارۆ: جەستەی رەشە و روخساری سپییە.
12. سوور مارۆ: جەستەی سوورە و روخساری سپییە.
13. شین مارۆ: جەستەی کەوەییە و روخساری سپییە.
14. بۆر مارۆ: جەستەی بۆرە و روخساری سپییە.
15. زەرد بازوو: زەرد و سپییە.
16. رەش بازوو: رەش و سپییە.
17. سوور بازوو: سوور و سپییە.
18. شین بازوو: کەوەیی و سپییە.
19. بۆر بازوو: سپی و بۆرە.

## شێوەی جووتبوون

- مەڕ: دێتە بەران و بە پێنج مانگ دەزێ و هەندێکیان لە ساڵێکدا دووجارەی دەکەنەوە.
- بزن: دێتە تەگە، بە پێنج مانگ دەزێ و تەنیا یەك جار لە ساڵێکد تەگە دەگرێت.
- مانگا: دێتە کەڵ و بە نۆ مانگ دەزێ.

**تێبینی:** بەگوێرەی ئەو خێڵانەی کە هەر مەڕ و ماڵات بەخێودەکەن و گەرمیان و کوێستان دەکەن و بەدوای لەوەڕدا دەگەڕێن، زاوزێ لەسەر هەوارەماڵە. واتە لەکوێ هەواری هەمیشەی هەڵدەدەن، ئاژەڵ دەبێت لەوێ بزێ.

- مەڕ: بەرخی دەبێت، دواى ساڵێك دەبێتە کاوڕ، دواى ساڵێك دەبێتە شەك، دواى ساڵێك دەبێتە مەڕ، یان شەك مەڕ.
- بەران: بەرخ دواى ساڵێك دەبێتە کاوڕ، دواى ساڵێك دەبێتە شەك، دواى ساڵێك دەبێتە بەختە، دواى ساڵێك دەبێتە بەران.

**تێبینی:**

1. مەڕ پێش بزن دەزێت. ئەوانەی دەزێن جیادەکرێنەوە، کە لە کەژ گەڕانەوە، جۆ دەدرێن، تا شیریان تێبێت و بەرخەکانیان زوو قەڵەو بن.

2. هەندێ خاوەنداری بەتوانا بەرخ دادەبەستن و ناهێڵن گیای بەهار بخۆن، خۆیان لە ماڵەوە جۆیان دەدەن و خزمەتیان دەکەن، بەم پێیە لە کۆتایی ساڵدا، لە قەڵەویدا هاوشانی دایکیان دەکەن.

3. لەلایەکی ترەوە، بەرخ زووتر لە دایکی دەکرێت، بۆئەوەی دایکەکەی زووتر بێتەوە بەران.

4. ئەو خاوەندارانەی خەریکی بازرگانین بە مەڕ و ماڵاتەوە، تەنیا بەیانیان شیر دەدۆشن، ئیدی کار و بەرخ سارەما دەکەن، تا زووتر پێبگەن.

5. بەگوێرەی بزنەوە لە مانگی ڕەشەمێدا بەزۆری زاوزێ دەکەن، هەرچەندە هەندێ خاوەندار زووتر سابرێن تێبەردەدات، تا زوو بزێ و کارە کۆرپەکەی هەراش ببێ و لە غەم بڕەخسێت.

- بزن: کاری دەبێ و دوای ساڵێك دەبێتە گیسك، دوای ساڵێك دەبێتە چتر، دوای ساڵێك دەبێتە بزن، یان چتر بزن.
- سابرێن: کار، دوای ساڵێك دەبێتە گیسك، دوای ساڵێك دەبێتە چتر، دوای ساڵێك دەبێتە خرت، دوای ساڵێك دەبێتە سابرێن.
- مانگا: گوێرەکەی دەبێت و دوای ساڵێك دەبێتە کەنۆ، دوای ساڵێك دەبێتە پارێن، دوای ساڵێك دەبێتە نێون، دوای ساڵێك دەبێتە مانگا.
- گا: گوێرەکە دوای ساڵێك دەبێتە کەنۆ، دوای ساڵێك دەبێتە پارێن، دوای ساڵێك دەبێتە نەوەن، دوای ساڵێك دەبێتە گا.

## بەروبوومی ئاژەڵ

جگە لە بازرگانیکردن و کڕین و فرۆشتن و ئاڵوویرپیکردنی ئاژەڵ، لە زۆر رووی ترەوە کەڵکی گرنگی هەیە و لە چەند بواریکی ژیاندا رۆڵ دەگیڕێ.

ئاژەڵ بەروبوومیکی زۆری هەیە، کە زیاتر چڕدەبێتەوە لە شیر و سپیایی و بەرهەمەکانی پێستە و خوری و مووەکەی، کە ئەمانە هەر یەکەیان بەگوێرەی خۆیەوە لای نەتەوەی کورد و بەپێی سەلیقە و بیری وردی، توانیوێتی لەزۆر باری ژیانی رۆژانە و پیشەییدا کەڵکی لــێ وەربگرێت.

## بەرهەمی شیر

رۆژانە و بەپێی کات و وەرزەکان، کەیبانۆی ماڵ، مەڕ و بزن، یان مانگا دەدۆشێت و پاشان شیرەکەی دەپاڵێوێت. ئەو بەشەی بە شیری دەخورێتەوە، دەبێ بیکوڵێنن، هەروەها ئەو بەشەشی دادەنرێت بۆ ماستی بەرچایی خێزان، بەهەمان شێوە دەبێ بە تەواوی بیکوڵێنن.

**ماست دروستکردن**: دوای ئەوەی شیرەکە کوڵێنرا، ئیدی لێیدەگەڕێن تا سارد دەبێتەوە، پاشان بەگوێرەی بڕی شیرەکە هەوێنی تێدەکرێت و سەری دەفرەکە دادەپۆشرێ و بە شتێك دایدەپۆشن و لێیدەگەڕێن تا دەمەیەت. بەزۆری ماست لە ئێواراندا دەمەیەنرێت و بەیانیان بەکاردێ بۆ بەرچایی خێزان و میوان.

بەگوێرەی ئەو گوندانەی نزیکە بازاڕ و شارەکانن، ئەو ماستەی لە قوتی خۆیان زیادە، بە دەفری تایبەتی دەبرێت بۆ فرۆشتن و بە رێکوپێکی دادەپۆشرێت و هەندێ گیا، یان

پووش دەنرێتە سەر دەفرەکە و بە بەنێکی هۆنراوە دەپێچرێتەوە بۆئەوەی ماستەکە نەشلەقێ و ئاو نەداتەوە.

زۆر جار شیر زیاتر دەکولێنرێ و کەمێکی بە بنی دەفرەکەوە دەسووتێت، ئەو شیرە ماستەکەی بۆکز دەردەچێت، ئەوە زیاتر ئارەزوومەندانی ئەو جۆرە ماستە دەیکەن بە ماستاو. هەروەها ماستێك درەنگتر سەری هەڵبدرێتەوە و هەوێنی زیاتر تێکرابێت، ماستەکەی ترش دەردەچێت و زیاتر بۆ ماستاو بەکاردەهێنرێت و کەمێك خوێی تێدەکرێت.

بەگوێرەی ماستی شیرینەوە، کە بەزۆری بۆ بەرچایی و نان و ماست بەکاردەهێنرێت، کەمتر دەکولێنرێت و زووتریش سەری هەڵدەدرێتەوە.

ئەو بەشە شیرەی ئامادەکراوە بۆئەوەی بمەیەنرێت بۆ ژەندن، دەبێ بە ئاستەم گەرم بکرێت، واتە خاوەمێ دەکرێت، تا بەرهەمی چەورایی زۆربێت. ئیدی بە هەوێنێکی کەم دەمەیەنرێت و دادەپۆشرێت، بۆئەوەی نەترشێت و ماست و کەرێکەی پوخت و خاوێن بێت.

کەیبانۆی ماڵ بەیانیان بە فێنکی ئەو ماستەی کە ئامادەکراوە بۆ ژەندن دەیکاتە مەشکەوە و نیوەی بڕی ماستەکە ئاوی تێدەکات، بەوەش دەوترێ "بەراو"، ئیدی دەستدەکرێت بە ژەندنی و لە مەشکە دەدرێت. دوای ئەوە، بەپێی کەم و زۆریی ماستەکە، ئاوی تێدەکرێت، ئەوەش بۆ کەف و کەرێیە. دیسان تاوێکی دی لە مەشکە دەدرێتەوە، خۆ ئەگەر دوای ئەم تاوەش، دۆ و کەرێی ناو مەشکەکە هەر گەرم بوو، ئەوا ئاوێکی تری تێدەکرێت، تا بەر هەڵبدات- واتە کەرێکەی کۆبێتەوە- پاشان رۆدەکرێتە ناو دەفرێکی گەورەوە و کەرێکەی لـێ جیادەکرێتەوە. ئەگەر چەورایی پێوە مابێ، ئەوا هەر لەناو دەفرەکەدا بەدارێك کە سەرێکی دوو پەلە و لە قەبارەی کلکە تەشیدایە، سەرە دوو پەلەکەی دەخرێتە ناو دۆکەوە و کلکی دارەکە لەنێو لەپی دەستەکاندا

بادەدرێت، ئەوەش لەجیاتی ئامێری ماستاوکردن. ئەگەر کەفیکرد و زۆر بوو، ئیدی سەرلەنوێ دەکرێتەوە ناو مەشکەکە و دەژەندرێتەوە، تا بەتەواوی بەر هەڵدەدات.

دوای ژەندنی مەشکە، دۆکە دەکرێتە نێو "دۆیانە"وە، ئەگەر لەوەش زیاتر بوو، بۆئەوەی بەفیڕۆ نەچێت، هەڵدەهێنرێت بە دۆوشکە. لەولاشەوە کەرێ کۆکراوەکە خوێدەکرێت، بۆئەوەی تامی کاڵ نەدات، پاشان دەکرێتە کوپەڵەی تایبەتیەوە، بەپێی بەرهەمی رۆژانە، کاتێ کوپەڵەکە پڕبوو، دواتر گەرمدەکرێت و دەپاڵێورێت، کە ساردبۆوە دەکرێتە هیزەوە. دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە نابێ بە گەرمی بکرێتە هیزەوە، چونکە هیزەکە رەقەڵ دەکات و رۆنەکەی ناخۆش دەبێت.

کەرێ لەکاتی گەرمکردندا توێژێکی سپی دەکات، ئەم توێژە گوڵمێ ئاوی لـێ دەپرژێنن و سەری دەنێنەوە، دوای ئەوەی سەرتوێژە سپییەکە بەهۆی گوڵمە ئاوەکەوە سەردەگرێت، بە کەوچکێکی دار دەگیرێت و دەیکەنە ئاوێکی ساردەوە و رۆنە پالآفتەکە لە دەفرێکی گەورەدا دادەنرێت، تا بەتەواوی سارد دەبێتەوە، ئیدی دەکرێتە هیزەوە.

**تێبینی:**

ئەو خاوەندارانەی کە هەر بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکن، تا گیا بەتەواوی کامڵ نەبێت، مەشکە ناژەنن، بەڵکو شیرەکە گشتی دەکرێت بە پەنیر و دەفرۆشرێت. کاتێ گیا کامڵ دەبێت، ئیدی دەستدەکرێت بە مەشکە ژەندن، چونکە لەم کاتانەدا شیر زیاتر خەستدەبێتەوە و بەرهەمی چەورایی زۆرترە، بەڵام لای خاوەندارە گچکەکان هەر لە سەرەتاوە مەشکە دەژەندرێت، بەتایبەتی لای ئەوانەی کە بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکن.

## دۆوشکە، کەشك:

دۆ لەسەر ئاگر هەڵدەهێنرێت و پاشان خوێی تێدەکرێت، ئیدی بەچەشنی هەویری نان هەڵدەشێلرێت، واتە دۆ خەستەکە دەشێلرێت، دوای ئەوە لەنێوانی پەنجەکاندا دەنرێتەوە و دەخرێتە سەر سەبەتە، یان تەیکەی نان و کەشکەکانی لەسەر هەڵدەخرێت بۆئەوەی وشکبێتەوە.

دوای وشکبوونەوە، ئەو کەسانەی ئالّوویری پێوەدەکەن، کەشکە گەورە ساغەکانی هەڵدەبژێرن بۆ فرۆشتن. هەروەها بەکاریش دێت بۆ دروستکردنی هەندێ خواردەمەنی وەك: کەشك و رۆن، دۆکەشك، خوماراشی و وردەکانیشی شەوانە دەکرێتە ناو کەمۆڵەیەك ئاوەوە، بۆ بەرچایی بەیانیانی خێزان.

## دۆینە:

دوای ئەوەی کە دۆ خۆشەویست دەبێت و دەبرێت بۆ سەرپەرێز و دیاری و باربووی پێوە دەکرێت، ئیدی دۆی دۆینە دادەنرێت.

بەپێی بەرهەمی ماڵاتی هەر ماڵێك، دۆی چەند رۆژێك کۆدەکرێتەوە و دەکرێتە تورەکەوە، تا خەست دەبێتەوە، پاشان ساوەر دەکوڵێنن، بۆ هەر یەك مەشکەی گاوەس دۆ، ربەیەك ساوەری تێدەکرێت.

**ساوەر**: گەنم دەکوڵێنرێت و هەڵیدەخەن، تا وشك دەبێتەوە، پاشان دەیبژێرن و دەکوترێ و بەهۆی دەستارەوە دەیهاڕن، ئیدی دەیبێژنەوە و ورد و درشتی لێك جیادەکرێتەوە.

لە زەویدا چاڵێکی گەورە هەڵدەکەنن، کە دوو ربە ساوەر و دوو مەشکەی گاوەس دۆ بگرێت، دەوروبەری چاڵەکە بە قوڕ سواغ دەدرێت، پاشان بە مایەی نان پێوەدان، ئاردی گەنم دەدرێ لە دەوری چاڵەکە، بەشێوەیەك کە قوڕەکە بشارێتەوە.

تەڕە دۆی ئەو ڕۆژە، کە ژەنراوە ئامادەدەکرێت. ئیدی ساوەر و دۆکە تێکەڵدەکرێت و بەپێی خۆی خوێی تێدەکرێت. تەڕە دۆکە بۆ ئاسانکاری هەڵشێلانە لەکاتی تێوەرداندا.

ئەو تێکەڵەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە چاڵەکەدا دەمێنێتەوە، تا بەتەواوی بگات. ئیدی ژاژ و قەڕەمی لە چەم بۆ دەهێننەوە و لەسەربانێك وەك فەرش رادەخرێت. کیژانی ئاوایی کۆدەبنەوە و دەستدەکرێت بە دۆینەنانەوە. دوای ئەوەی بە دەفری گەورە لە چاڵەکە دەریدەهێنن و دەیبەن بۆ سەربان. هەر کیژە و گونکێك لە قەوارەیەکی تایبەتیدا دەگرێ بە دەستیەوە و لەناو لەپی دەستیدا پانیدەکاتەوە. ئەم شێوە پانکردنەوەیە و دۆینە نانەوەیە جۆرە ئاوازێکی چەپڵە پێکدەهێنێت، بۆیە لە کوردەواریدا بەو ئاوازە دەوترێ چەپڵەی بێ گۆرانی. دوای دۆینە نانەوە، ئیدی لێیدەگەڕێن تا بەتەواوی وشك دەبێتەوە. ئەم جۆرە بەرهەمە زیاتر لە وەرزی زستاندا بۆ شەوچەرە چەند سەلکێك دەکرێتە ئاو، یان بەکاردێت بۆ دۆینە و رۆن.

## پەنیر:

شیری مەڕ، یان بزن، دوای دۆشین و هەر بە گەرمی گوانی ئاژەڵەکەوە، واتە نابێ ساردبێتەوە، هەوێنی تایبەتی پەنیری تێدەکرێت، ئەو هەوێنەش بەپێی بڕی شیرەکەیە، بۆ هەر سەتڵێك شیر، پەرداخێك هەوێنی تێدەکرێت. دوای ئەوەی دەمەیەت، ئیدی کەمێ خوێی تێدەکرێتەوە و دەخرێتە سەر ئاگری گڕ و بە کەوگیرێك تێکدەدرێت، تا ئاوەکەی جیادەبێتەوە. دوای ئەوە چیخێکی خاوێن رادەخرێت و بە کەوگیر سەلك، سەلك پەنیر بە رێکوپێکی لەسەر چیخەکە دادەنرێت بۆئەوەی ئاوەچۆڕبێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ماوەی دوو سەعات لەسەر چیخەکە بمێنێتەوە.

هەندێ خاوەندار لە پاشماوەکەی لۆرك دروستدەکات، خۆ ئەگەر نەیانەوێ لۆرك بکەن، ئەوا دوور لە شیری تر دەیڕێژن، چونکە ئەگەر نزیکی شیر بڕێژرێت لەوانەیە ئەو شیرە ببڕسکێنێت.

## هەوێنی پەنیر:

شیلاوگی ولاخ، ترش و خوێ دەکرێت، دوای وشککردنەوەی دەخرێتە ناو ماستەوە، تا تەڕدەبێتەوە. ئەمەش کاتێ دەکرێت، کە بیانەوێ هەوێن بگرنەوە. زاخ و تۆو بێستان- کالەك، توێکڵە پرتەقاڵ، سمڵ و مێخەك، ئاوی کەنگر، ترش و ماست تێکەڵدەکرێت، بەو کارەش شیرە بڕسکە دروستدەبێت، لەو کاتەی ئاوی کەنگرەکەی تێدەکرێت، کلۆیەك زاخی تر و هەندێ ئاوی دۆشکەی تێدەکرێت. هەموو ئەو شتانە دەکرێتە دەفرێکەوە و سەری دەنرێتەوە تا هەڵدێت. ئیدی لە برێك شیردا تاقیدەکرێتەوە، ئەگەر شیرەکەی مەیاند، ئەوا وەك هەوێنی پەنیر بەکاردێت.

## لۆرك:

ئەو ئاوەی لە پەنیر جیادەکرێتەوە، دیسانەوە دەخرێتەوە سەر ئاگر و دەکوڵێنرێتەوە، کەمۆڵەیەك شیری تری تێدەکرێت و ئیدی سەری دەنرێتەوە، تا هەڵدێت. دوای ئەوە دەکرێتە تورەکەوە، بۆئەوەی ئاوەچۆڕبێت. لۆرك ئەگەر بڕەکەی لە پێداویستی بەرچایی خێزان زیاتربوو، بازرگانیشی پێوە دەکرێت.

## دەڵەمە:

شیری مەڕ، یان بزن، بەهەمان گەرمیی گوانی ئاژەڵەکەوە، لە دەفرێکدا هەوێنی پەنیری تێدەکرێت، ئیدی لە شوێنێدا دادەنرێت تا دەمەیەت. لە شارەکاندا لە کەمۆڵەی بچووك بچووکدا دەمەیەنرێ و هەر لەو کەمۆڵە بچووکانەشدا دەفرۆشرێت. هەروەها بەپێی خواستی کڕیارەکە، دۆشاوی ترێ، یان شەکری بەسەردا دەکرێت.

## سوێرەکە :

پێستەیەکی پاك و خاوێن ئامادەدەکرێت، شیرێژ و خوێ و شمڵی تێدەکرێت، دوای دوو ڕۆژ دەبێتە سوێرەکە و بۆ بەرچایی بەکاردێت، یان دەفرۆشرێت.

## ساوەر و دۆ :

بۆ ماوەی یەك شەو، دۆ دەکەنە ناو تورەکەوە، دوای ئەوە بەپێی بڕی دۆکە ساوەری تێدەکرێت، لەم بارەدا لێیدەگەڕێن تا ساوەرەکە لە دۆکەدا دەخوسێت. ئەم خۆراکە زیاتر لە شەوچەرەدا بەکاردێت، یان بۆ کاتی برسێتی.

## فرۆ:

کاتێ مانگا دەزێت... یەکەم دۆشینی دوای زاوزێ جۆرە ژەکێکە، کە بەکاری خواردن نایەت و فڕێدەدرێت، بەڵام دۆشینی دووەم و سێیەم باشترە و کەمێ خوێی تێدەکرێت و دەکوڵێنرێت، پاش ئەوەی ساردبۆوە، ئاوەچۆڕدەکرێت و فرۆیەکی مەیلەو زەردە و بۆ بەرچایی بەکاردەهێنرێت.

## ئەو پیشەسازییانەی کەرەسەکانیان لە ئاژەڵەوە وەرگیراوە:

سەلیقەی وردی کوردەواری و پێداویستیی ژیان، بیر و ئەندێشەی مرۆڤی کوردی هەژاندووە و هەموو ئەو شتانەی، کە پێویست و گرنگ بووە بۆ ژیانی رۆژانە، لە سروشتەوە بەدەستی هێناوە.

هەرچەند ئەو پیشەسازیانە لە رواڵەتیشدا ساکارن، بەڵام گرنگییان لەوەدایە، کە داهێنراوێکی خۆماڵین و دوورن لە بیری جیا جیا و خواستراوەوە. بۆ ئەو مەبەستەش کورد هەوڵیداوە، کە بێ بەها، یان بە بەهایەکی کەم دروستیانبکات. ئیدی هەر لە سنووری سروشتەکەی خۆیدا بەدوای کەرەسەی بەرهەمهێناندا گەڕاوە. ئەوەش وایکردووە، کە لە ئاژەڵەوە زووربەی زۆری شتەکانی وەرگرتووە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی خودی ئاژەڵ. لەگەڵ ساکاری کەرەسەکانیشدا دوو خاڵی گرنگ رەچاودەکرێت: یەکەمیان: وەدەستهێنانی کەرەسەکانە بەبێ بەهایەکی ئەوتۆ، جگە لە بەهای کار. دووەمیشیان: هەر لەم کەرەسانەوە پەرە بە بەرهەمەکانی ئاژەڵ دەدرێت.

ئەگەر بە مێژووی ژیانی کوردەواریدا شۆڕبینەوە، جۆرەها کەرەسەی سادە و ساکار دەبینین، کە زادەی بیری مرۆڤی کوردن. هەرچەند لە رووی تەکنیکەوە سادەن، بەڵام لە رووی بەکاربردنەوە ئامێرێکی گران بەها و پێداویستییەکی زۆر گرنگن لە رووی ژیانەوە.

بەگشتی ئەو شتانەی کە لە ئاژەڵەوە وەرگیراون بۆ دروستکردنی هەندێ کەرەسە، دەتوانین بیانکەین بە دوو بەشەوە، ئەوانەش پێستە و خوری و مووە.

## • پێستە:

پێستەی ئاژەڵ، جگە لەوەی هەر بە خوری و مووەکەوە ئاڵوگۆڕی پێوەکراوە و لایەنێکی بازرگانی پڕکردۆتەوە، بەڵام لە رووی تری ژیانی پیشەییەوە کەڵکی گەیاندووە. هەندێ ئامێر و کەرەسەی بەرهەمهێنانی بەروبوومی سپیایی لـێ دروستکراوە، لەگەڵ زۆر پێداویستی تر، کە لە داوێنەوە لە هەریەکەیان دەدوێین.

### 1. کوننە- کونگە:

دوای سەربڕینی بزن، لەلای ملیەوە گۆشتەکەی بە پارچەکراوی دەردەهێنرێت. پاشان پێستەکە لە شوێنێکی گەرمدا دادەنرێت، دواتر مووەکەی لێدەکرێتەوە و پێستەکە بۆ ماوەی سێ رۆژ دەخرێتە ئاو و خوێوە. ئیدی دادەماڵرێت و دۆینە، یان پونگە و دۆ، یان کەشك و پونگەی بۆ ماوەی سێ رۆژ تێدەکرێت. دوای سێ رۆژەکە دیسانەوە پێستە دادەماڵرێتەوە و بە تیغێکی تیژ مووتاشدەکرێت. ئیدی بۆ ماوەی دوو رۆژی دی خوێدەکرێت، ئینجا گێڵ و خاو دەکرێت- واتە جەوت دەکوڵێنن تا دەبێتە دۆشاو و تێیدەکرێت، دوای ئەم کارەش بۆ ماوەی سێ، یان چوار رۆژ ئاوی تێدەکرێت و دیسانەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك جەوتاوی تێدەکرێتەوە. بەم کارەش دەوترێ دووبەنە کرا، واتە دوو جار جەوتاوی خواردەوە. دوای ئەمانە بە چاکی دەشۆردرێتەوە و بەکاریدەهێنن بۆ ئاوهێنان. هەروەها پڕدەکرێت لە ئاوی خواردنەوە و لەژێر ساباتدا لەسەر هەرزاڵەیەك دادەنرێت، کە بای شەوێ لێیبدا ئاوەکەی سارد دەبێت.

**تێبینی:** ئەو پێستەیەی پشکی هەبێت، بۆ کونگە بەکارنایەت، بەڵام دەتوانرێت مەشکەی لـێ دروسبکرێت. پشك بەهۆی هەنگەوە پەیدادەبێت، کە جۆرە کرمێکی تایبەتە و دەدات لە پێستی ئاژەڵ.

## 2. مەشکە:

دوای سەربڕینی مەڕ، لە ملەوە گۆشتەکەی دەردەهێنرێت، پاشان پێستەکە دەخەنە شوێنێکی گەرمەوە، ئیدی سپیدەکرێت و خوریەکەی لێدەکرێتەوە. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئارد و خوێی تێدەکرێت. دوای ئەوەی ئارد و خوێکە دامالرا، ئینجا بۆ ماوەی سێ ڕۆژی دی دۆ و پونگەی تێدەکرێت. ئەگەر پێستەکە، پێستەی ئاژەڵی نێر بوو، دەبێ لەگەڵ پونگەکەدا گیای بۆژانەی تێبکرێت، ئەمەش بۆ لەناوبردنی بۆنی پێستەکەیە. کە ئەو شتانەش دامالرا، ئیدی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تەنیا دۆی تێدەکرێت، کە دۆکە ڕۆکرا، مووتاشی دەکەن و بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تر خوێی تێدەکرێت. پاشان جەوت و سیچکە و گزگلی بۆ دەهاڕن و لە هەردوو دیوەوە پێوەی دەکرێ. واتە — تاڵ- ی دەکەن. بەم تاڵکردنەوە چوارقەد دەکرێ و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ سەنگ و بەردی دەنێن. دوای ئەوەش هەنگڵ و بانی دەدورنەوە و بە جۆ، یان گەنم، یان کزن دەئاخنرێتەوە، تا بەتەواوی هەڵدەئاوسێت. بەوەوە لێیدەگەڕێت تا وشکدەبێتەوە، دوای وشکبوونەوە، گەنم و جۆکە ڕۆدەکرێت و بە چەقۆیەك دەیکرێنن و بە تەنوربانێکدا، یان چێشتخانێکدا هەڵدەواسرێت بۆئەوەی دووکەڵ بخوات و قانگی دەدەن، تا کاتی بەکارهێنانی مەشکە.

**بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتنی بەم شێوەیەیە:**

سەرەتا دەخرێتە ئاوەوە، تا بەتەواوی نەرمدەبێتەوە، پاشان دەشۆردرێتەوە. دوو لۆرەلەپی لە داری بەردار بۆ دەتاشن، بۆیە دەڵێین داری بەردار، بۆئەوەی مەشکەکەش هەروەها بەرداربێت. ئەو دارەش بەزۆری لە داری بەڕو، گۆیژ، یان توو دروستدەکرێت. هەر دارە و دوو هەنگڵی بەرامبەر یەکی پێوە دەبەستن. لە ناوەڕاستی دوو دارەکەدا، هەر یەکە کونێکی تێدەکرێت بۆ تێهەڵکێشانی

"دۆژەنگە" کە هەردوو سەری زمانەی بۆ کراوە و دەکرێ بە کونەکانی دوو لۆرەلەپەکەدا.

سێ داری دوو مەتریی، لە کۆتایی جەمسەرێکەوە کوندەکرێت و هەرسێکیان بەهۆی بەنێکەوە لەو کونانەدا پێکەوە دەبەستنەوە و بەوەش سێ پایەك دادەمەزرێت. پاشان گوریسێك بە دوولۆنە بەم سێ پایەدا شۆڕدەکەنەوە و لەنێوانیاندا مەشکەکە بەهۆی دۆژەنگەکەوە بە دوولۆنەی گوریسەکەدا هەڵدەواسرێت. دوای ئەوەی دۆژەنگە لە لۆکانی گوریسەکە هەڵکێشرا، ئیدی زمانەکەی دەکرێت بە کونی لۆرەلەپەکاندا، بەم جۆرە مەشکە هەڵدەخرێت.

لە دەمی مەشکەوە ماست و ئاوی تێدەکرێت و دەمەکەی بە "دەرگابێن" دەبەسترێت. ئەگەر هەنگ لێیدابوو، دەبێ پشکی بۆ بکرێت، پشکیش لە دارێکی بچوك دەکرێت و بەگوێرەی گەورە و بچوکی کونەکان بەرولەی بۆ دەتاشن و تێدەکەن تا دۆی لێنەچێت.

### 3. مەشکەی گاوەس:

بۆ دروستکردنی مەشکەی گاوەس، پێستی ڕەشەوڵاخ بەکاردێت، بەتایبەتی نەوەن، یان نێون. گۆشتی وڵاخە سەربڕاوەکە لە دواوەی دەردەهێنن. مەنجەڵێکی گەورە ئاردە ساوەر دەکوڵێنن و ملە خوێناویەکەی پێستەکەی تێدا دەشۆنەوە. بەساوەرە کوڵاوەکە و خوێناوەکە دەوترێ "پەڵوڵە". ئیدی بڕی کیلۆیەك خوێی تێدەکرێت و بۆ ماوەی سێ، یان چوار ڕۆژ ئەو شتانە دەکرێتە ناو مەشکەکەوە و لەناو کادا دادەنرێت. دوای ئەوەی شتەکان ڕۆکران، بە تیغێکی تیژ مووتاشی دەکەن، کە دەبێ دوو سێ جار بکرێت، تا بەتەواوی پاکبێتەوە، ئیدی خوێ دەکرێت، لەگەڵ داماڵینی خوێکەشدا هەرچی وردە گۆشتێك بە پێستەکەوە مابێ لێیدەبێتەوە. پاشان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ "خۆردە"ی تێدەکرێت، کە بریتیە لە دۆ و پونگە. دوای ئەوەش بۆ سێ ڕۆژی تر دۆشاوی جەوتی

تێدەکرێت، ئینجا چوار قەد دەکرێ و سەنگ و بەردی دەنێن، بۆئەوەی ئاوەچۆڕ و وشك بێتەوە. چونکە ئەگەر بە تەڕی هەڵخرا، لێیدەکات بە خۆرە و تام و بۆنی مەشکەکە ناخۆش دەبێت، بەڵام پێش ئەوەی بەتەواوی وشك بێتەوە، هەنگڵەکانی دەدورن و بە گەنم، یان جۆ دەئاخنرێتەوە، تا کە وشك بووەوە، بە رێکی بوەستێت و چرچ و لۆچی تێدا نەبێت. هەروەها کە وشك دەبێتەوە، گەنم، یان جۆکە رۆدەکرێت و بە دەمەتیغێك دەتاشرێت و هەڵدەواسرێت بە تەنوربانێك، یان چێشتخانێکدا و قانگی دەدەن.

### 4. هیزە:

بۆ دروستکردنی هیزەی رۆن، پێستەی مەڕ، گیسك، کاوڕ و بەرخ بەکاردێت. دوای سەربڕینی ئاژەڵەکە، گۆشتەکەی لە ملەوە دەردەهێنرێت، ئەگەر ئاژەڵی سپی بوو، لە پێشدا پێستەکە بە خورییەکەوە دەشۆنەوە، دوای ئەوە دەڕنرێتەوە و بۆ ماوەی سێ رۆژ ئارد و خوێی تێدەکرێت، دوای ئەویش خۆردەی تێدەکرێت... واتە دۆینە. دوای ئەوەش دادەتاشرێت و تا سێ رۆژی دی کەشکی خوساو و پونگەی تێدەکرێت. کە ئەوەش رۆکرا، پاك دەشۆرێتەوە و تا سێ رۆژ، قاوت و ماستی تێدەکرێت، کە بریتیە لە هاڕاوەی جۆی برژاو، لەگەڵ ماستدا. هەروەها جەوتی بۆ دەکوڵێنن و ئاوەکەی بە روونی بۆ ماوەی سێ رۆژ تێدەکرێت. دوای ئەوەش — هاڵوێن- واتە دۆشاوی تووی تێدەکرێت. هیزەدروو دەکرێت، بە دوورینەوەی هەنگڵ و بانەکەی. دوای دوورینەوە، فوو دەدرێ و پەنگی پێ هەڵدەگرن، مەبەست لە پەنگ هەڵگرتن ئەوەیە، تا تام و بۆنی ئارد و خوێ و جەوت و ئەو شتانەی تێیکراوە نەمێنێت. دوو جار کەرێی بۆ دەتوێننەوە و بە دۆکەوە بۆ ماوەی سێ رۆژ تێیدەکرێت. دوای ئەوەش، سێ رۆژی تر هاڵوێنی تێدەکرێت. ئیدی لە کۆتاییدا دەبێ بە رێکوپێکی کەرێ تواوەکە و هاڵوێنەکەی لێبکرێتەوە. هیزە بەکاردێت بۆ هەڵگرتنی رۆنی پاڵافتە.

## 5. جەوەنە:

کاتێ کە مەشکە یان کونگە دەدڕێ و بەکاری تایبەتی خۆی نایەت، مرۆڤی کورد هەوڵ دەدات بەشە ساغەکەی بەکاربێنێت بۆ شتی تر. هەرچەند زۆرجار جووتیاری کورد بەتاقەت ئەو جۆرە کارانە دەکەن، بەڵام زیاتر پەنا دەبەنە بەر پینەدۆز بۆ دروستکردنی ئەو پێداویستیانەی لەو بەشە پێستەیە دەتوانرێت بکرێت. یەکێ لەو شتانەش جەوەنەیە.

ئەو بەشە مەشکەیە، یان کونگەیەی کە هێشتا بۆ بەکارهێنان دەشێت جەوەنەی لێ دروستدەکرێت، هەر چوار لایەکەی دەدورێتەوە، تەنیا لە گۆشەیەکی لای سەرەوە جێگای کونێکی بۆ دەهێڵنەوە بۆ ئاو تێکردن و رۆکردن. هەروەها قولفێکی لە خۆی بۆ دەکەن بۆ هەڵواسین.

جەوەنە بەکاردێت بۆ ئاو ساردکردن، لەبەرئەوەی سوکە دەستە، بۆیە دەبرێت بۆ سەر پەرێز، جووتکردن، داربڕین و درەوکردن. لە وەرزەکانی هاوین و پاییزدا بە کەپرێکا هەڵدەواسرێ، تا بای شەماڵ لێیبدات و ئاوەکەی سارد بکات. هەروەها شەوانەش پڕدەکرێت لە ئاو و دەبرێت بۆ سەربان، بۆ ئاو خواردنەوەی خێزان.

لە وەرزی زستاندا جەوەنە هەڵدەگیرێت بۆ هاوینی داهاتوو، هەروەها لە ساڵی داهاتوودا دەخرێتەوە ئاو، تا رەقەڵیەکەی نەمێنێت، ئەوسا بۆ ئاوی خواردنەوە بەکاردێتەوە.

- **خوری و موو:**

خوری و موو، وەك کاڵایەکی بازرگانی، هەر لە کۆنەوە لەگەڵ پەیدابوونی بیر و گەشەکردنی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا هاتۆتە کایەوە. هەروەها بە تێپەڕبوونی رۆژگاریش، بازرگانییەکی بەرفراوانی بۆ خاوەندارەکان سازکردووە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە تەنیا سەرقاڵی پەروەردەکردنی مەڕ و ماڵاتن.

بەگوێرەی مەڕەوە، لە مانگی جۆزەردانندا دەبڕێتەوە، واتە لەگەڵ جۆدرەودا. دوای بڕینەوەی مەڕەکە، خوریەکەی ناشۆرنەوە و تۆپەڵی دەکەن، بەم تۆپەڵە دەوترێ خوری، ئەم خورییە نرخ و بەهایەکی باشی هەیە، چونکە لە بازاڕەکانی دەرەوەدا دەفرۆشرێت، زیاتر بەهۆی سەرمایەدارانی شارەکانەوە، یان بەهۆی خودی میرییەوە ئاڵوویر دەکرێت.

بەگوێرەی خوری بەرخەوە، لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی کەمترە و تیسکی خوریەکەی وەك خوری مەڕ درێژ نییە، بۆیە کەم بەهاترە و زیاتر لە بازاڕی ناوخۆدا ئاڵوگۆڕی پێوەکراوە. هەروەها بەزۆری بۆ هەندێ کەرەسە و پیشەسازیی ساکاری دەستی بەکارهێنراوە، لەوانەش وەك لباد، فەرەنجی و کوڵەباڵ و ... هیتد.

**تێبینی:** بە تۆپەڵە خوری بەرخ دەوترێ بەرگن.

بزن لە مانگی خەرمانانندا دەبڕنەوە، واتە لە گەنم درەودا، چونکە بزن کەم چەورییە و سەرمابردەڵەیە و بەرگەی سەرما ناگرێت، بۆیە دوای مەڕ و کە هەوا خۆش بوو ئەوسا دەیبڕنەوە.

بەرهەمی مووی بزن لەبەراوردا لەگەڵ خوری مەڕدا کەمترە.

خوری و موو، جگە لەوەی راستەوخۆ بازرگانی پێوەکراوە... لە زۆر لایەنی تری ژیانەوە کەڵکی گەیاندووە، بەتایبەتی لە سازدان و بەرەوپێشبردنی ژیانی جووتیار و

گوندنشینەکان و خێڵە کۆچەرییەکان. لە سەردەمانی دێرین و تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا زۆر کەلێنی پڕکردۆتەوە و زۆر جۆر لە پێداویستیەکانی پێ دابینکراوە. ئەوەش بەهۆی بیر و سەلیقەی مرۆڤی کوردەوە، کە هەمیشە بەدوای کاڵاو پێداویستی ئەوتۆدا گەڕاوە، بە کەمترین بەها وەچنگی بهێنێت، یان با بڵێین تەنیا بەهای هێزی کاری تێدا بەکاربردووە. بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤی کورد بیریکردۆتەوە و لە خوری و موو، زۆر کەرەسە و کاڵای پێویستی ساکاری دروستکردووە، کە لە ژیانی پیشەیی و بۆ حەوانەوەی خۆی و خێزانی و تەنانەت بۆ خودی ئاژەڵەکانیشی بەکارهێناوە و جێگای زۆر کاڵای بەهاداری بۆ پڕکردۆتەوە.

بۆ پەیدابوونی بیر و سەلیقەی پیشەسازییە دەستیەکانی وەك رستن و چنین لای مرۆڤی کورد، زیاتر ئابووریە سروشتییەکە هاندەری گەشەکردن و برەوپێدانی بووە. چونکە جووتیاری کورد زیاتر پەیوەندی لەگەڵ سروشتدا بەهێزە و ئاڵوگۆڕی لەگەڵدا دەکەن... هەر بۆیە لەو رووەوە کەمتر روو لەیەك دەکەن. لەلایەکی تریشەوە جوگرافیای کوردستان بەگشتی و دابەشبوونی گوندەکان لە شوێنە سەخت و دژوار و جیاجیاکان و دوور لەیەك، ئەمانە وایانکردووە، کە هەر گوندە و پێداویستی ژیانی دانیشتوانەکەی خۆی دابینبکات، بێ ئەوەی رووی لەلای دی بکات بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی ئەو پێداویستیانە.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەم پیشەسازیە دەستکردانەی وەك رستن و چنین، تەنیا پێداویستی خێزان دابین دەکەن و بەس، واتە هێشتا نەبوونەتە کاڵا. وەك ئاشکرایە کاڵا دەبێت بەهای بەکارهێنان و بەهای گۆڕینەوەی دیاریکراوبێت، بەڵام پیشەسازیە دەستکردەکان تەنیا یەك رووی کاڵایان هەیە، کە ئەویش بەهای بەکارهێنانە و کەڵك گەیاندنی ئەو دروستکراوانەیە وەك کاڵایەك.

ئەو شتانەی لە سەردەمانی کۆن و بگرە لەم رۆژگارەشدا دروستکراون، بێ بەها، یان بە بەهایەکی کەم هێنراونەتە بەرهەم...بۆ نمونە فەرش و بەڕە، کە بە ئامێرێکی سادە و ساکاری تایبەتی وەك "تەون" و شارەزایی پسپۆڕی تایبەت، کە زیاتر دەستی کاری ژنان بووە سازیداوە. هەروەها جاجم- مەوج- پۆپەشمین، بەرماڵ و شاڵ بۆ رانك و چۆغە...هیتد، کە بە ئامێری جۆڵایی دروستکراون. لەگەڵ هەندێ کەرەسە و ئامێری بچوك و سادەتر، بەکارهێنراون لە دروستکردنی هەندێ شتومەکی تردا، کە لێرەدا شایانی باسکردن نیین، بەڵام هەوڵ دەدەین لەکاتی لێدوانمان لەو شتانە، باسیان لێوەبکەین... لەوانەش هەلاجی و لباد دروستکردن، کەپەنەك، تەپلە، کڵاو بۆرە، تەکەڵ توو- ژێر قەڵتاغ، فەرەنجی، کولەباڵ، کەڕەك و پەستەك، کە ئەمانە زیاتر لە بەرگن دروستکراون، واتە لە خوری بەرخ.

ئەو کاڵایانەی لە موو دروستکراون، هەروەها هەندێ کاڵا و کەلوپەلیش، لە دروستکردنیاندا پێویستیان بەوەیە، کە هەندێ موو تێکەڵی خورییەکە بکرێت. لەو شتانەش زیاتر وەك: دەوار، سەرجلی وڵاخ، هۆڕ، خورج، خوێدان، بەن سامۆتە، سەرکەللەی وڵاخ، دەستە رەشمە، کەفەڵپۆش، هەردوو جۆرەکەی کورتانی وڵاخ، پاڵوو، ژێر پاڵوو، سەرپاڵوو، گوریس، قەیاسە، کەژوو، تەنگە و سەرتەنگە، رەشکە، بەن بێشکە و دەسترازەی منداڵ.

# ئامێری تەونکردن

1. **کۆڵەکە:** دوو دار بەدرێژی دوو مەتر، لە داری بەڕوو ئامادەدەکرێت، کە دەبێ هەر یەکەیان لە سەرێکەوە دوو پەل بێت. لەماڵەوە، لە بەرهەیوان، یان ژوورێکی تایبەتیدا، شوێنێکی بۆ ئامادەدەکرێت و لە زەویدا بەرانبەر بە یەك دارەکان چەسپدەکرێت، کە ماوەی نێوانیان مەتر و نیوێکە.
2. **سەردار:** دارێکی بەڕو، بەدرێژایی مەتر و هەفتا 1.70 سانتیمەر دەخرێتە ناوپەلی کۆڵەکەکانەوە و بە باشی لە هەردوو سەرەوە دەبەسترێتەوە.
3. **ژێردار:**
4. **گورد:** دارێکی بی بەدرێژی مەتر و نیوێك دەتاشرێت.
5. **پشتەژۆ:** دارێکی بی بەدرێژی مەتر و نیوێك دەتاشرێت. پشتەژۆ بۆ ئەوەیە کە چنراوەکە بامێزی هەبێت.
6. **کەڵکیت:**

هەرچەندە ئەمڕۆ ئەم ئامێرە ساکارە زیاتر لە ئاسن دروستدەکرێت، بەڵام لە سەردەمانی پێشووتردا، کورد بە سەلیقەی خۆی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دروستیکردووە: دارێکی شەشپاڵوو، لە ناوەڕاستدا لەباری پانیدا دەکرێت بە دوو بەشەوە، لە سەرێکیانەوە بەشێوەی ددانی شانەی دار، (10) ددانی لە ریزی یەك بۆ دەکرێت. ئەو ددانانە لەباری پانی هەر یەکەیان دوو کونی لەسەر یەك تێکراوە. لەولاشەوە، (10) ددانی ئاسن ئامادەدەکرێت، کە درێژی هەریەکەیان (10) سانتیمەترە و هەریەکەیان لە جەمسەری خوارەوەی دوو کونی لەسەریەك تێدەکرێت، واتە لە جەمسەرە پانەکەیدا، سەرەکەی دی باریك کراوەتەوە. ئیدی هەر (10) ددانە ئاسنەکان دەخرێنە نێوان ددانە دارەکانەوە و کونەکانیان بەرانبەر یەکدی دادەنێن. بەڕولەیەکی ئاسن هەڵدەکێشرێت لە هەردوو لای کونەکان، بەو

شێوەیە ددانە ئاسنەکان لەنێوان ددانە دارەکاندا چەسپدەکرێن. دواتر بە پێچەوانەی ددانەکانەوە لە دیوەکەی تری دارە شەشپاڵووەکەدا، دەسکێکی بۆ دەکرێت و تێیدا توندد‌ەکرێت.

بێگومان لەبەرئەوەی کەڵکیت لە کاتی تەونکردندا هەمیشە لە کار و جوڵەدایە، بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە، کە ددانەکان بەجۆرێکی ئەوتۆ چەسپکرێت، تا کەمتر مەودای جوڵەی هەبێت. بۆ ئەو مەبەستە لە کۆندا "کێرە کەڵەگایان" بەکارهێناوە.

سەرەتا کێرە کەڵەگاکەیان وشککردۆتەوە، پاشان تاشیراوە و تەنیا ماسولکەکانیان پێوە هێشتۆتەوە. ئیدی خراوەتە ناو ئاوەوە، بۆئەوەی نەرمبێتەوە، کە تەواو نەرمبۆتەوە، لەباری درێژی دەخرێتە سەر ددانەکان و بە دارێکی دی پێیانداداوە تا بە ددانەکاندا بچێتە خوارەوە بۆ بنکەکەی و لەوێدا چەسپکراوە. کە تەواویش بوو، هەمیشە شەوانە خراوەتە ئاوەوە، بۆئەوەی بئاوسێت و بە رۆژدا لەکاتی کارکردندا درەنگتر وشکبێتەوە، کە دەبێتە هۆی لەقاندنی ددانەکان.

کەڵکیت ئامێرێکی سادە و ساکارە و بۆ کوتاندنی تەون بەکاردێت، کاتێ کە چینێك بەڕە، یان فەرش چنراوە، بەهۆی کەڵکیتەوە کوتراوە، تا سفت بێت.

- **بەڕە:**

دوای ئەوەی خوری و موو دەشۆردرێتەوە و پاکدەکرێتەوە و دەکرێتە دەستپێچك و لەسەر دەست هەڵدەکرێت، پاشان بەهۆی تەشییەوە دەیرێسن .

تەشی بریتیە لە ئامێرێکی سادە و ساکار و لەم سێ بەشە پێکهاتووە:

1. **کلکە تەشی:** بریتیە لە دارێکی باریك لە قەوارەی پێنوسدا، کە لە داوێنەوە باریك کراوەتەوە و درێژییەکەی (40 سم)ە.
2. **سەرە تەشی:** بریتیە لە دارێکی شێوە بازنەیی، کە ئەستورییەکەی 2-3 سم، درێژی تیرەکەی لە رووی سەرەوە (7 سم)ە و لە رووی ژێرەوە (5 سم)ە. لە چەقەکەیدا کونێکی تێدەکرێت، بۆئەوەی کلکە تەشی تێدا چەسپکرێت.
3. **قوڵفە تەشی:** بریتیە لە بزمارێك، کە دادەکوترێت بە کلکە تەشیدا، لەو جەمسەرەیدا کە کراوە بە کونی چەقی سەرە تەشییەکەدا... ئەم بزمارە 2-3 سم درێژە و لەو جەمسەرەوە کە بەدەرەوەیە دەیچەمێننەوە وەك دەمە قولاپێك.

**تێبینی:** تەشی بەپێی گەورە و بچوکی، پێوانەی پارچەکانی دەگۆڕێت.

ئەم ئامێرە بەکاردێت بۆ رستنی خوری و موو، کە وردە وردە لە دەستپێچکەوە خوری و مووە هەڵکراوەکە دەدرێت بەدەم تەشیەکەوە، کاتێ کە بەدرێژایی باڵێك، یان زیاتری درایە دەم، ئیدی ژنە تەشی رێسەکە بەلاڕانی پلکی لێدەدات و ئەو دەستەی دەستپێچکەکەی لەسەرە، بەرزیدەکاتەوە و دوور لەخۆی رایدەگرێت، ئیتر تەشی بادەخوات و ئەو باڵە خورییەی دراوەتە دەمی کرژدەبێت و ئەوسا لە بنی تەشییەکەدا لەسەر کلکە تەشی هەڵدەکرێت. دوای ئەوەی تەشییەکە پڕدەبێت، بەنە رێسراوەکە دەکرێتە گلۆڵە.

وەك ئاشکرایە بۆ دروستکردنی بەڕە یان فەرش پێویستمان بە چەند رەنگێکی جیاجیا هەیە، بۆیە ئەو گلۆڵانەی دەنێرێن بۆ رەنکردن، دەبێ دیسانەوە هەڵبکرێنەوە و کلافەی گەورە گەورەیان لێ دروستکرێت، چونکە بەو شێوەیە لای خومچی رەنگدەکرێت. بەڵام ئەو بەشەی بۆ تان، یان تەختەکەی دادەنرێت، پێویست بە رەنگکردن ناکات، چونکە دەرناکەوێت و دەکەوێتە ژێرەوە.

بۆ دروستکردنی بەڕە، لە سەرەتاوە تانەکان بەسەر سەردارەکەدا هەڵدەواسرێت... بۆ بەڕەیەکی ئاسایی (15) گەهە، هەر گەهەیەك چوار جووتە، دوای ئەوە لەسەر گوردەکە دەستدەکرێت بە چنین، لەگەڵ تەواوکردنی چوار پۆدا، دەبێ بە کەڵکیت بکوترێتەوە تا سفت بێت. بەپێی سەلیقە و وردەکاری ژنە تەونکەرەکە، نەخش و نیگاری تێدا دەچنرێت، بەتایبەتی لەشێوەی سینی و سەماوەر، پەلەوەر، دار و درەخت و ئەو شتانەی ئەندێشە و بیری تەونکەرەکە دەینەخشێنێت. ئەو شتانەش زیاتر بەهۆی ڕەنگەکانەوە لە تەختی بەڕەکەدا جیادەکرێتەوە و لەم نەخشکردنەدا هیچ جۆرە ئامرازێکی دی بەکارناهێنرێت. کە تەختەیەك تەواودەکرێت، ئیدی رایەڵەکان لە سەرەوە شلدەکرێنەوە و بەدیوی ئەودیوی تەونەکەدا بەردەدرێنەوە. درێژی تەختەیەك لە مەترێك زیاترە.

دوای ئەوە دەستدەکرێت بە چنینی تەختەیەکی دی. ئیدی بەپێی پێویست بە چەند تەختەیەك بەڕەیەك پێکدەهێنێت. لەکۆتاییدا تانەکان دەبڕن و جووت جووت دەدرێنەوە بە پۆی خۆیاندا، تا لە سەرەکەی ترەوە دایدەکوژێننەوە.

**تێبینی:**

- ژنی کارامە و چابوك، ئەگەر سەرقاڵی کاری تر نەبێت، لە ڕۆژێکدا (30 سم) دەچنێت.
- بۆ تان، دوولـۆ بادەدرێت بەیەکدا.
- پۆ، یەك لۆیە، کە خاوانە بادەدرێ بەیەکدا، تا نەرم و شل بێت و ڕەنگ باش بگرێت.
- بەڕە زیاتر بە خوری و موو دەکرێت، واتە خوری و موو تێکەڵدەکرێت.
- کاتێ کە مووی تێدەکرێت، دەبێ دوولۆ بکرێتەوە بەیەکدا، واتە هاولۆ دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر هەر خوری بێت، ئەوا یەك لۆیە و پێویست ناکات دوولۆنە بکرێتەوە.

## • فەرش:

هەرچەندە، لەم ناوچەیەدا فەرش دروستکردن پیشەیەکی بەرفراوان نییە، بەڵام لە زۆر کۆنەوە کورد بە سەلیقەی وردی خۆی توانای هەبووە لەو پیشەیەدا و لە ئاستێکی تایبەتیدا کەم تا زۆر فەرش دروستکراوە.

دروستکردنی فەرش بۆ بازرگانی نەبووە و لە قەوارەشدا زۆر گەورە نەبوون، لە بەراوردا بە فەرشی ئێرانی، بەهەرحاڵ، ئەوەندەی لێرەدا پێویستە باسی لێوە دەکەین و لەبارەیەوە دەدوێین:

بۆ فەرشێکی قەوارە 1.20 مەتر پانی بە سێ مەتر درێژی بەم جۆرەیە:

لەسەر هەمان ئامێری تەونکردن دروستدەکرێت. ئەگەر دەزوو، یان بەنەکە ئەستوور بوو، تانەکانی (20) گەهەیە، بەڵام ئەگەر باریك بوو، ئەوا (25) گەهەیە. هەر گەهەیەکیش (4) جووتە، تەختی فەرشەکە هەر رەنگێك بێت، دەبێ لەو رەنگە 15-20 گلۆڵە دەزوو یان بەن ئامادەبکرێت. بۆ پەراوێزەکەشی شەش گلۆڵەیە. ئەگەر تەختەکەی سوور بێت، دەبێ پەراوێزەکەی رەش بێت. رایەڵە- تانەکان سپییە و پۆکانیش رەشە، کە پۆی یەکەم کرا، دەبێ توند و سفت بێت، بەڵام پۆی دووەم بە شلیی دادەنرێت و دەبێ تەواو بکوترێت.

میتەکە لە دوو دەنك، لە گەهەیەکدا هەڵدەپێچرێت و بەدرێژی دوو سانتیمەتر بە چەقۆیەك دەیبڕن. جۆری نەخشەکان: سینی، سەماوەر، قولاپی، حەوز و فوارە، سنەوبەر، هەروەها جۆرەکانی ئاژەڵە کێویەکان. بۆ پەراوێزیش زیاتر شەمامە، پەپوولە دەنەخشێنرێت و شێوازەکەی بە دەزوو دەچنرێت. بۆ ریشووەکانیش، سێ تاڵ لە تانەکان دەدەنەوە بەلۆی یەکدا.

# جۆلایی

جۆلایی لەم دەڤەرەدا پیشەیەکی تایبەتیە و بۆ چنینی هەندێ کەلوپەلی تایبەتی بەکاردێت، لەوانەش وەك: جاجم- مەوج، پۆپەشمین، بەرماڵ و هەروەها شاڵی رانکوچۆغە. ئەم دەزگایە هەر لە کۆنەوە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بەکارهاتووە، کە زیاتر زادەی بیر و سەلیقەی کورد وەدیی هێناوە... بۆ دروستکردن و دامەزراندنیشی کەڵکی لە شتە سروشتیەکان وەرگرتووە، وەك دار و هەندێ کەرەسەی دی، کە بە ئاسانی لە دەوروبەری خۆیدا چنگی کەوتووە. ئەم دەزگایە جیاوازی لەگەڵ تەوندا تەنیا لەو رووەوە هەیە، کە جۆلاییی لە کۆنەوە وەك پیشەیەکی سەربەخۆ جیابۆتەوە و جۆلا تەنیا کارێك کە کردوویەتی جۆلایی بووە و هیچ کارێکی دی نەبووە.

سەرەتا با بزانین دەزگای جۆلایی چۆن دروستکراوە و کەرەسەکانی لە چی پێکهاتووە:

- **پێچاڵ**: کە بریتیە لە دوو جۆر...
  - پێچاڵی لادار: کە بە ئامێری جۆلاییەکەوە نوساوە و لەژێرەوە پێ و لاقی جۆلاکە دیاربووە.
  - پێچاڵی خشت و قوڕ: یان بەرد و قوڕ، یان زەوی بۆ چاڵکراوە، کە قووڵیەکەی لە ئەژنۆوە تا پێکانە.
- **پردەڵە**: بریتیە لە چوار دار و هەریەکەیان لە گۆشەیەکی پێچاڵەکەدا وەك کۆڵەکە چەسپکراوە، کە بە پێوانەی 20سانتیمەترە لە دیواری پێچاڵەکەوە بەرزبوونەتەوە، دووانی بەرانبەر یەك لە پێشەوەی پێچاڵەکەدا زمانەیان بۆ کراوە، دووانەکەی دواوەش دوو لقن، هەر چوار دارەکە لە داری بەڕوو تاشراون.
- **دارگل**: بریتیە لە دارێکی شێوە شەشپاڵوو بەدرێژایی 1.20 مەتر، کە لە داری گوێز تاشراوە. لە هەردوو سەرەوە بەدرێژای 10سانتیمەتر خڕکراوەتەوە و خراوەتە سەر دوو چەڵەمەکە، واتە دوو کۆڵەکە دوو لقەکەی بەشی دواوەی

پێچاڵەکە. لەدوای ئەو 10سانتیمەتر خڕکراوەوە دارگل لە لایەکی شەشپاڵووەکەدا بەدرێژایی یەك مەتر هەڵکۆڵراوە و پارچە ئاسنێکی لوولەیی تێدا چەسپکراوە، کە پێی دەوترێ "بەرگیر". کاری ئەم پارچە ئاسنە ئەوەیە کە کاتێ دەستدەکرێت بە چنینی بەرماڵ یان جاجم، ئەو بەشە چنراوە لەبەردەمی جۆڵاکەدا دەبەسترێ لە دارگل و بەرگیر، ئیدی بەرەبەرە چەندە چنرا لەسەری هەڵدەکرێت، ئەوەش بۆئەوەی خاونەبێتەوە و هەمیشە بە سفتی رابووەستێت.

لە جەمسەری لای دەستی راستی جۆلاوە، دارگل کونکراوە و ئاسنێکی تێکراوە و لەناو پێچاڵەکەدا توندکراوە، کە بەکاردێت بۆ هەڵپێچانی چنراوەکە.

- **مەتیتە:** لە داری گوێز دەتاشرێت و بەشێوەی گیرە دروستکراوە و لە دوو پارچە پێکهاتووە، کە پارچەیەکیان لەباری درێژی دەخرێتە ناو پارچەکەی ترەوە و مەودای ئەوەی تێدایە کە درێژ و کورت بکرێت.

کاری مەتیتە لە جۆلاییدا ئەوەیە کە ناهێڵێت بەری چنراوەکە تەسکبێتەوە. ئەوەش بەهۆی دوو بزمارەوە لە چنراوەکە گیردەکرێت، کە لە هەردوو جەمسەرەکەیەوە پێیدا داکوتراوە.

- **دەفە:** بریتیە لە داری گوێز و بەدرێژایی یەك مەتر تاشراوە، لە ناوەڕاستدا جێ دەسکی تێدا دروستکراوە و لە هەردوو سەرەوە پاندەبێتەوە.
- **ژێردەفە:** ئەمیش دیسانەوە لە داری گوێز تاشراوە و درێژیەکەی یەك مەترەیە. لەباری پانی لەبەشی سەرەوە چاڵکراوە بۆ چەسپکردنی ددانەکان.
- **ددانەکان:** ددانی جۆلایی لە قامیش و ژاژ دروستدەکرێت. واتە ئەوەی لەجیاتی کەڵکیت بۆ کوتاندنی چنراوەکە بەکاردێت لە قامیشە، ژاژەکەش لە هەردوو سەرەوە ددانەکانی پێ راگیردەکرێت.

ددانی شەش پێ یەکسانە بە 120 جووت، چوار پێ 80 جووتە، پێنج پێ 100 جووتە، 3.5 پێ 70 جووتە، سێ پێ 60 جووتە، واتە پێیەك یەکسانە بە 20 جووت.

ددانەکان لە هەردوو جەمسەرەکەوە لە ژاژ هەڵدەکێشرێت و بە رێك و سفتی بەهۆی بەنەوە هەڵدەپێچرێت بۆئەوەی شل نەبێتەوە. لەم سەر و ئەو سەری باری درێژی بە دوو پارچە دار بەریان لێدەگیرێت، تا بڵاونەبنەوە و لار و خوار نەبن. بەو دوو پارچە دارەش دەوترێ "شوانە". ئیدی ددانە قامیشەکان لەنێوانی ژاژ و شوانەدا قایمکراون و لەنێوانی دەفە و ژێردەفەدا چەسپدەکرێن.

- **لادار:** دوو دار بەدرێژی مەتر و نیوێك لە گوێز دەتاشرێت، نیو مەتری بەشێوەی زمانە رێکدەخرێت و دەکرێت بەناو جێ زمانەی هەردوو جەمسەرەکانی دەفە و ژێردەفەدا و پێکەوە دەیانبەستێتەوە.
- **سەری سەردەفە:** بریتیە لە داری گوێز بەدرێژی مەتر و نیوێك، سەرێکی بەستراوە بە چوارچێوەی پێچاڵەوە، سەرەکەی تری لادارەکانی پێوە چەسپدەکرێت، بەتایبەتی ئەو لایەی پێچەوانەی لادارەکانە.
- **گورد:** بریتیە لە دوو داری یەك مەتری لە قەوارەی پەنجەیەکدا و لە داری شیلان تاشراوە، کە لەسەر هەریەکێ لەو دارانە 60 جووت دەزوو دەکرێت بە قوڵفە، درێژی هەر قوڵفەیەك 8-10 سانتیمەترە، قوڵفەی هەردوو دارەکە دەکرێن بەیەکدا... بۆ هەر بەرماڵێك چوار گورد دادەنرێت، کە بەهۆی کشتەکێکەوە بە چوار خولخولۆکەدا بە چۆلەکەدا هەڵواسراون. چۆلەکە بریتیە لە دارێك، کە لە شێوە و قەوارەی چۆلەکەدایە، ئەمیش هەڵواسراوە بەسەر دارێکدا لە نزیك سەردەفەوە.
- **پاشوارە:** بریتیە لە چوار داری رێك بەدرێژی 40سانتیمەتر و پانی 10سانتیمەتر، هەر چواریان بەستراون بە گوردەوە و شۆڕبوونەتەوە بەناو

پێچاڵەکەدا. جەمسەرەکانی بە بەن بەستراون بە گوردەکەوە، لە ناوەڕاستیشدا بە قایشێکی پان بە پاتەتەکانەوە- پێتەتە بەستراوە.

- **پێتەتە- پاتەتە:** لە پارچەیەك داری گوێز دەتاشرێت و بە قەوارەی پێی مرۆڤە. بە بێشکەکەوە دەبەسترێت و لەناو پێچاڵدا بە قاچی جۆڵا کاردەکات و سەنگ و سوکی و بەرز و نزمیی جۆلایی پێدەکرێت.
- **سەرپردەڵە:** بریتیە لە دارێکی یەك مەتری و لە هەردوو جەمسەرەکەیەوە جێگای زمانەی بۆ کونکراوە و دەکرێت بە دوو پردەڵەی پێشەوەی پێچاڵەکەدا. ئیدی رایەڵەی چنراوەکانی پێدا شۆڕدەکرێتەوە بۆ بەردەمی پێچاڵەکە.
- **ژێرپردەڵە- چەڵەمەی زەوی:** بریتیە لە دارێك، کە بە دوو کۆڵەکە لەبەردەمی پێچاڵەکەدا لە زەویدا چەسپدەکرێت و ئەو رایەڵانەی لەسەرپردەڵەوە شۆڕبوونەتەوە، دەکرێن بە ژێرپردەڵەدا و جەمسەری رایەڵەکان لە گوریسێك دەبەسترێت و بەرزدەکرێتەوە بۆ چەڵەمەیەك کە لە بنمیچی شوێنی جۆلاییەکەدا توندکراوە، لەوێشەوە دەبرێت بۆ چەڵەمەیەکی دی، کە لە ئاستی سەری جۆلادا شۆڕدەبێتەوە بۆلای دەستی چەپی و دەکرێت بە کەمەیەکدا، کە لەسەر سەکۆی پێچاڵەکە چەسپکراوە.

گوریسەکە شل و توندیی چنراوەکانی پێدەکرێت. واتە ئەو بەشەی دەچنرێت، لەسەر دارگل هەڵدەکرێت، دەبێ بە پێوانەی ئەوەش گوریسەکەی بۆ شل بکرێتەوە و رایەڵەکان بێنە بەرەوە، تا کاری چنین بەردەوام بێت.

- **مەکۆ:** بریتیە لە دارێکی شێوە هێلکەیی و درێژکۆلە، ناوەڕاستەکەی هەڵکۆڵراوە و لەناو چاڵییەکەدا لە هەردوو جەمسەرەکەیەوە دوو کۆنی تێکراوە، ئەو کونەش شوژنی تێدەکرێت، شوژنەکەش دەکرێت بە لوولە قامیشێکدا تا بە ئاسانی تێیدا بخولێتەوە. هەر لولە قامیشێك رەنگێکی جیاوازی لەسەر هەڵدەکرێت. بۆ نمونە هەرکاتێ ویستیان بە بەنی رەنگ سوور

کاربکەن، گولۆڵەیەك کە لەسەر قامیش هەڵکراوە، دەیکەن بە شوژنی ناو مەکۆکەدا، کاری مەکۆش پۆ رایەڵەکردنە لەنێوانی تانەکاندا، بۆ ئاسانکاری کارەکەش چونکە جۆلایی چەند رەنگ و نەخش و نیگاری تێدا بەکاردێت، بۆیە چەند مەکۆیەك، هەر یەکەی بە رەنگێکی جیاواز ئامادەدەکرێت.

- **خەڕەك- دۆخ:** بریتیە لە ئامێرێکی سادە و ساکار و بەکاردێت بۆ هەڵکردنەوەی گولۆڵەکان لەسەر لولە قامیشەکان. ئەم ئامێرە پێکهاتووە لە کەمەی بێژنگ و قایشێکی پان و هەروەها دەسکێك لە شێوەی رەوڕەوەدا، کە بەهۆیەوە بادەدرێت. کاتێ قایشەکە دەکرێت بە چواردەوری کەمەکەدا، ئیدی دەبرێت بۆ ئەوسەر و لەوێش دەخرێتە لولەیەکەوە. لەو لولەیەشدا جێگای توندکردنی لولە قامیشەکانی تێدا کراوە. کە ویستیان بەن هەڵکەنە سەر لولە قامیشەکان، ئەوا لەسەر زەویەکە دادەنیشن و بە قاچێك رەوڕەوەکە دەگرن و بە دەستی راست دەسکی کەمەکە بادەدەن و بە دەستی چەپیش بەن دەدەن بەدەم لولە قامیشەکەوە و گولۆڵەی لەسەر هەڵدەکەن.

## چۆنیەتی دروستکردنی بەرماڵ و پۆپەشمین و مەوج:

1. **بەرماڵ:** هەر بەرماڵێك پێوانەی شەش پێیە و 120 جووت داوە. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەم داوانە هەمان ژمارە هەمیشە لە ددانەکان هەڵکێشراون و کراون بە گوردەکەدا. بۆئەوەی ئەم کارە گرانە، کە دەبێتە هۆی ماندوبوون و سەرقاڵکردنی جۆلا دووبارە نەبێتەوە، بۆیە کە ویستیان بەرماڵێك دروستبکەن، ئیدی بە درێژایی ئەو بەرماڵەی دەیەوێت، 120 رایەڵەی تر دەبەستێت لەو 120 رایەڵەیەی ناو گورد و ددانەکان و رایدەکێشن بۆسەر دارگل و لەم سەرەوە دەیکەن بەژێر پردەڵەدا. ئیدی دەبەسترێت لە

گوریسەکە و بە شوێنەکانی خۆیدا دەیبەن و لە کەمەدا دەبەسترێت و پاشان جۆلا لەبەردەمی خۆیەوە دەستدەکات بە کارکردن و چنین.

بەرماڵ بریتیە لە دوو تەختە چنراو، درێژی هەر تەختەیەك یەك مەترەیە، بەڵام لە سەرەتادا بە یەك تەختەی دوو مەتری تەواودەکرێت، دوایی دەیبڕن و هەڵدەدورێت و دەیدەنەوە دەم یەك.

بەرماڵ چەند نەخشێکی باوی تێدا دەنەخشێنن، لەوانە کەشکۆڵ، کە سیان یان دووانە، هەروەها نەخشی منارەیی، کە لە ناوەڕاستی بەرماڵەکەدا رەنگی سپییە و لە سەرەکانیەوە شێوە قوچەکیەکی تێدا دەنەخشێنن.

2. **مەوج– جاجم:**

دوو جۆر جاجم هەیە، کە معرابی و سادەیە.

نەخشەکانیش پەلەوەر و پەپوولە و پەنجەی تێدا دەنەخشێنرێت. مەوج بریتیە لە چوار تەختەی دوو مەتری و بەری هەر تەختەیەك 40 سانتیمەتر پانە.

3. **پۆپەشمین:**

پۆپەشمینیش چوار تەختەی دوو مەتریە و پانیەکەی 40 سانتیمەترە، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ جاجمدا تەنیا ئەوەندەیە، کە سفت نیە و بە توندی ناکوترێت، تا نەرم و شل دەرچێت. بەگوێرەی نەخشەکانیشەوە زیاتر چوارگۆشەییە و دوو رەنگی جیایە.

- **گوریس:**

دوای ئەوەی مەڕ و بزن دەبڕنەوە، خوری و مووەکە بەجیا هەر یەکەیان دەکرێتە گونیەوە و هەڵدەگیرێت بۆ کاتی دەست بەتاڵی و کەم سەرقاڵی.

مووەکە دوای شۆردنەوەی ئیدی شیدەکرێتەوە. پاشان دەکرێت بە دەستپێچك- پار- وێڵە، وردە وردە دەیڕێسن و بەهۆی تەشییەوە دەکرێت بە خاوکان. دوولۆنە دەکرێتەوە و بەیەکدا بایدەدەن و دەبێتە بەن. ئەم بەنەش لەسەرخۆی هەڵدەکرێت و گولۆڵەی لـێ دروستدەکەن.

بۆ دروستکردنی گوریس، سێ تاڵ بە پێنج لۆ، هەر لایەی شەش تاڵ، وەك پرچ دەهۆنرێتەوە و دەبێتە گوریس. بەپێی پێویست درێژی گوریس شەش، یان حەوت باڵە.

گوریس لە زۆر کاروباری جووتیاری و باربەستن و وڵاخ بەستنەوە و ... زۆر شتی تردا بەکاردێت. بۆ دروستکردنیشی زیاتر ژنان پێوەی سەرقاڵ دەبن.

- **بەن سامۆتە:**

شانزە لۆ، بە هەشت جووت... وەك گوریس دەهۆنرێتەوە، دوو دانە کە هەردووکیان درێژیان یەك باڵە، لە پاشکۆی زینی ئەسپ و ماین دەبەسترێت. لەکاتی پێویستدا هەگبە و توورەکەی پێدا هەڵدەواسرێت.

- **دەوار- رەشماڵ:**

دەوار زیاتر تایبەتە بەو کوردانەوە کە بەدووی لەوەڕدا دەگەڕێن و بەپێی وەرزەکان هەوار دەگوێزنەوە، چونکە رەشماڵ بۆ رەوکردن و بارکردن و پێچانەوە ئاسانە و ئەرکێکی ئەوتۆی نییە. هەرچەندە بەزۆری لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەواری زستانە لە رابردووی کوردەواریدا هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ کەمترە.

بۆ دروستکردن و چنینی دەوار، لە زەوییەکی تەختدا چوار مێخ دادەکوترێت، کە بەشێوەی لاکێشەیە. پانی لاکێشەکە یەك مەترە و درێژیەکەی دوو مەترە. ئیدی 25 رایەڵە- زوە بە پێنج لۆ لەباری درێژی لە مێخەکان دەبەسترێت. ئەو ژنەی کاری دەوار چنین دەکات، لە پێیەوە دەست پێدەکات... ئەگەر بیانەوێ کارەکە زوو راپەڕێت، ئەوا دوو ژن پۆی دەدەن و دووانی دی بە هەپك دەیکوتن، بۆئەوەی سفت بێت.

پۆکات بەهۆی ماسۆرەوە بێزی دێتەوە. واتە کە پۆیەك کرا بەناو 25 رایەڵەکەدا، ئیدی رایەڵەکان سەروژێر دەکرێت و پۆیەکی دی بەناویاندا دەبرێت. بەم شێوەیە چنین بەردەوام دەبێت تا تەختەیەك تەواودەبێت، ئەوسا دادەکوژێنرێتەوە. بەهۆی سوژن و بەنەوە چوار تەختە دەدرێت لەیەك. چوار تەختەیی بۆ وەرزەکانی بەهار و هاوینە، بەڵام رەشماڵی زستانە شەش تەختەیە.

دوای ئەوەی چوار تەختەکە درا لەیەك، ئیدی لەلایەکیەوە 10- 30 دانە سێتەی بۆ دەکرێت، سێتە بریتیە لە قوڵفێکی بچووك و بە دەوارەکەوە چنراوە، لەکاتی دەوار هەڵداندا بەهۆی سێتەوە بە مێخەکانەوە دەبەسترێتەوە. ئەوەش بەهۆی "هەونگەوە" دەکرێت. هەروەها لە لاکەی تری دەوارەکەدا سێتە و بەلووجەی پێوە دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە دوو چوار تەختەیی بەهۆیانەوە بدرێن لەیەك.

کاتێ کە رەشماڵ هەڵدەدرێت، ئەوا بە گوێرەی رەشماڵی هاویەنەوە، دوو پارچەی چوار تەختەیی، هەروەها رەشماڵی زستانەش دوو پارچەی شەش تەختەیی، بەهۆی سێتە و بەلوجەوە دەدرێن لەیەك و دەبێتە پارچەیەکی پان و بەرین.

بە گوێرەی رەشماڵی زستانەوە، شەش ستوون لە زەویدا دادەکوێت، ئەم ستوونانە دەدرێنە ژێر "کۆماچ" کە لە جەمسەری ستوونەکاندا دەچن بەناویەکدا. لە لاکانیەوە 10- 30 مێخ لە زەویدا دادەکوترێت، کە نێوانی دوو مێخ نزیکەی مەتر و نیوێکە، بەهۆی هەوکەوە بە سێتەکانی دەوارەکەوە دەبەسترێنەوە. ئەگەر بیانەوێت هەوا لەناو

دەوارەکەدا هاتوچۆ بکات، ئەوا بەهۆی چڵەگەوە لاکانی دەوارەکە هەڵدەدرێنەوە، کە ئەمەیان تایبەتە بە رەشماڵی هاوینەوە. هەروەها کاتێ کە باران دەبارێت، چڵەگەکان لادەبرێت و لاکانی دەوارەکە دادەدرێتەوە و بارانی پێدا دێتەخوارەوە بۆ سەر زەوی. کاتێ باران دای لە دەوار، "رنە" دادەکات، واتە وردە پرژەی ئاوی باران لە کونە وردەکانی نێوان تانوپۆی رەشماڵەکەوە دێتە ژوورەوە، بەڵام کە دەوارەکە تەڕبوو، ئیدی رنەش نامێنێت و دەوار ئاو نادادات.

لەکاتی رەوکردندا رەشماڵ کۆدەکرێتەوە، هەردوو چوار تەختەکە لەیەك دەترازێنرێت، لەسەر یەك رادەخرێت و ستوون و چڵەگە و چەڵەمەکان دەخرێنە ناوی و بەیەکدا لوولدەکرێت، ئیدی بە گوریسێك دەبەسترێتەوە و لە وڵاخ باردەکرێت.

- **هۆڕ:**

هۆریش هەر بە ئامێری تەونکردن دەچنرێت، دوای رستنی مووەکە و هەڵکردنی گولۆڵەکانی، 25 رایەڵەی پێنج لۆ بەسەر سەرداری تەونەکەدا شۆڕدەکرێنەوە بۆ تانەکان. بەهەمان شێوەی بەڕە، گوردی بۆ دەچنرێت و دارێکی بچووك دەخرێتە سەر گوردەکە، ئەوەش بۆئەوەی رێ بدات بە ماسۆرەکانی هەردوولا، تا بەئاسانی لەنێوانی تانەکاندا هاتوچۆ بکەن. بەنی پۆکان دەبێ خاوکانە بڕێسرێت، تا لەکاتی کوتاندا بنیشێتە سەریەك، کوتانی دوای پۆ بە کەڵکیت دەکرێت.

بەم جۆرە چوار تەختە ئامادەدەکرێت، ئیدی بەپێی پانی دوو تەختە چنراوەکە، دوو کۆڵەکە لە زەویدا دەچەقێنرێت. بەنێکی ئەستور لەسەری دوو کۆڵەکە دەبەسترێت، دوو تەختەش لەباری درێژی و لە ئاستی یەکدا بە بەنەکەدا شۆڕدەکرێنەوە، لە ناوەڕاستدا بەندروو دەکرێن و پاشان دوو تەختەکەی دی بە هەمان شێوە لەسەر دوو تەختەکەی ترەوە شۆڕدەکرێنەوە و لە سەرەوە و لە خوارەوە دوو لاکەی رووی دەرەوەیان بەیەکدا دەدورێن. واتە تەنیا لاکەی ناوەوەیان نادورێتەوە، کە دەبێتە دەمی هۆڕەکە.

هۆڕ دەخرێتە سەرپشتی وڵاخ و شتومەکی تێدەکرێت، هەروەها دەبێ لەکاتی بارکردندا تاکانی هاوسەنگ بێت. ئەگەر تایەکی لارەسەنگ بێت، ئەوا بەردێك لە لاکەی ترەوە دەکرێت بەژێر گوریسەکەدا، تا هاوسەنگ بێتەوە.

- **چیخ:**

سەرەتا دوو کۆڵەکە بە درێژی دوو مەتر لە زەویدا دەچەقێنرێت، کە سەرەکانیان دەبێ دوو پەل بێت و هەروەها ماوەی نێوانیشیان دوو مەترە. سەردارێکی دوو مەتر و نیوی دەخرێتە ناو پەلەکانیانەوە.

75 رایەڵەی بەن بەدرێژی شەش باڵ بەسەر سەردارەکەدا شۆڕدەکرێنەوە، لەکۆتی هەر رایەڵەك بەردێکی پێوە دەبەسترێت.

چیخ دروستکردن زیاتر کاری ژنانە و دەبێ دوو ژن پێکەوە ئەو کارە جێبەجێ بکەن و هەریەکەیان لە دیوێکەوە کاردەکەن.

تەرك بەپێوانەی یەکسان ئامادەدەکرێت، کە درێژی هەریەکەیان 1.60 مەترە دەبێت و دانە دانە لەژێر سەردارەکەوە دادەنرێت و "75" رایەڵەکەی ئەم بەر دەبرێت بۆ ئەو بەر و ئەوانەی ئەو بەریش دەهێنرێت بۆ ئەم بەر. هاتوچۆی رایەڵکانیش بەهۆی ئەو بەردانەوە کە لە کۆتاییاند بەستراوە ئاسانە و نائاڵێن لەیەکەوە.

بەم چەشنە تا بەرێك کە بە درێژایی کۆڵەکەکانە تەواودەبێت، ئیدی دەخرێتە ئەو دیوی کۆڵەکەکانەوە لە داوێنەوە و دەستدەکرێت بە دروستکردنی بەری دووەم. بەپێی خواست و جۆری چیخەکە، نەخش و نیگاری تایبەتی تێدا دەنەخشێنرێت، هەروەها بەپێی جۆری چیخەکە رایەڵەکانیش دەگۆڕێن و ژمارەشیان دیاریکراو و چەسپاو نییە. بۆ نمونە، ئەو جۆرە چیخەی لەسەرەوە لەبارەیەوە دواوین، جۆری چیخی ئەسمەرپێچە، کە زیاتر

سەرقاڵی دەوێت، بەڵام جۆری چیخی ساکار، رایەڵەکانی لە ژمارەدا کەمتر و ئەرکی دروستکردنیشی ئاسانترە.

لە کوردەواریدا چیخ لە وەرزی هاویندا زیاتر بۆ نوستن بەکاردێت، هاوینان لەسەر سەربانی خانووەکان چەند تێلایەکی بۆ دادەکوتن و چیخەکەی بەدەوردا دەگێڕن و لەبەشی سەرەوە و بەشی داوێنەوە بە بەنێك بە تێلاکەوە دەبەسترێتەوە، تا بای توند نەیخات. خێزان لە ئێواراندا کاتێ هەوا فێنك دەکات، جێگای تێدا رادەخەن و شەوانە تێیدا دەنوون.

چیخ هەروەها لە هەندێ شوێنی تردا بەکاردێت، لەوانەش دەیگێڕن بەدەوری ماڵاتدا، یان بەدەوری دەوار و رەشماڵدا... جگە لەوانەش ساوەر و کەشك و دۆینەی لەسەر هەڵدەخرێت بۆ وشککردنەوە.

- **رەشکە:**

موو دەڕێسرێت و دەیکەنە بەن بۆ رەشکە- بەنی رەشکە لە بەنی گوریس باریکترە- هەروەها ژمارەی لۆکانیشی لە ژمارەی لۆکانی گوریس کەمترە، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە لە گوریس باریکتر دەربچێت. دوای رستن و بادانی رایەڵەکانی بەیەکدا، ئەوسا لە زەویدا 10- 12 مێخ لە دوولاوە دادەکوترێت، نێوانی دوو مێخ لەباری درێژی بە رایەڵەیەك دەگەیەنن، درێژییەکەی بەپێی خواستی جووتیارەکە و گەورە و بچووکیی رەشکەکەیە. دوای ئەوەی رایەڵەکان لە مێخەکان بەستران- دەکرێت بەبێ مێخ، ئەو ژمارە رایەڵەیە لە زەوییەکی تەختدا راخرێن- ئیدی کاری رەشکە دروستکردن دەست پێدەکات.

رایەڵەیەکی دی دەهێنرێت و لە ئاستێکی یەکساندا دەبەسترێ لە هەموو رایەڵەکانی تر و پێکەوە گرێدەدرێن. کە ریزی یەکەم کۆتایی هات، 12 سانتیمەتر لەو دوورتر، ئیدی ریزی دووەم دەستپێدەکرێت و بەهامان شێوە پۆی پێدا دەبرێت، بەم جۆرە بەردەوامدەبێت، تا رەشکەکە تەواو دەبێت. پاشان ئەم دروستکراوە سادە و ساکارە لە کوردەواریدا بەکاردێت بۆ کاکێشان بە چەردەیەکی زۆر، کە یارمەتی جووتیار دەدات لە راپەڕاندنی کاری کاکێشاندا.

- **لباد:**

وەك لە سەرەتای بەرهەمەکانی خوری و موودا باسکرا، بەرگن- خوری بەرخ- بەکاردێت بۆ دروستکردنی هەندێ کەرەسەی خۆماڵی و کەمتر بازرگانی پێوە دەکرێت لە بەراوردا لەگەڵ خوری مەڕدا.

ئەو شتانەی لە بەرگن دروستدەکرێت، زۆر بۆشایی لە ژیانی کوردەواریدا پڕکردۆتەوە... ئەوانەش وەك: لباد، کەپەنەك، تەپلە، کڵاوبۆرە، تەکەڵتوو، فەرەنجی، کوڵەباڵ و کەڕەك...هتید. ئەو ئامرازانەشی لە دروستکردنی ئەم شتانەدا بەکاردێت، بە پلەی یەکەم، چەك و کەوانەیە.

- **کەوانە:** بریتیە لە دارێکی نیمچە کەوانەیی، کە درێژییەکەی 1.5 مەتر دەبێت. لەو جەمسەرەی کە دەکەوێتە داوێنەوە، پارچە تەختەیەکی کونکراوی بەپێوانەی 30×30 سانتیمەتری پێوە چەسپکراوە و سەرێکی ژێکەی پێوە بەستراوە. هەروەها لە جەمسەرەکەی تری کەوانەکەوە لە هەمان تەختە بە پێوانەی 10 × 30 سانتیمەتر، پارچەیەك چەسکراوە و سەرەکەی تری ژێکەی پێوە بەستراوە.
- **ژێ:** لە ریخۆڵەی ئاژەڵ دروستدەکرێت و کارمەندی تایبەتی خۆی هەیە.

- **چەك:** بریتیە لە دارێکی شێوە "لوولەك" یان لوولەیی، درێژی تیرەکەی 15سانتیمەترە، ئیدی وردە وردە باریك دەبێتەوە، لە بەشی دواوە لە خۆی دەستگیری بۆ دروستکراوە، تا لەکاتی بەکارهێنانیدا لەناو لەپی دەستدا هەڵنەخلیسکێت. هەروەها لە سەرە پانەکەشیدا بە هەمان شێوە لێواری بۆ کراوە، تا لەکاتی بەکارهێنانیدا ژێکە بە چاکی بلەرێنێتەوە.

لەو شوێنەی هەلاجی دەکرێت، دارێك کراوە بە دیوارێکەوە و بە بەنێك کەوانەکەی پێوە هەڵواسراوە، ئەوەش بۆ بەرز و نزم کردنەوەی کەوانەیە لەکاتی ئیشکردندا. ئەم ئامرازە ساکارە بەرگنی پێ شیدەکرێتەوە، شیکردنەوەش بەم چەشنەیە: هەندێ بەرگن لەسەر زەوی دادەنرێت و کەوانە بە دەستی چەپ دەگیرێت و دایدەنەوێنن تا ژێکە دەدات لە بەرگنەکە، ئەوسا بە دەستی راست چەکەکە دەدات لە ژێی کەوانەکە و لەگەڵ لەرانەوەی ژێکەدا کاری شیکردنەوە بەردەوام دەبێت. کە بەرگن شیکرایەوە و هەموو شت ئامادەبوو، ئەوسا کارگەچی دەستدەکات بە دروستکردنی ئەو شتانەی کە دەخوازێت، یان مەبەستیەتی.

## دروستکردنی لباد:

لەو جێگایەی کارگەچی کاری تێدا دەکات، چیخێکی ساکاری گەورە رادەخات، بەپێی گەورە و بچووکی لبادەکە، خوریی شیکراوە ئامادەدەکرێت. لە سەرەتادا، هەر جۆرە نەخش و نیگارێك، کە بیانەوێت تێیدا دروستبکەن، لە خوری رەش، یان سوور، یان خوری رەنگکراو، یان خورمایی و مەیلەو قاوەیی لەسەر چیخەکە دەنەخشێنرێت. دوای ئەوەش بەرگنە شیکراوەکە بەسەر نەخشەکاندا رادەخرێت، واتە نەخشەکە دەکەوێتە ژێرەوە لەسەر چیخەکە.

بۆ لبادێکی ئاسایی، کە بە پێوانەی 1 × 3 مەتر بێت، نزیکەی 6-7 کیلۆگرام بەرگنی دەوێت. دوای ئەوەی خورییەکە بەسەر نەخشەکەدا راخرا، کەمێ ئاوی لـێ دەپرژێنرێت

و به چیخەکەوە بە توندی لوولدەکرێت. ماوەی دوو سەعات بە پێلەقە دەکوترێتەوە، پاشان چیخەکە دەکەنەوە. ئەو پارچە بەرگنانەی لەم لاو لای لبادەکەوە دەرچوون، دەدرێتەوە بانی و هەوڵدەدرێت، کە زیادەی لێوە دەرنەچێت و لبادەکە شێوە لاکێشەییەکی ڕێکوپێك بێت... بەم کارەش دەوترێ (وەسڵکردن). دیسانەوە بە چیخەکەوە لوولدەکرێتەوە و بۆ ماوەی نیو سەعات بە پێلەقە دەکوترێتەوە، دوای ئەوەش دەیکەنەوە و لبادەکە لەناو چیخەکەدا هەڵدەگێڕنەوە و بە چیخەکەوە دیسانەوە لوولدەکرێتەوە و بەبێ ئاو لێپرژاندن بۆ ماوەی سەعاتێك دەکوترێتەوە. ئیدی چوارقەد دەکرێت و دەیگێڕن.

کاری گێڕاندنی لباد بە دەستە، واتە کارگەچی قۆڵی هەڵدەماڵێت و لە ئانیشکەوە تا مەچەك دەخرێتە سەر لبادەکە و دەیسوونەوە، کە بە ئاوەوە دەکرێت. لە سەرەتادا قەدی یەکەم دەگێڕێت، هەروەها دەبێ چوار قەدەکە لە هەردوو دیوەوە بگێڕێت، پاشان سێ قەد دەکرێت و بە ئاوەوە لە هەردوو دیوەوە دەیگێڕێت، ئینجا بە دووقەدی دەیگێڕن، تا بەتەواوی سفتدەبێت، دوای تەواوبوو لوولدەکرێت و لە گۆشەیەکدا دادەنرێت.

گەورە و بچووکی لباد بەپێی خواستی خاوەنەکەیەتی. دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە کارگەچی خۆیان بەرگنیان نییە، بۆیە دەبێ ئەو کەسانەی لبادیان دەوێت، خۆیان بەرگن ببەن بۆ کارگەچیەکە.

بە گوێرەی کڵاوی سەپان و شوانەوە، کە هەر لە بەرگن دروستدەکرێت، بەهەمان شێوە پارچە لبادەکەی بۆ دروستدەکرێت، بەڵام بۆ چاڵای جێ سەری کڵاوەکە، لبادەکە دەکرێت بەسەر جامێکی دەمەونوخونکراوی ئاو و دۆ خواردنەوەدا. کەمێ ئاوی لێدەپرژێنرێت، تا بەتەواوی لە جامەکەدا چەسپبێت. بەم شێوەیە تا ماوەی یەك سەعات دەمێنێتەوە بۆئەوەی شێوەی چاڵایی جامەکە وەربگرێت.

بەگوێرەی فەرەنجی، کەرك، کوڵەباڵ و پەستەکەوە، بەهەمان شێوە هەنگاو دەنرێت لە دروستکردنی لبادەکەیدا. پاشان بۆ دروستکردنی قۆڵ و بەرۆك و شتەکانی دی، پارچە قوماشێك دەخرێتە نێوان بەر و پێشەکانیان بۆئەوەی لە یەکیان جیابکەنەوە و پێکەوە نەنووسێت. بۆ جێ قۆڵەکانیش بەهەمان شێوە قوماش بەکاردێت. هەرچەند ئەوەش دەکەوێتە سەر سەلیقەی کارگەچیەکە، چونکە زۆریان تەواو کارامەن لە کارەکانیاندا، بۆیە پێویستیان بە قوماش نیە بۆ جیاکردنەوەی قۆڵ و پێش و بەرۆك.

ئەم کاڵایانە بەگشتی لە ژیانی رۆژانەی کوردەواریدا کەڵکیان گەیاندووە، لە وەرزی زستاندا بۆ گەرمی و خۆپاراستن لە سەرما و سۆڵە، هەروەها لە وەرزی هاویندا بۆ خۆپاراستن لە تیشکی رۆژ و گەرما بەکارهاتووە.

## چارەسەری کوردانە
## بۆ ئەو نەخۆشیانەی دووچاری ئاژەڵ دەبێت

وەك ئاشكرایە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە ئەنجامی تێكەڵبوون و تاقیكردنەوەكانی رۆژگاردا، مرۆڤ زۆر شتی نوێی داهێناوە و هەمیشەش گەڕاوە بۆ پڕكردنەوەی كەموكوورِییەكانی ژیانی خۆی. ئیدی هەر كە دووچاری كێشەیەك هاتبێت، چارەسەرێكی بۆ دۆزیوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر پەنای بردۆتە بەر سروشت و دەوروبەری خۆی.

مرۆڤی كوردیش بەهەمان شێوە لە زۆر رووەوە سەلیقەی خۆی خستۆتە كار، تا كێشە و تەنگژەكانی ژیانی پێ بنبڕبكات. ئەوەتا لەبارەی نەخۆشیەكانی ئاژەڵەوە دەبینین بۆ زۆر لەو نەخۆشیانە چارەسەری كوردانەی بۆ داناوە و تا رادەیەكی باش كەڵكی گەیاندووە، هەرچەندە زۆر نەخۆشی هەبووە، كە دەستەڵات و توانای بەسەردا نەبووە، بۆیە لەلای خۆیەوە بڕیاری ئەوەی بۆ داوە، كە ئەو جۆرە نەخۆشییانە كوشندەیە و هیچ چارەسەرێكی نییە. لێرەشدا بیری لەوە كردۆتەوە، كە ئەو نەخۆشییانەی ئاژەڵەكەی كوشتووە، ئایا گۆشتی ئاژەڵەكە بۆ خواردن دەشێت، یان زیانبەخشە؟

لە سەردەمانی كۆندا نەخۆشی ئاژەڵ لە كوردستاندا گەلێ زۆر بووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆر بە كەمی بەدیدەكرێت/ هەندێكیشان هەر نەماون.

ئەمەش چەند نموونەیەكە لەو نەخۆشییانەی لە سەردەمانی كۆنی كوردستاندا بڵاوبووە، هەروەها جۆری چارەسەركردنیان بەپێی بیر و سەلیقەی كوردەواری.

## نەخۆشیەکانی مەڕ و بزن

1. **ئوفە:**

سەر ئەژنۆکانی ئاژەڵەکە ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە- ئاوی چۆکی دادێ- یان ئاوی پاشووی دادێت...

بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیە، شیشێك سووردەکرێتەوە و بە گەرمی دەکرێت بەو شوێنەدا، کە ئاوەکەی تێدا گردبۆتەوە. ئاوەکە دەردەکرێت و پاش ماوەیەك ئاژەڵەکە چاکدەبێتەوە.

2. **باوەڵی:**

نیشانەکانی نەخۆشی باوەڵی... ئاژەڵەکە گێڕوگەواڵ دەبێت و ناتوانێت بە ڕێکوپێکی هەنگاو هەڵبێنێت. بۆ چارەسەرکردن، بە شیشێکی سوورەوەکراو سەری ئەژنۆکانی داخدەکرێت.

3. **بەرفرێدان:**

ئەمە جۆرە نەخۆشییەکە، کە بەهۆیەوە ئاژەڵەکە کارژۆڵە، یان بەرخۆلەکەی بە مردوویی فڕێداوە، بەڵام زیانی بەخۆی نەگەیاندووە... لە سەردەمانی کۆندا چارەی نەبووە.

4. **تەبەق:**

نیشانەکانی، چوارپەلی گێڕدەبێت، هەرچەند هەر دەتوانێت ڕێ بکات، بەڵام زۆر بە نارێکی دەڕوات بە ڕێوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، یان بە ئاو و خۆ، یان بە ترش و خوێ چوارپەلی دادەشۆردرێت و پاش ماوەیەك چاکدەبێتەوە.

5. **دانکە:**

نیشانەکانی نەخۆشیی دانکە: ئەگەر ئاژەڵەکە لە چاوەوە دووچاری ئەم نەخۆشییە بوو، ئەوا بە پێوانەی دەنکە نۆکێك لەناو گلێنەی چاویدا

هەڵدەتۆقێت و کوێری دەکات. ئەم جۆرەیان چارەسەری نییە و ئاژەڵەکە سەردەبڕن و گۆشتەکەی دەخورێت، ئەگەر دانکە لە دڵی بدات، ئەوا دەیکوژێت.

6. **زراوە قەویلە:**

لە کوردەواریدا ئەم جۆرە نەخۆشیە جۆرێکی تریش ناودەبرێت، ئەویش کە "چاو و نفوس"ە. نیشانەکانی نەخۆشییەکە، زراوی دەئاوسێت و چاری نەبووە و ئاژەڵەکەی کوشتووە.

7. **زەردوویی:**

نیشانەکانی نەخۆشییەکە، پێستی چاوی ئاژەڵەکە زەرد دەبێت و ڕەنگی سووری لە خوێنەکەیدا نامێنێت. لە کۆندا چاری نەکراوە، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا چارەسەردەکرێت.

8. **ژانکردن:**

ئاژەڵەکە دووچاری ژان بووە، بۆ چارەسەر، گوێی ئاژەڵەکە کەلکراوە و خوێنەکەی دراوە لە دەم و ددانیەوە و بەوە چارەیان کردووە و ژانی نەماوە.

9. **سلەوەجا:**

نیشانەکانی سلەوەجا، قوڕگی ئاژەڵەکە دێتەوەیەك و جیهازی کاوێژکردنی لە کاردەکەوێت. بۆ چارەسەرکردنی، شیشی سوورەوەکراو دەکرێت بە ئاڵووەکانیدا، کێم و پیسایی ناو ئاڵووەکانی دەردەکرێت و پاکدەکرێتەوە.

10. **سەگەبا:**

نیشانەکانی، ئاژەڵەکە لە پێ دەکەوێت و ناتوانێت ڕێ بکات، ئەم نەخۆشییە چارەسەری نەبووە و بەرلەوەی ئاژەڵەکە بکوژێت، خاوەندارەکەی سەریبڕیوە و گۆشتەکەی بۆ خواردن شیاوە.

11. **شکاوی ئێسک:**

بە هەر ڕێکەوتێك بووبێت، زۆرجار دەست یان قاچی ئاژەڵ دەشکێت، هەر چۆن بەگوێرەی مرۆڤەوە چارەسەرەکەی گرتنەوەی ئێسکە شکاوەکەیە، بەو جۆرە بەگوێرەی ئاژەڵەکەشەوە ئێسکەکەی بۆ گێراوەتەوە.

12. **کڵاوڕەش:**

نیشانەکانی، جەرگ و سییەکانی ئاژەڵەکە رەش هەڵدەگەڕێت و چارەسەری نەبووە و کوشتوویەتی.

13. **گرگە:**

ئەو ئاژەڵانەی دووچاری نەخۆشی گرگە، یان گەڕی دەبن، بۆ چارەسەرکردنیان، تووتن، یان نەوتی رەش دەدرێت لە شوێنی گەڕییەکە و چاکدەبێتەوە.

14. **گوڵ لێدان:**

ئەو ئاژەڵانەی بە چەردەیەکی زۆر گوڵە گەنم یان جۆ بخۆن، ئەوا لەوانەیە دووچاری ئەم نەخۆشییە بن، بۆ چارەسەرکردنی، ئاژەڵە گوڵ لێدراوەکە دەخرێتە ئاوەوە و چاکدەبێتەوە.

15. **گێژی:**

ئاژەڵەکە دووچاری سەرەگێژە دەبێت و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و چارەسەری نەبووە و بەرلەوەی ئاژەڵەکە بکوژێت سەریانبڕیوە و گۆشتەکەی بۆ خواردن دەشێت.

16. **مافەتە:**

مافەتە جۆرە گیایەکی پاییزەیە، هەر ئاژەڵێك بیخوات، یان لەکاتی لەوەڕدا لەگەڵ گژوگیای تردا بیخوات دەیکوژێت، چونکە ئەو گیایە کوشندەیە.

17. **مەیتولەی ناوسک:**

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە، جگەر و سییەکانی ئاژەڵەکە کرم تێیدەدات و چاری نەبووە و ئاژەڵەکەی کوشتووە.

18. **مەیتولەی دەرەوە:**

نیشانەکانی، ژێر چەناگەی ئاژەڵەکە دەئاوسێت و هیچ چارەسەرێکی نییە و دەیکوژێت.

19. نەخۆشیەکی تری مەڕ و بزن لە کاتی زاووزێدا بەرخانەکەی دێتە دەرەوە، بۆ چارەسەرکردن، بە ئاوی شلەتێن دەشۆرێتەوە و دەخرێتەوە شوێنی خۆی.

## نەخۆشییەکانی ڕەشەوڵاخ

1. **تەبەق:**

نەخۆشی تەبەق کاتێ دەدات لە ڕەشەوڵاخ، شەلی دەکات. بۆ چارەسەر، دەخرێتە ناو ئاو و قوڕاوەوە، تا سمی وڵاخەکە تەڕببێت.

2. **تەبەقی ناوسک:**

نیشانەکانی، بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە وڵاخەکە جۆرە برینێکی تایبەت لە ناوسکی پەیدادەبێت، چارەسەری نییە و دەیکوژێت.

3. **تەرک کەوتن:**

دەماری قاچی وڵاخ هەڵدەپلێت، بەهۆی ئەوەوە لاقەکانی بڵاودەبێتەوە و ناهێڵێت بجوڵێت. بۆ چارەسەرکردنی، بە سووژن دەزوویەك لە دەمارەکە هەڵدەکێشن و تەرکی دەکەن، واتە دەمارەکە دەبەستنەوە.

4. **جەوشەن:**

وڵاخەکە قوڕگی دێتەوە یەك، چارەسەری نییە و سەریدەبڕن و گۆشتەکەشی بۆ خواردن دەشێت.

5. **گاوەناز:**

نیشانەکانی، لەژێر قورگی وڵاخەکەدا دوومەڵی لێدێت. بۆ چارەسەرکردنی، ئەگەر دوومەڵەکە نوێ بوو، ئەوا تەرکەی بۆ دادەگیرسێنن و داخیدەکەن. خۆ ئەگەر دوومەڵەکە پیربوو، بە شیشێکی سوورەوەکراو کێم و زوخاوەکە دەردەکرێت و گاوەنازەکە چاك دەبێتەوە.

6. **لاڕەشە:**

ئەو وڵاخەی دووچاری ئەم نەخۆشییە دەبێت، گۆشتی لایەکی رەش دەبێتەوە، چارەسەری نییە و دەیکوژێت.

# بەشی دووەم
# کشتوکاڵ

- چووتکردن
- وشکاوەرد
- تەڕەکاڵ
- دروێنە
- مەرەزە
- توتن: رەشۆکی، دەمەت، سامسۆن
- نۆک
- نیسک
- نەخۆشییەکانی دانەوێڵە

# کشتوکاڵ

بێگومان کشتوکاڵ لە کوردستاندا، کارێکی مێژینەیە و مرۆڤی کورد لە دێرزەمانەوە بە سەلیقەی وردی خۆی لەم بوارەدا بالآدەست بووە. بەڵگەی مێژووییش لەو رووەوە گوندی "چەرمۆ"ی نزیك شارۆچکەی چەمچەماڵە لە پارێزگای سلێمانی، کە لە ساڵانی 6500- 7500 پ.ز. کشتوکاڵی تێدا کراوە. زانستی ئارکۆلۆژی دانەوێڵەی وەك گەنمی بەشێوەی کاربۆن لەو دەڤەرەدا دۆزیوەتەوە، لەگەڵ هەندێ ئامێر و کەرەسەی سەرەتایی بەکارهێنراو لە کشتوکاڵدا، وەك داس، تەور، دۆڵ، دەسکە دۆڵ، تەشوێ، رامالەگڵ و مێکوت، کە ئەوانە و زۆر شتی دی بەڵگەی بوونی مرۆڤی کشتکار لەو ناوچەیەدا دەسەلمێنن.

ئیدی بەپێی رەوتی مێژوو، لە کوردستاندا کشتوکاڵ بڵاوبۆتەوە، هەرچەندە بەپێی گۆڕانکاریی قۆناغەکان، گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە و هەرچۆن لە سەرەتاوە بە ئامرازی سادە و ساکاری سەرەتایی هێنراوەتە بەرهەم، ئاواش لەو رووەوە لە گەشەیەکی سستا بووە و زیاتر بیر و سەلیقەی مرۆڤی کورد وەئەنجامی دەگەیاندووە. بێ ئەوەی تەکنیك و بیر و داهێنانی ناخۆماڵی یارمەتی گەشەکردنی بدات. هەرچەندە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند هۆکار و کاریگەرییەك، کە بۆتە هۆی ئەوەی کشتوکاڵ لە کوردستاندا هەر لە رەوتی سەرەتاییدا بێت. بەڵام بۆئەوەی لە سنووری باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، ناچیبنە ناو ئەو باس و خواستەوە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین: تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، کشتوکاڵ لە کوردستاندا، هەر بە کەرەسەی سەرەتایی دەکرا و چەندین سەدە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. واتە، زەوی هەر بە نیر و ئامووری دەوری کۆن دەکێڵرا و بەزۆری گاجووت و لە هەندێ شوێنیشدا هێستر رایدەکێشا. بەدرێژایی ساڵێك جووتکردن بە گاجووت، نزیکەی 3-4 هێکتار زەوی پێ دەکێڵرێت.

خۆ ئەگەر لەم دواییەشدا تەکنیکی نوێ لە کوردستاندا هەبووبێت، ئەوا لە سنوورێکی تەسکدا بەکارهێنراوە و بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە جووتیارانەوە نەبووە... چونکە زیاتر چینی سەرو، وەك خاوەندار و موڵکدارە گەورەکان و بگرە دەرەبەگەکان لە زەویوزاری خۆیاندا بەکاریانهێناوە.

جگە لەوانەش، زۆر شتی دی دەبوونە قۆرت و کەندوکۆسپ لەرێی جووتیاری کورد و بەرهەمی کشتوکاڵەکەی، بە پلەی یەکەم زریانە سروشتیەکان، کە دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە داهات و بەرهەمی جووتیاردا. ئەگەر ساڵێك باران وەك پێویست بباریایە و لە کاتی خۆیدا کەشی تێبکردایە، ئەوا ئەو ساڵە کشتوکاڵ لە برەودابووە. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە ساڵی بێ باران، یان ساڵی زریاناوی و بەفر و زوقم، رەنجی جووتیاری بێبەرکردووە. هەروەها کوللە و سن و هەندێ دەرد و بەڵای دی.
خۆ ئەگەر کەمێ بە رابردووی ژیانی جووتیاری کورددا شۆڕبینەوە، ئەوە دەبینین، کە بۆ چاندنی تەنیا ربەیەك دانەوێڵە، بەناچاری روویکردۆتە لاپاڵ و قەد چیاکان، ئەگەرچی لە پێدەشتیشدا زەوی پان و بەرین هەبووبێت، چونکە لە ترسی دڕکەبۆرە نەیتوانیووە نزیکی پێدەشتەکان بکەوێتەوە. لەبەرئەوەی بژارکردن و پاکردنەوەی لەوە گرانتر و بە ئەرکتر بووە، کە بەردی لاپاڵەکانی دوورخستۆتەوە و لە جووتکردندا بەدەوری دارو دەوەندا سوڕاوەتەوە و خڕۆمەبەردی کێڵاوە.
ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە پایەی کشتوکاڵ لە کوردستاندا بەنزمی بهێڵێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا پێداویستی ژیان، هانی مرۆڤی کوردی داوە، کە بێ سڵکردنەوە لە رەنج و ماندوێتیی زۆر، هەمیشە بە سەلیقەی وردی خۆی هەر لە کارابووەو ژیانی بەرەوپێشتر بردووە... لە کولێرەی هەرزن و نانی بەڕوو، نۆك و خەپلەی جۆوە، تا ئەمڕۆ کە گەنم و ...هیتد دەکاتە قوتی خۆیی و ماڵ و منداڵی، بێوچان هەوڵیداوە و ماندووبوونی نەزانیوە.

- **جووتکردن:**

وەك لە پێشەکی ئەم بەشەدا باسمانکردووە، کشتوکاڵ هەر لە کۆنەوە بە ئامێری سەرەتایی کراوە و دەکرێت. جووتکردن بە گا، لە هەندێ شوێندا، یان لای هەندێ لە خاوەندارە بەتواناکان بە هێستر کراوە و ئامێری جووتکردن، کە زادەی بیر و سەلیقەی جووتیاری کوردە، لەم بەشانە پێکهاتووە:

1. **هەوجار**: لە دارێکی دووپەلی بەڕوو، یان مازوو، یان گوێز دروستکراوە.
2. **مژان:** لە داری بی تاشراوە.
3. **بەڕووله و هەپە:** لە داری بەڕوو تاشراوە.
4. **نیل:** لە داری بی تاشراوە.
5. **چەمەرە:** لە داری بەڕووە.
6. **گاینجە:** لە داری بەڕووە.
7. **دەستەدوو:** لە داری بەڕووە.
8. **کەڵەمە:** لە داری بەڕووە.
9. **وێژە:** پارچە چەرمێکە و بە مازوو خۆشکراوە.
10. **بەرەنیل:** پارچە لبادێکە.
11. **بەن کەڵەمە:** بەنێکی چوارلۆنەیە و لە خوری و موو رێسراوە.

ئیدی بەم شێوەیەی لای خوارەوە جووت رێکدەخرێت:

بەرەنیل لە نیلەکان دەپێچرێت و دەنرێتە سەر ملی گاکان، کەڵەمەکانیش کە لە کۆتاییانەوە کەلکراون، کاتێ دەهێنرێنەوە بە ملی گاکاندا، لەژێر ملیانەوە بە بەن کەڵەمە هەردوو دەمی کەڵەمەکان لە ئاستی کەلییەکاندا شەتەك دەدرێن.

نیلەش لە ناوەڕاستیدا کەلدەکرێت و وێژەی پێدادەکرێت و بە بەڕووله و هەپە قایمدەکرێت. ئیدی مژان دەکرێت بە چەمەرەکەدا و گاینجەش دەکرێت بە کونی مژان و

چەمەرەکەدا. لە کۆتایی مژانیشدا بەڕووی سەرەوەیدا کونێکی تێدەکرێت، تا دەستەدووی تێدا چەسپکرێت و لە رووکاری ژێریشەوە گاسنی پێدادەکرێت.

جووتیاری کورد بەم ئامێرە سادە و ساکارە جووت دەکات و زەوی دەکێڵێت.

لە سەرەتاوە خەتێك لەم سەری زەوییەکەوە بۆ ئەو سەری زەوییەکە لێدەدرێت و پێیدەوترێت "عەلەم"، هەروەها بە ناوەندی دوو عەلەم دەوترێت "بانە". ئەم دیاریکردنی عەلەم و بانەیە بۆ تۆوکردنە، بۆئەوەی تۆو وەشێن بزانێت تۆوی کردووە بە کوێوە و لێی تێکنەچێت. تۆو وەشێن چارۆکەیەك پڕدەکات لە تۆو، دوو لای چارۆکەکە گرێ دەدات و دەیکاتە ملی و دوو لاکەی تری دەگرێت بە دەستی چەپیەوە. ئیدی بەناو بانەکەدا دەڕوات و بە دەستی راست مشتێك تۆو لە چارۆکەکە دەردەهێنێت و بە هەوای شان تۆوەکە لە بەرەوە دەوەشێنێت. دوابەدوای تۆوکردن جووتدەکرێت، تا زەوییەکە لە بارێکدا هەمووی تۆودەکرێت. پاشان لەسەر هۆکانەوە پەڕکێڵ دەکرێت.

جووتێك گا لە ماوەی چوار رۆژدا، لەگەڵ هێزی بازووی جووتیارێکی کارامەدا دەتوانێت جێی فەردەیەك گەنم، یان جۆ بکێڵێت. بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە بە هێستر لە دوو رۆژ زیاتری ناوێت. خۆ ئەگەر تەکنیکی نوێ و تراکتۆر بەکاربێت، تەنیا ماوەی دوو سەعات دەخایەنێت، بۆیە جووتیاری کورد لەکۆندا هەر لە مانگی خاکەلێوەوە وەردی بڕیوەتەوە، چونکە جووتکردن کاتی زۆری گرتووە.

جووتکردن بەتایبەتی لە رۆژانی بێ باران و خۆشیاندا کراوە، بەڵام جووتیار لە رۆژانی باران و بەفردا سەرقاڵی کاری دی بووە.

جووتیار لە کاتی جووتکردندا "نەقیزە"یەك دەگرێت بە دەستێکیەوە و دەستەکەی دی دەگرێت بە دەستەدووەکەوە و بە پێشی هێز دەخاتە سەر گاسنەکە، تا زیاتر بە زەویدا رۆبچێت و لە یەك ئاستدا لە خاکەکەدا بێت، بەڵام لە کۆتایی هەموو خەتێکدا، پێی

هەڵدەبڕێت و مژانەکە بەرزدەکاتەوە، تا گاسنەکە لە زەوییەکە دووربکەوێتەوە. بەوەش یارمەتی پێچکردنەوەی گاجووتەکان دەدات.

وەك ئاشکرایە لە ساڵی لەبار و بەپیتدا، لە نێوانی مانگەکانی خاکەلێوە و گەڵارێزاندا پەڵەدەدات. لەو کاتەشدا تۆوی گەنم و جۆ و نیسك و پاقلە دەکرێت. ئیدی تا مانگی نەورۆز لێیدەگەڕێن، خۆ ئەگەر پێویستی بە بژاری مرۆر بێت، ئەوا بژاردەکرێت. هەروەها ئەو کێڵگانەی "رزق"ی هەیە، جووتیارەکە رۆژێك تەرخاندەکات و دەچێت بۆ شێلانی کونە مشك، لە رۆژی دواتریشدا ئەو کونانەی سەرلەنوێ مشك هەڵیداوەتەوە، گەنمی ژەهراوی تێدەکرێت، بەوەش قەڵاچۆی مشك دەکەن و گەنم و جۆکە لە زەرەر و زیان دەپارێزن.

- **وشکاوەرد:**

وشکاوەرد بەزۆری لە وەرزی زستاندا دەکرێت، بەتایبەتی بۆ زەوییەك کە "بەیار" بێت، دەبێت بەشێکی زستان بەسەرچووبێت، واتە لە مانگی بەفرانباردا وەردی دەبڕنەوە- وەردی یەك گاسنە- و لە مانگی گوڵاندا وەردی دەدرێتەوە- وەردی دوو گاسنە. ئیدی لە مانگی خاکەلێوەوە بۆ مانگی گەڵارێزان چاندن و تۆوکردن دەکرێت، بۆئەوەی بەر پەڵە بکەوێت و هەراش دەرچێت، ئەمەش زیاتر تایبەتە بە گەنم و جۆ و نیسك و پاقلەوە.

- **تەڕەکاڵ- تەڕەکێش:**

دوای پەڵە بە 15- 20 رۆژ، ئەو زەوییانەی بە تەڕەکاڵ دەکرێن، دەبێت بکێڵرێت، بۆئەوەی هەر جۆرە دەخیلەیەکی تێدابێت لەناوبچێت.

دەخیلەکانیش وەك: دڕکەبۆرە، پەیکوڵە، چاوبازە و وێنجە و هیتد، چونکە ئەمانە جگە لەوەی مشەخۆرن، لەسەرو ئەوەشەوە رێ لە دروێنە و پاککردنەوەی دانەوێڵەش دەگرن و کارکردن تێیدا گران دەبێت.

- **دروێنه :**

بەگوێرەی دروێنەی گەنمەوە لە مانگی خەرمانانادا دەکرێت، بەڵام جۆ لە مانگی جۆزەردانادا دەدورێتە. چەند رۆژێك بەر لە دروێنە، سەپان داسەکانیان بەهۆی "هەسان"ەوە تیژدەکەنەوە. کاتێ دروێنەش پاڵە و سەپان پێکەوە دەچنە ناو دەغڵەکەوە و بەپێی کەم و زۆری بڕی دەغڵەکە ژمارەی دروێنەکەران دەگۆڕێت.

ئەو کەسانەی دروێنە دەکەن، وەك سەپان، کە بە کرێ کاردەکات، یان بە دەستیاو هاتووە. پاڵە و برا پاڵە بەڕیز لە تەك یەکدا دەوەستن، لەگەڵ دروێنەکەرانی دی، دواکەسیان کە قڕەیە، لایەکی دەغڵەکە بڕدەکەن و هەر کەسە داسی خۆی دەگرێت بە دەستیەوە و دەچەمێتەوە و بە دەستی چەپ سواڵەیەك دەگرێت و بە داسەکە دەیدورێتەوە. بەم شێوەیە، سواڵە لەدوای سواڵە لەناو چنگیدا دەیهۆنێتەوە، تا کاتێ لە زەویدا دایدەنێت با بڵاوی نەکاتەوە. چنینی سواڵەش لەناو چنگی سەپاندا بەهۆی تاك و لۆکردنیانەوەیە، کە دەچن بەناو یەکدا. دوای ئەوەی قەوارەی مەڵۆ وەردەگرێت، ئیدی لە زەویدا دایدەنێن. لە کاتی دروێنەدا هەندێ لە سەپانەکان "قەیناغ" دەکەنە پەنجەکانیان بە مەبەستی پاراستنی چنگ و پەلیان و هەروەها یارمەتی گەورەیی قەوارەی مەڵۆکەش دەدات، چونکە ناو چنگی لەو بارەدا سواڵەی زیاتر دەگرێت.

زۆر لە سەپان و پاڵەی کارامەی ئەوتۆ هەیە، کە پشتی راست ناکاتەوە، تا ئەو بەشەی بڕکراوە نەیگەیەنێتە ئەو سەری، ئەوسا پشتی بەرزدەکاتەوە و پشوویەك دەدات، هەروەها زۆر جار بۆڕبۆڕێن و گرەو لە دروێنەدا لەنێوان

سەپان و پاڵەدا دەکرێت، بەتایبەتی لەسەر راپەڕاندنی کارەکە لە کاتێکی زووتردا.

بەم جۆرە دروێنە بەردەوام دەبێت و مەلۆ لە دوای مەلۆ لە زەویدا دەخرێت، لە پشتی دروێنەکەرانیشەوە ژنان و کیژان مەلۆکان گرددەکەنەوە و دەیکەنە شارا، کە لەو کارە بوونەوە، ئینجا شاراکان بە کۆڵ دەکێشن بۆ شوێن خەرمان.

بە گوێرەی پشوودانی سەپان و پاڵەوە کاتێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەر کە هەستکرا بە شەکەتی، دەچنە ژێر سێبەری دارێکی سێبەرچڕەوە و پشوو دەدەن و نانەخورێت و ئاو و دۆی ساردی ناو کونە_ کونگە دەخورێتەوە و چایی دەکرێت بەسەردا. هەروەها لە هەمان کاتدا ئەوانەیان کە داسەکانیان پێویستی بە تیژکردنەوە بێت، رۆن لە کەڵە شاخەکە دەردەهێنن و دەیدەن لە هەسانەکە و داسەکان تیژدەکرێنەوە. بەم جۆرە لە هەموو گوندەکاندا خەرمان سازدەکرێت و دەستیاوی یەکدی دەدەنەوە، ئیدی هەر جووتیارە و خەریکی خەرمان کوتاندن و گێرەکردن دەبێت.

لە زۆر کۆندا گێرە بە ئامێرێکی تەواو سادە و ساکار کراوە، ئەویش کە "چان"ە و زادەی بیری جووتیاری کورد بووە.

بۆ دروستکردنی چان، سێ داری بەڕوو، هەر یەکەیان سەرێکی دووپەلە و یەکێکیشیان لەوانی دی درێژترە. دەخرێنە پاڵ یەك و درێژەکەیان لە ناوەڕاستدا دادەنرێت، ئیدی ناوپەلی دوو لقەکان بە داری بەلاڵوك دەچنرێت. پاشان دەمی دوو لقەکان دەبەسترێت و کونێك دەکرێتە دارە درێژەکەوە و لە مژان هەڵدەکێشرێت. بەڵام لە جیاتی دەستەدوو، بە بەنێك ئاڕاستەکەی پێ دیاریدەکرێت. ئیدی بەم شێوەیە گێرەدەکرێت... گاجووتەکان بەناو خەرمانەکەدا دەڕۆن و چانەکە بەدوای خۆیاندا رادەکێشن، تا خەرمانەکە بەتەواوی دەکوترێت. دەبێ زوو زوو گاجووتەکان بەربدرێن و ماوەی حەوانەوە و

پشوویان بدرێت، چونکە زۆر جار بەهۆی گێرەکردنەوە سمی گاجووتەکان بریندار دەبێت. هەروەها زۆر جار گای لاسار یەکێکیان مل نادات و هاوشانی گاکەی تر بەرێکی لە جووتەکەدا ڕێ ناکات، بۆیە هەر کە دوورکەوتەوە، جووتیارەکە هاواردەکات "تەنیشت، تەنیشت" واتە بچۆرەوە هاوشانی گاکەی تر.

قۆناغێك دواتر جەنجەڕ پەیدا دەبێت و ئەوانەی توانایان هەبووە جەنجەڕیان کڕیوە و گێرەو خەرمان کوتاندنیان بەهۆی جەنجەڕەوە کردووە. ئەمڕۆش قۆناغێکی دواترە و تەراکتۆر و ئامێر و تەکنیکی نوێ هاتۆتە کایەوە و کارەکانیان زۆر ئاسان کردووە.

دوای ئەوەی خەرمان گێرەکرا، ئیدی تارمی دەبەستن و خەرمانەکە لە شێوەی لاکێشەدا ڕووی دەکەنە ئەو لایەی کە شەماڵی لێوەدێت و ئامادەدەکرێت بۆ شەنکردن.

شەنکردن بە ئامێرێکی سادە جێبەجێدەکرێت، کە ئەویش هەر زادەی بیری جووتیاری کوردە.

شەن لەم بەشانە پێکهاتووە:

1. **کلکە شەن:** بریتیە لە دارێکی بی، بە درێژیی مەتر و نیوێك.
2. **پەنجەکان:** بریتیە لە شەش تولّ داری چوالە، بە درێژی نیومەتر. بەهۆی ڕێکخستن و داتاشینی سەری پەنجەکانەوە وەك شێوە پێنووس، بۆیە کورت دەبێتەوە، پاشان بەهۆی گیرکەوە دەیچەمێننەوە و لە ئەنجامی گەرمکردنیان بە ئاگر. لە سەری پێچەوانەوە لە دوو لاوە دەتاشرێن و شێوە تەختیەك وەك یەك لە هەر یەکەیاندا دەسازێنن و بە "مەکتەب" کون دەکرێن. ئیدی هەر شەش پەنجەکە لەپاڵ یەکدا دادەنرێت و بە ڕوولەیەکی داربەڕوو دەکەن بە هەر شەش کونەکەدا و پێکەوە چەسپدەکرێن. سەرێکی کلکە شەن دەخرێتە کۆتایی

پەنجەکانەوە و بە چەرمی وڵاخ، یان ئاژەڵ دەپێچرێتەوە و پاشان بە سیرمە دەدورێتەوە. بەو شێوەیە کلکە شەن و پەنجەکان پێکەوە دەبەستنەوە و ئەو ئامێرە سادە و ساکارە کاری شەنکردنی دانەوێڵە جێبەجێدەکات.

دوای بەستنی تارم، دەبێ چاوەڕێی شەماڵ بکەن، ئەوسا شەنکەر لە لایەکەوە رادەوەستێت و شەن دەگرێت بە دەستیەوە و دەیکات بەناو خەرمانەکەدا، لە ترۆپکەوە هەڵیدەدات بۆ سەرەوە، بەم کارەش دانەوێڵەکە لەبەر سەنگینی خۆی لە هەمان ئاستا دەکەوێتەوە و کاکەی بەپێی رێڕەوی شەماڵەکە لە خەرمانەکە دووردەکەوێتەوە و لە لایەکدا کۆدەبێتەوە. واتە هەرچی لەو دیوی بەردەکانەوە کەوتە سەر زەوی، ئەوە کایە و ئەوانەی دیوی پێچەوانەش دانەوێڵەیە. هەرچەند زۆر جار کاشی پێوە دەمێنێتەوە، ئەوەش بە کزە شەماڵێك پاکدەکرێتەوە و گەردی پێوە ناهێڵن.

کە شەنکردن تەواوبوو، ئیدی دانەوێڵە بە هۆڕ و خەرار و گونییە دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە و کاکەشی بە رەشکە دەبرێتەوە و دەکرێتە کایەنەوە- کادان. ئەم کایە لە وەرزی زستاندا قووتی رۆژانەی ئاژەڵ و وڵاخەکانە.

لە سەردەمانی کۆنەوە و بگرە تا ئەمڕۆش بۆ ئەمبارکردنی دانەوێڵە، زیاتر لە زەویدا چاڵی بۆ هەڵکەندراوە و لە دیوی ناوەوە دوای ئەوەی بە قوڕ سواغدراوە و هەر بە تەڕی کایەکی زۆری پێوەکراوە. ئیدی گەنم بە جیا لە چاڵێکدا و بەهەمان شێوە جۆش لە چاڵێکدا. هەروەها کاتێ دانەوێڵەکە دەکرێتە ناو چاڵەکەوە، دەبێ چین بە چین لە قەراغەوە کا بکرێتە نێوان دیواری چاڵەکە و دانەوێڵەکە، چونکە کا بەبێ دانەوێڵەکە بە دیوارەکەوە بەندنابێت. کاتێ چاڵەکە پڕکرا، سەری دەگیرێت و دارەڕادەکرێت، هەژگ و گەڵا و ژاژ و قەڕەمی دەخرێتە سەر و گڵەباندەکرێت. هەروەها لە کاتی بارانباریندا دەبێ بگێڕدرێ، بۆئەوەی تکە نەکات.

بیری ئەمبارکردنی دانەوێڵە زیاتر بەهۆی ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی و قات و قڕی و نەبوونی و گرانیی وڵاتەکەوە بووە. هەر ئەوەشە کە وای لە مرۆڤی کورد کردووە، کە هەمیشە بیری پاشەڕۆژی هەبێت. ساڵانەش کاتێ دانەوێڵە دەفرۆشرێت، زیاتر دانەوێڵەی ئەمبارکراوی ناو چاڵەکان دەفرۆشرێت و دانەوێڵەی ساڵی نوێ دەکرێتەوە چاڵەکە و هەڵدەگیرێت. ئەوەش دوای ئەوەی قووتی خێزان و موڵکانە و زەکاتی لێ جیاکراوەتەوە. بە گوێرەی جۆوە، بەشی ئالیکدانی ئاژەڵ و وڵاخەکانی لـێ جیاکراوەتەوە، دوای ئەوە دەکرێتە چاڵ.

کە گەنم بۆ قووتی خێزان جیاکرایەوە، بەشێکی دەبرێت بۆ ئاش بۆ هاڕین و کردنی بە نان و کولێرە، هەروەها بەشێکیش دانراوە بۆ ساوەر.

- **مەرەزە:**

وەك لە باسی تەڕەکاڵدا وتمان، ئەو زەوییەی بە تەڕەکێش دەکرێت، دەبێ بیست ڕۆژێك دوای پەڵەی باران بکێڵرێت و هەڵگەڕێتەوە و خاکەکەی تاوتوێ بکرێت، تا ئەو دەخیلانەی، کە لە زەوییەکەدایە لەناوبچێت و پاك و خاوێن بێتەوە.
بە گوێرەی مەرەزەوە، لە مانگی نەورۆزدا جۆگەی بۆ هەڵدەبەسترێت. لە بناوانەوە ئاوی تێدەکرێت بۆ سەر ئەو زەوییەی، کە ئامادەکراوە بۆ مەرەزە. دوای ئەوەی کە تەواو "سەقا"ی هەڵگرت- واتە تێر ئاو بوو، ئیدی تیری دەبڕن، شانەکانی هەڵدەبەستن و دەیکەنە گۆل.
هەفتەیەك بەر لەو کارەش، تۆو- چەڵتوك کراوەتە ئاوەوە، کە تۆوچێن
دەستیکرد بە تۆو وەشاندن، دەبێ کەسێکی دی لە پێشیەوە "لێڵە"ی بۆ بکات و ئاوی گۆلەکان بشڵەقێنێت و بیکاتە لیتاو. بەوەش دوای تۆوکردن قوڕ و لیتەی ناو گۆلەکە دەنیشێتە سەر تۆوەکە، کە یارمەتی زوو سەوز بوونی دەدات و پارێزگاریشی دەکات لە پەلەوەر.

مەرەزە، کە لە شێوەی گۆلدا تیری دەبڕن، ئەرکی گرانترە لەوەی بە دێراو دەکرێت.

"گۆخڵ" سەرۆکاریی مەرەزە دەکات و کارەکەی کەلەبەر هەڵبەستنەوەیە، تا مەودای ئاوکێشان نەدات، کە گۆلێکیش شکا چاکیدەکاتەوە، خۆ ئەگەر مڵەش گۆلەکانی کونکرد، دەبێ کونەکان بگرێتەوە. هەروەها کە مەرەزە گاخۆر بوو، سەرپاچدەکرێت. دوای ئەوەش لە گیارەشە و کاروش و ژاژ و قامیش و زەل بژاردەکرێت. هەر کە دەنکیشی پەیداکرد، دەبێ پاسە مەرەزە بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش "داهۆڵ" لەناو مەرەزەکەدا دادەنرێت و منداڵانیش بەهۆی قۆچەقانییەوە پاسە چۆلەکە دەکەن.

پاش ئەوەی مەرەزە زەرد دەبێت، ئیدی ئاوی لێدەگیرێتەوە، جێ خەرمانی بۆ سازدەکرێت و لە مانگی خاکەلێوەوە دەدورێتەوە. ئەمیش بە هەمان شێوەی گەنم و جۆ دەکرێت. بەڵام مەرەزە تەنیا مەڵۆی هەیە- واتە شارای نییە، چونکە تەڕە و لە گەنم و جۆ قورسترە و لە کێشەکردندا مەڵۆ، مەڵۆ کۆدەکرێتەوە و دەبرێتە شوێن خەرمان، بەڵام دەبێ گوڵەکانی مەرەزەکە بە رووکاری ناوەوە دابنرێت، بۆئەوەی گەرم بێت و دانەکەی زووتر بەربدات. پاشان قرچ دادەخرێت و گاگێرە جەلەدەکرێت و دەمبێن دەکرێتە دەمی گاکان، تا لە کاتی گێرەدا چەڵتوکەکە نەخۆن. هەروەها ئەو کەسەی گاگێرە بەڕێوەدەبات، دەبێ گوگرە بگرێت بە دەستیەوە و کاتێ گاکان شیاکە یان ریخیان کرد، گوگرەکە دەنێتە بەری و ناهێڵێت چەڵتوکەکە پیس ببێت.

دوای گێرە، بەڵمەخاودەکرێت، ئیدی هەڵدەتەکێنرێت، تا دانەکەی بکەوێتە ژێرەوە و بەڵمەکەی بکەوێتە سەرەوە و بە ئاسانی جیابکرێتەوە. دوای بەڵمەخاو، خڕدەکرێت و دەکرێتە خەرمان. ئەگەر گەردی پێوەبێت، ئەوا لەکاتی بوونی کزە شەماڵێك شەندەکرێت.

- **تووتن:**

وەبەرهەمهێنانی تووتن، ئەرك و ماندوێتیەكی زۆری دەوێت. جووتیاری كورد زۆر لە مێژە لەگەڵ تووتندا خەریكە، هەرچەندە تووتن ماوەیەكی زۆری دەوێت و تەنیا لە وەرزێكدا ناكرێت، بەڵكو دەبێ جووتیار زووربەی كاتی پێوە خەریك بێت. لەم ناوچەیەدا تووتن بەزۆری جۆری خۆماڵی دەكرێت و بە چەند هەنگاوێك سازدەدرێت. ئەوانەی خەریكی تووتنكردنن، بەم شێوەیە كارەكانیان رێكخستووە.

1. **شەتڵكردن:**

لە مانگی نەورۆزدا زەوی بۆ شەتڵكردن خۆشدەكرێت. دووكانە شەتڵ بە پێوانەی 2×4م هەڵدەبەسترێت و پەینی پێوە دەكرێت و خاكەكەی بە بێڵ هەڵدەگێڕنەوە، تا زەویەكە پاك و خۆشكرێت، پاشان بەشێك تۆوی تووتن و دوو بەش خۆڵەكەوەی داربەڕوو تێكەڵدەكرێت و دەكرێت بە دووكانە شەتڵەكانەوە. دەشكرێت بێ خۆڵەكەوە تۆو بكرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێ بە هەژگێك تێكبدرێت، بۆئەوەی تۆوەكە لەگەڵ ئەو پەینەی سەرەتا كراوە بە دووكانە شەتڵەكانەوە تێكەڵ بە خاكەكە ببێت. ئەمەش لەبەر دوو هۆی تایبەتییە، كە یەكەمیان بۆ پاراستنی تۆوەكەیە لە زریانە سروشتییەكان و دووەمیشیان بۆئەوەی لەكاتی دەرهاتنیدا بەهێزبێت.

دوای تۆوكردن، بە باگردێن دەكوترێتەوە، تا توندوتۆڵ بێت و بەباشی ئاوبخواتەوە. ئیدی سەرشەتڵی دەخەن، ئەوەش بەهۆی تەروو، یان بەڕوو، یان شینكەوە دەبێت. دوای سەوزبوون لە دەوروبەری مانگی گوڵاندا بژاردەكرێت، گیابەهارە و وێنجە و سێپەڕە و سملكەی لـێ دووردەخرێتەوە. هەروەها ئەگەر ئەو ساڵە باران دووركەوتەوە، دەبێت ئاوەڕشێن بكرێت.

2. **سازکردنی زەوی:**

ئەو پارچە زەوییەی کە بۆ تووتن خۆشدەکرێت، لە سەرەتادا دەیکێڵن و تەنیا یەك گاسنی لێدەدرێت، دوای سێ رۆژی دی گاسنێکی تری لێدەدرێت، هەروەها پاش سێ رۆژی تر گاسنێکی تری لیدەدرێتەوە، ئیدی شەستەی دەکەن- واتە دوو سواڵە گەلا، یان بەلەك دەبەستن بەیەکەوە و دەیکەن بە گەری دوو لقەی هەوجارەکەوە و شەستەی پێدەکرێت، تا زەوییەکە خەت خەت دەبێت. دوای ئەوەش ماکاو دەبڕن. 10 قەد ماکاو لەسەر درێژیی ماکاوێك دەبڕنەوە. ئەوەش لەسەر 10 خەت دێراو دەبەستنەوە و بە بێڵ ناو دێراوەکان پاکدەکرێتەوە. هەروەها لەگەڵ ماکاودا نیرە- باوەر لە ناوەڕاستدا لێدەدرێت.

3. **شەتڵ ناشتن:**

رۆژێك بەرلەوەی شەتڵەکان هەڵکێشرێت، ئاو دەکرێتە بن شەتڵەکان، تا گڵەکەی نەرمبێتەوە و شەتڵەکان بە ئاسانی دەرکێشرێن، لەگەڵ هەڵکێشانی شەتڵەکاندا دەبێ چەپك چەپك پێکەوە ببەسترێن. ئیدی 4-6 کرێکار دەچن بۆ شەتڵ ناشتن، بەڵام دەبێ لە پێشدا ئاو بکرێتە ناو دێراوەکان و بە بێڵ خۆشکرێت، خۆ ئەگەر زەوییەکە شۆر بوو بەلەکبەند دەکرێت، تا ئاو داینەدرێت. ئیدی شەتڵ لەدوای شەتڵ بە ریز لەناو دێراوەکاندا دەنێژرێت، دوای دوو رۆژ پاشاودەکرێت- واتە ئاوی لێدەگیرێتەوە، ئەوەش بۆئەوەی بن شەتڵەکان باش خۆی بگرێت. پاشان واژاو دەدرێت و دوای ئەوەش سێ ئاو دەکرێت. هەر کە گیرسایەوە و توندوتۆڵ بوو، ئیدی بە نۆ رۆژ جارێك ئاو دەدرێت. پاچەکۆڵە و بژاردەکرێت و دوای 15 رۆژ کە خڕکەلە بوو دوو بژارە دەکرێت، کە گەورەش بوو وەچدەکرێت. لێرەوە بەپێی جۆرەکانی تووتن جیادەبێتەوە و هەر جۆرە و بەگوێرەی خۆی کاری بۆ دەکرێت.

لەم ناوچەیەدا بەگشتی دوو جۆر تووتن دەکرێت، کە ئەوانەش رەشۆکی و سامسۆنە.

## رەشۆکی- دەمەت

سەرەتا خونچەکان وەچدەکرێن، 4-6 گەڵای پێوە دەهێڵنەوە، ئەوەش بۆئەوەی گەڵاکانی پان و بەهێز و سەنگین بێت. دوای ئەوەی سەرو وەچکرا، ئاوێکی دی دەدرێت، پاشان زەرددەبێت. دوای زەردبوون دەشکێنرێتەوە، نواڵە نواڵە دەکرێت. گەڵاکانی نوشتدەکرێت و لەولاوە شوێنی بۆ چاکدەکرێت و نواڵەکان لە شیش دەدرێت. هەر 20 نواڵە دەکرێت بە شیشێکەوە، ئەوەش بەپێی درێژی و کورتی شیشەکانە. شیشەکان لە تووڵی ژاڵە، یان سەرپەلی چنار سازدەکرێت. دوای ئەوەی نواڵەکان بە شیشەکانەوە وشکبوونەوە، ئیدی ئاوی لێدەپرژێنرێت، تا هەڵنەوەرێت، ئەوسا دەخرێتە مشتاخە تووتنەوە. دەمەك بێ دارکە، بەڵام نوشتە بە دارکەوەیە، تا لە کێشدا سەنگین دەرچێت.

## سامسۆن

دوای ئەوەی تووتن ئاوی پێنجەمی درا، کاتێ تووتنەوان دەچێتە ناو تووتنەکەوە، دەڕوانێت 1- 3 گەڵای لـێ زەردبووە، ئیدی ئەو گەڵا زەردانە دەکاتەوە و لە شریتی دەدات. ئاوێکی دی دەدرێ و تا 3- 4 رۆژ لێیدەگەڕێن. پاشان دەچنەوە ناو تووتنەکە و پێیدا دەگەڕێن، لەو بارەدا 4- 5 گەڵای لـێ زەردبووە. ئەوانەشی لێدەکرێتەوە و لە شریت دەدرێن. دیسانەوە ئاوێکی دی دەدرێتەوە و 3- 4 رۆژی دی لێی دەوەستن. دوای ئەو ئاودانە هەموو گەڵاکانی کە پێوەی ماوە زەردبوون. ئەوانەشی لێدەکرێتەوە و لە شریت دەدرێن. پاشان چەرداخ ئامادەدەکرێت و شریتەکانی پێدا هەڵدەخەن و تا ماوەی 10 رۆژ پێوەی دەمێنێتەوە، دوای ئەوەش زیندانی بۆ لێدەدرێت.

زیندان بریتیە لە چاڵێکی گەورە، کە قوڵییەکەی لە باڵای تووتنەوانەکەدایە، کە رووبەری زەوییەکەی لە دیوی ناوەوە 2× 4م . دارەڕادەکرێت و گەڵای دەخرێتە سەر و

گڵەباندەکرێت. لەناوەوە بزمار بە نیرگەکاندا دادەکوتن و ئاو دەکرێتە زیندانەکەوە، بۆئەوەی شێ بهێنێتەوە. ئیدی چوار چوار، یان سێ سێ گورزە دەکەن، ئەگەر تووتنەکە بەهێزبوو، 75- 80 گورزە لەیەك دەبەستن و بە بزمارەکاندا هەڵیدەواسن، پاشان بۆ ماوەی سێ رۆژ دەرگای زیندانەکە دەگیرێت. دوای ئەوەش دەریدەهێنن و لە سندوقی تایبەتیدا دادەگیرێت. هەر سەندوقەی 70- 80 شریتی تێدەکرێت. هەروەها دەبێ دووقەد بکرێت و شریتێ بەم لادا و یەکێکی دی بەو لادا و یەکێکیش لە ناوەڕاستدا دەبێت، هەروەها دەبێ دەمارەکان بە یەك ریز بێت. ئیدی تەختەدار یان بەردی تەخت لە سنوقەکاندا دەخرێتە سەریان، بۆئەوەی مەودای جووڵە ببڕن و گەڵا تووتنەکە پێکەوە مەڵاس بن.

**تێبینی:**

ئەو زەوییەی جووتیارەکەی دەستی نەپەرژابێت بیکێڵێت، لە هەمان کاتیشدا باران نەبووبێت، ئەوا زەوییەکە "دەپەڕێتەوە" واتە وشکدەبێتەوە. بەتایبەتی کاتێ کە دەکرێت بە تووتن، دەبێ ئاوی بکرێتە سەر و بۆ ماوەی دوو، سێ رۆژ کەشاو بکرێت، ئەوسا دەکێڵرێت و خۆشدەکرێت.

4. **نۆك:**

ئەو زەوییەی بۆ نۆك دادەنرێت، لە مانگی رێبەنداندا گاسنێکی لێدەدرێت، تا هەرچی دەخیلەیەکی تێدابێت لەناوبچێت. هەروەها لە مانگی نەورۆزدا وەردی دەبڕنەوە و تۆودەکرێت و وەردی دەدرێتەوە.

تۆوکردنی نۆك بەشێوەیەکی تەنك دەکرێت. دوای بارانی بەهار بژاردەکرێت. لەو بارەیەوە کورد دەڵێت: بۆ نۆك بارانێك کەمە و دوانیش زۆرە. واتە زوو سەوزدەبێت و دێتەبەر. خۆ ئەگەر دوو باران لێیبدات و ئاوێکی باش بخواتەوە، ئەوا لە وەختا هەراش

دەبێت و لەنێوانی دروێنەی جۆ و گەنمدا دەدورێتە- دەسکەنەدەکرێت. ئەوانەی دەچن بۆ دەسکەنەی نۆك، دەبێ پەڕۆ و پارچە قوماش لە دەستیان هەڵپێچن تا دەست و چنگ و پەلیان بپارێزن لە برینداربوون. دەسکەنە زیاتر منداڵان یان ژنان پێوەی سەرقاڵ دەبن. هەریەکەیان چەندی بڕە نۆك بە دەستەوە هات دەیکاتە مەلۆ و بەردێکی دەنێتە بان، تا با بڵاوینەکاتەوە. ئیدی ژنانی کۆڵکێش حەوتمی گوریس لە زەویدا رادەخات و مەلۆکان کۆدەرێتەوە و دەبرێت بۆ شوێن خەرمان. بۆ ماوەی سێ رۆژ لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، پاشان گاگێرە دەیکوتێت و تارمی بۆ دەبەستن و شەندەکرێت، کە سوورکرا، بە هۆڕ و خەرار دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە و کاکەی خڕدەکرێت و دەکرێتە بەر دابەستە.

- **نیسك:**

هەرچەند نیسکیش وەك نۆك وەهایە، بەڵام نیسك لەگەڵ تۆوکردنی گەنم و جۆدا تۆودەکرێت، تا نەوەرێت و لە درەوی جۆدا ئەویش دەسکەنەدەکرێت. ئەگەر نیسکەکە بڕەکەی زۆر بوو، ئەوا بە چەشنی نۆك خەرمانی بۆ سازدەکرێت و بە گاگێرە دەکوترێت و تارمی دەبەستن و شەندەکرێت. بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ قووتی خێزان کرابێت، واتە بڕێکی کەم بێت، ئەوا لەناو جاجمێکدا بە لیس دەکوترێت و تەتەڵە و بێژنگ دەکرێت و دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەو جووتیارانەی نیسك تەنیا بۆ خواردنی خێزان دەکەن، لەو زەوییەدا دەیکات کە جۆی تێداکردووە. شوێنێکی لە لایەکەوە بۆ تەرخاندەکات و هەر لەگەڵ جۆکەدا تۆویدەکات و لەگەڵ جۆدرەویشدا نیسکەکەش دەسکەنەدەکرێت. هەروەها جگە لە نیسك، زۆر لە جووتیاران شملی و کزنیش لەگەڵ جۆدا دەکەن، بەڵام رەشکە لەگەڵ گەنمدا دەکرێت. رەشکە و شملی دەکرێتە ناو نانەوە، تا تام و بۆنی نانەکە خۆش بێت و ناهێڵێت بۆن کۆن بدات، بەتایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی کە نانی زۆر دەکەن و نانەکەیان دەمێنێتەوە.

## نەخۆشیەکانی دانەوێڵە

- **گەنم و جۆ:**

1. **کرۆشە:** جۆرە کرمێکی تایبەتە، کە زیاتر لە ساڵانی وشك و کەم بارانیدا لە گەنم و جۆ دەدات. لە بنەوە رەگەکەی دەخوات و بە لاسکەکەیدا سەردەکەوێت، بەرلەوەی بگاتە ئەوەی گوڵ بکات سیسیدەکات وشکدەبێت.
2. **ژەنگ:** پێش ئەوەی گەنم توندببێت و خۆی بگرێت، ئەگەر لەو کاتەدا باران بەزۆری لێیبدات، ئەوا دەچێتە ناو گوڵەکانیەوە و دەیکات بە ژەنگ، بەوەش لە گەشە دەوەستێت و دەپووکێتەوە.
3. **کوێروو:** لەکاتی گوڵکردندا ئەگەر کوێروو لێیبدات، بێبەر دەبێت و پووت دەردەچێت.
4. **ئافات:** مشك و کوللە و سن، دەردێکی ترە و لە ساڵانی وەیشومەدا بەسەر دانەوێڵەدا دێت.

- **نۆك:**

1. **کەللەسمە:** جۆرە کرمێکی رەنگ سەوزە، کاتێ نۆك کەلوو دەکات، ئەو کرمە دەچێتە کەلووی نۆکەکەوە و ناوکەکەی بە سەوزی دەخوات. ئەگەر رێژەی کرمەکە کەم بێت، ئەوا تەنیا ناوکەکە دەخوات، خۆ ئەگەر زۆر بێت، ئەوا بە گەڵاکانیشیەوە ناوەستێت. هەرچەندە ئەمڕۆ بەهۆی دەرمانی تایبەتیەوە چارەسەردەکرێت، بەڵام لە سەردەمانی کۆنتردا ژنان چوونەتە ناو نۆکەکەوە، کە کەللەسمە لێیداوە. لەناو نۆکەکەدا هێلکە و رۆنیان کردووە و ئەم گۆرانیە فۆلکلۆریەیان وتووە:

کەللەسمەی کەللەچی،

هەتا دێمەوە دەرنەچی،

کلکت لێدەکەم بە قامچی.

2. **گڕە:** لە بەهاراندا بەڕێکەوت تاوێ باران دەبارێ و هەتاوێکی گەرم بەدوایدا دێت. ئەم ساردی و تەڕی و گەرمییە دەبێتە گڕە و نۆکەکە دەسوتێنێت و وشکیدەکات.

- **تووتن:**

1. **بڕە وشکە:** جۆرە کرمێکە و لەژێر زەویدا پەیدادەبێت و دەدات لە توێکڵی دەم ڕەگی تووتن و وشکیدەکات. لە کۆندا بۆ چارەسەری ئەو کرمانە، هەر کە هەستیان کردبێت بڕە تووتنێك کرم لێیداوە، خێرا ئەو بڕە تووتنەیان هەڵکێشاوە و کرمەکانیان لەناوبردووە، تا نەتەنێتەوە بۆ بڕە تووتنەکانی دی.
2. **شیرینە:** جۆرە مێشوولەیەکی ڕەنگ سەوزە و لە گەڵای تووتن دەدات. ئەم مێشوولەیە بە ڕەشەبا و هەوای فێنك زۆردەبن. بۆ چارەسەر خۆڵی گەرمی بەر خۆرەتاو دەکەن بە گەڵا تووتنەکانەوە و لەناویان دەبات.
3. **دۆوکە:** لە ئەنجامی ئاودانی زۆردا، بەتایبەتی لە وەرزی پایزدا دۆوکە لە تووتن دەدات. ئەگەر فریایکەون و هەر زوو ئاوی لێبگرنەوە، ئەوا تەشەنە ناکات و لەناودەچێت، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی بوو، تووتنەکە لەناودەچێت.
4. **گیاکەڵە:** جۆرە دڕکێکی سەوزە، کە لە بن ڕەگی بڕە تووتنەکاندا سەوزدەبێت. ئەم جۆرە گیایە مشەخۆرە و ناهێڵێت خواردن بچێت بۆ بڕە تووتنەکان و وشکیدەکات. ئەگەر گیاکەڵەکە ڕیژەکەی کەم بێت بە بژار چارەسەردەکرێت، بەڵام ئەگەر زۆر بوو، ئەوا بڕە تووتنەکان لەناودەبات و چاری نییە.

# بەشی سێیەم

## دار و درەخت

- **دار و درەختی خۆڕسك**

داربڕین

خەڵوزکردن

جۆرەکانی دار و درەختی خۆڕسك:

1. داربەڕوو،
2. دارمازوو
3. گوێژ
4. ترش
5. دارەبەن- قەزوان
6. بەلاڵووك
7. چواله کێویله
8. هەرمێ کێویله
9. هەنجیره کێویله
10. بایەف
11. دارەڕەش
12. تایله
13. بەوز
14. کەوت
15. قەرەقاچ

- **دار و درەختی دەستنێژ:**

1. مێو: باخە رەزی ترێ، جۆرەکانی ترێ، ترش و شیرین، دۆشاوی ترێ، کشمیش، مێوژی خۆڵاویی، مێوژە رەشکە، خۆشاو، باسووق.
نەخۆشیەکانی مێو.
2. ئەو دار و درەختانەی بە بەراو دەکرێن.
هەنجیر و جۆرەکانی
ئەو شتانەی لێی دروستدەکرێت،
پەپکە هەنجیر، هەنجیرە وشکە، مورەبا.
نەخۆشیەکانی هەنجیر.
قۆخ و نەخۆشیەکانی
هەڵوژە و جۆرەکانی.
قەیسی و جۆرەکانی
سێو و جۆرەکانی
هەرمێ و جۆرەکانی.
3. ئەو دار و درەختانەی بە دێم دەکرێن.
هەنار و جۆرەکانی و ئەو شتانەی لێی دروستدەکرێت.
چوالە،
توو و جۆرەکانی،
گوێز.
موتوربەکردن: کیف، سنگ، چرۆ و دوگمە.

## • دار و درەختی خۆڕسك

دارستان و لێرەوارەکان لە کوردستاندا بەگشتی و لەم ناوچەیەشدا بەتایبەتی، کەلێنێکی دیی پێداویستیەکانی ژیانی کوردەواریی پڕکردۆتەوە. هەرچەندە کەش و هەوا و ئاو و رادەی بارانبارین وەك کاریگەریەکی سەرەکی رۆڵی لە گەشەکردنیدا هەیە. بۆیە ئەگەر بە وردی چاوێ بخشێنین بە دارستانەکانی کوردستاندا، دەبینین لە بەراوردا لەگەڵ دارستان و لێرەوارەکانی وڵاتانی تردا زۆر چڕوپڕ نین. ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك: یەکێ لەو هۆکارانەش ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا لادێکانی کوردستان، بگرە هەندێ لە شار و شارۆچکەکانیش، بەزۆری بۆ سووتەمەنی رووده‌کەنە داروده‌وەنە خۆڕسکەکان و کەمتر دەستیان دەگات بە جۆرەکانی تری سووتەمەنی. سەرەڕای ئەوەش، گوندەکانی نزیك دارستانەکان خەریکی وردە بازرگانین بە دار و خەڵووزەوە، هەروەها زووربەی خانوبەرەی گوند و شار و شارۆچکەکانیش کەم تا زۆر داری دارەڕا و داروپەردوو لە دارستانەکانەوە دەهێنن، لەوانەش دەستەك و دیرەگ و کۆڵەکە...هتد. هەر ئەوەش وایکردووە کە لە کوردستاندا هەر گوندە و بەشێکی تایبەتی لەو دار و دەوەنە خۆڕسکانەی هەبێت و هەر بنەماڵەیەك لەو گوندەدا بەشێکی لــێ بڕکردووە و بەناوی "قەدەغە"وە قۆرخی کردووە و کەسێکی دی بۆی نییە داری لــێ ببڕێت. بۆ دیاریکردن و بڕکردنی قەدەغەکان، بە چواردەوریا چەند دارێکی لــێ هەڵدەپاچرێت و سنووری قەدەغەکانی پێ دیاردەکرێت. ئیدی مافی خاوەن قەدەغەیە، کە داری لــێ ببڕێت بۆ فرۆشتن و خەڵووزکردن و داری زۆپا و کەرەسەی خانوبەرە و جووت.

بەگوێرەی دارستانە دوورە دەستەکانی نێو چیا سەخت و دژوارەکان، هەموو کەس توانیویێتی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریبهێنێت. هەرچەند ئەم کارە لەم دواییەدا بە مەبەستی پارێزگاری لە لێوارەکان قەدەغەکراوە.

دار و درەختی خۆڕسك، جگە لەوەی لە رووی بەکارهێنانی دارەکەیەوە بۆ فرۆشتن و خەڵوزکردن و شتەکانی دی، وەك سەرچاوەیەکی ئابووری لاوەکی کەڵکی بە خەڵکانی گوندەکان گەیاندووە. لەلایەکی تریشەوە و لە زۆر رووی ترەوە لە بەرەوپێشبردنی رەورەوەی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا یارمەتیدەربووە. وەك تاشین و سازدانی زووربەی کەرەسەکانی بەکارهێنان و بەکاربردن لە ژیانی پیشەییدا، جگە لەوەش بەروبوومەکەشی سامانێکی بێ ئەرك و ماندووبوونە لە رووی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵەوە و ئاستێکی تایبەتی و بەرچاوی هەیە.

## داربڕین

لە سەرەتای وەرزی زستاندا، گوندنشینەکان گوریس و تەور و تەوراس لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و روودەکەنە لێرەواری چیاکان. ئەوەندەی خێزانەکانیان لەو وەرزەدا پێویستیان بە داری سووتاندن هەبێت، بۆ زۆپا و نان و چێشتکردن، دار دەبڕن و بە کەر و بار دەیهێننەوە و لە شوێنێکدا هەڵیدەچنن، هەروەها پرژە و چیلکەوچەوێڵیش بە کۆڵ دەهێنرێتەوە، کە ئەمەیان زیاتر بۆ ئاگرکردنەوەیە، واتە چەند پرژەیەك دەکاتە خۆراکی چەند لقەدارێکی ئەستوور.

هەر لەو کاتانەشدا هەرەوەزی داربڕن بۆ مزگەوت و ماڵی مەلای مزگەوت کراوە، ئەگەر گوندەکەش شێخە دێ بێت، ئەوا بۆ شێخ و ئاغاش کراوە.

زۆر کەسیش خەریکی دارفرۆشتنە، هەر بە چەند رۆژێك یەك دوو بار دار دەبڕن و دەیبەن بۆ شارەکان بۆ فرۆشتن. بە پارەکەشی شەکر و چا و هەندێ پێداویستیان پێ کڕیووە.

لە سەرەتای وەرزی پاییزدا، ئەوانەی خانوبەرە هەڵبگێرنەوە و گوێسوانە چاك بکەن، پەنادەبەنە بەر لێرەوارەکان، دەستەك و نیرگە و کۆڵەکە دەبڕن.

## خەڵوزکردن

ئەوانەی بە کاروباری خەڵوزکردنەوە خەریکن، زیاتر لە رۆژانی بارانبارینەدا دەچن بۆ داربڕین. ئەوەش بۆئەوەی رێ لە کاروبارەکانی تری رۆژانەیان نەگرێت و لە رۆژانی خۆشییاندا پەکی جووتکردنیان نەکەوێت. ئەوانەی خەڵوزدەکەن، زۆرجار ماوەی چەند رۆژێك بە کەژەوە دەمێننەوە و نان و خۆراکیان بردووە، کە زیاتر رۆنی خۆماڵی و هەنگوین و دۆینە و کەشك و شەکر و چا بووە. خەڵوزکردن وەك کارێکی لاوەکی، یارمەتی جووتیاری کوردی داوە، لە پەیداکردنی قوتی رۆژانەی خۆی و خێزانی، بەتایبەتی لە رۆژانی باراندا کە کاری تری پێنەکراوە.

خەڵوزکردن چەند شێوە و رێگایەکی هەیە و هەر جۆرەش ناوێکی تایبەتی لە خەڵوزەکە ناوە.

### 1. خەڵوزی کوورە:

دار لە کەژ دەبڕن و دەیهێننەوە بۆ ئاوایی، بە تەوراس وردەکرێت و کوورەیەکی بۆ ئامادەدەکەن، کە لە شێوەی قوچەکیدا دارەکان دادەنرێت و بە پەین دادەپۆشرێت و ناهێڵن لە هیچ لایەکەوە بەدەرەوەبێت، جگە لەو دەرگا بچوکەی بۆ ئاگرتێبەردان دەیهێڵنەوە، ئیدی کونبڕی دەکەن. لەسەر پەینەکەشەوە هەندێ خۆڵە رەشی بەسەردا

دەکەن، بۆئەوەی لە ناوەوە بیکات بە هەڵم و هەواکەی دەرنەچێت. قەوارەی کوورە بەپێی خواستی خەڵوزکەرە، چەندی بوێت دەتوانێت قەوارەکەی گەورەتر بکات، یان بە چەند جێیەك بیکات.

لە دەرگای کوورەکەوە هەندێ پرژە و چیلکەوچەوێڵ دەخەنە ژێر دارەکانەوە و ئاگری تێبەردەدەن و تا دوو ڕۆژ لێیدەگەڕێن. کاتێ دڵنیابوون لەوەی کە تەواوی دارەکان سووتاوە، ئەوسا پەینەکە لادەدەن و خەڵوزەکە جیادەکەنەوە و دەکرێتە فەردە گونیەوە و دەبرێت بۆ شارەکان بۆ فرۆشتن.

**تێبینی:** خەڵوزی کورە بەو هەموو ئەرکەوە تا هاتۆتە بەرهەم، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا نرخی بارێکی تەنیا "150" فلس بووە، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا ئەو پارەیە هەندێ کەلێن و پێداویستی خێزانی پڕکردۆتەوە.

## 2. خەڵوزی ڕەشۆکی:

بۆ دروستکردنی خەڵوزی ڕەشۆکی، چاڵێکی گەورە لە زەویدا هەڵدەکەنرێت، چیلکەوچەوێڵ و گەڵای لە ناودا رادەخەن، ئیدی لیژنەدار بەپێی قەوارەی چاڵەکە لەسەر چیلکەوچەوێڵەکە هەڵدەچنرێت. ئاگری پێوەدەنرێت و لێیدەگەڕێن تا هەموو دارەکان دەبێتە پشکۆ، دوای ئەوە گڵ دەکەن بەسەر ئاگرەکەدا و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. دوای ئەوە گڵەکەی لەسەر لادەبەن، ئەگەر ئاگر و ژیلەی تێدا مابوو، ئەوا ئاوێکی لێدەپرژێنن، تا تەواو دڵنیادەبن لەوەی کە ئاگری پێوە نەماوە، ئەو کاتە خەڵوزەکە دەکرێتە فەردە گونیەوە و دەبرێ بۆ فرۆشتن.

## 3. خەڵوزی دارەتەڕ:

خەڵوزی دارەتەڕ دەبێ لە نزیکی ئاوەوە بکرێت، ئەگەر جۆگە و کارێز و کانی لەو دەڤەرە نەبوو، ئەوا دەبێ خەڵوزکەرەکان ئاویان لەگەڵ خۆیان هێنابێت.

سەرەتا دارە ئامادەکراوەکە لەسەریەك هەڵدەچنن و ئاگری تێبەردەدەن، هەر سکڵی کرد و پشکۆکانی دەرکەوت، دەستبەجێ ئاوپرژێنی دەکەن و بە دارێکی دوو لق خەڵوزەکە وەردی دەدرێتەوە، بەم جۆرە تا هەموو دارەکە دەبێتە پشکۆ و ئاوی لێدەپرژێنرێت. ئیدی لێیدەگەرێن تا هەڵمەکەی دەردەچێت، ئەوسا دەکرێتە فەردەوە و دەبری بۆ فرۆشتن.

**تێبینی:** ئەو جۆرە خەڵوزە زیاتر ئاسنگەر بەکاریدەهێنێت، چونکە خەڵوزەکەی بۆ کوورەی ئاسنگەر زیاتر خۆڕاگرترە لە جۆری خەڵوزەکانی دی.

## جۆرەکانی دار و درەختی خۆڕسك

دار و درەختی خۆڕسك دەکرێت بە دوو بەشەوە:

بەشێکی بەرەکانیان بۆ خواردن بەکاردێت و لە رووی بازرگانی و هەندێ لایەنی تری ژیانەوە کەڵك دەگەیەنن، بەڵام بە گوێرەی دارەکانیانەوە ئەو گرنگیەیان نییە و کەمتر کەرەسەکانیان لـێ دروستدەکرێن، هەروەها بۆ سووتاندنیش بەکارنایەن، ئەوەش زیاتر لەبەرئەوەیە کە کەڵك لە بەرەکانیان وەردەگیرێت.

جۆری دووەمی دارە خۆڕسکەکان ئەوانەیە کە بەرەکانیان بۆ خواردن بەکارنایەت، هەرچەند لەوانەیە بۆ داوودەرمان و ئاڵووێر پێوەکردن کەڵکی هەبێت، هەروەها زووربەی کەرەسەکانی بەکارهێنان و بەکاربردن و خانوبەرەی لـێ دروستدەکرێت و سەرچاوەیەکی سەرەکی سوتەمەنییە.

## یەکەم/ دار بەڕوو:

داربەڕوو بەگشتی لە هەموو کوردستاندا دەڕوێت و ڕێژەی لە دارە خۆڕسکەکانی دی زیاترە. داربەڕوو لە شێوەی دەوەندا گەشەدەکات، ئەگەر چەند ساڵێك نەیبڕنەوە، ئەوا لە ئەنجامدا دەبێتە شێخەڵ و دوای ئەوەش دەبێتە داربەڕوویەکی بەردار. داربەڕوو تەنیا یەك بەری هەیە، ئەویش وەك درەختەکە پێیدەوترێت بەڕوو، کە دوو جۆری شیرین و تاڵی هەیە. لە سەردەمانی کۆندا، بەتایبەتی لە سەردەمانی گرانی و قات و قڕیدا مرۆڤی کورد بۆ خواردن کەڵکی لێوەرگرتووە، کە لەگەڵ دانەوێڵەی تردا تێکەڵکراوە و کراوە بە نان، هەروەها زۆر جار وەك شەوچەرە لە ڕۆژانی سارد و سەرمادا خراوەتە ناو ژیلەمۆی ئاگرەوە و بە برژاوی خوراوە. لە کوردەواریدا باوە دەڵێن ئاوی دوای بەڕوو شیرین و سازگارە. جگە لە بەڕوو وەك بەرهەمێکی خواردن، کلاوەکەشی کە پێیدەوترێت "جەوت" ئاڵوگۆری پێوە کراوە و بەکاریش هێنراوە بۆ تاڵکردنی کونگە و مەشکە و هیزە.

داری بەڕوو بۆ دروستکردنی زووربەی کەرەسەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیە ساکارەکان بەکارهێنراوە و لە سەرو ئەوانەشەوە بە پلەی یەکەم بەرهەمێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سووتەمەنی، خەڵوزیش بە زۆری لەم دارە بەرهەم دەهێنرێت.

ئەو کەرەسە و پێداویستیانەی لە داری بەڕوو دروستدەکرێت بریتیە لە: داربەنی، چەپەر، هەوجار، بەڕوولە، هەپە، چەمەرە، گاینجە، دەستەدوو، کەڵەمە، کۆڵەکە، دەستەك، نیرگە، دیرەگ و چان... هیتد.

## چەپەر:

چەپەر لە داری بەڕوو دروستدەکرێت و بۆ دەرگای ژوور و خانوو بەکاردێت:

- سێ دار بە درێژیی مەترو نیوێك.
- یەك داریش بە درێژیی 1.70م.
- دوو دار بە درێژیی یەك مەتر.
- دارێكی دووپەل بۆ گرێژنەکەی.

سەرەتا دوو دارە یەك مەتریەکە، لە هەردوو سەرەوە زمانەی لێ دروستدەکرێت و لە ناوەڕاستیدا دوو کونی تێدەکرێت بۆ جێ زمانەی ناوگرەکان. هەروەها لەسەر زمانەکانیش کونێك بۆ جێ بەڕوولە دەکرێت.

دارە مەترو نیویەکانیش تەنیا دووانیان زمانەی بۆ دەکرێت، داری سێیەم لە هەردوو سەرەوە جێ زمانەی بۆ دەکرێت. هەروەها دارە 1.70م لە جەمسەرێکیەوە کونی زمانەی تێدەکرێت و سەرەکەی دی کوندەکرێت. بەڵام دەبێ دوای هەر کونێك 15سم جێبهێڵرێت بۆئەوەی بکرێت بە گرێژەنەکەدا و سەرەکەی دی بخرێتە سەر ئەو بەردە نیمچە چاڵەی لە زەوییەکەدا ئامادەکراوە، ئەوەش بۆئەوەی چەپەرەکە بە ئاسانی بکرێتەوە و دابخرێت.

دارەکان ئامادەکراوە، زمانەی دارە مەترییەکان دەکرێن بە کونی دوو دارەکەی لە کۆتایی جەمسەرەکانیانەوە جێ زمانەی بۆ کراوە. هەردوو سەری زمانەکان بەڕوولەی تێدەکرێت بۆئەوەی دەرنەچن. هەروەها زمانەی دارە مەترو نیویەکانیش دەکرێن بە دوو کونی ناوەڕاستی دارە مەتریەکاندا و دەبنە ناوگر بۆ چەپەرەکە. دوای ئەوانە ناوەندی چوارچێوەکە بە توولی باریك دەچنرێت و زیادەکانی دەبڕن. لە دیواری ژوورەکەشدا گرێژەنە چەسپدەکرێت.

## داربەنی:

زۆر جار و لە زۆر شوێن و گوندەکانی کوردستاندا دەرگا و چەپەر بۆ گەوڕ، یان پشتیر ناکەن، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بە داربەنی ڕێگری لە چوونەدەرەوەی وڵاخەکان دەکرێت. داربەنی بریتیە لە دوو داری یەك مەتری، کە یەکێکیان لە دیوی ناوەوەی ژوورەکە و دووەمیان لە دیوی دەرەوە پێکەوە بە گوریسێك دەبەستن. بەڵام دەبێ لە ئاستێکی ئەوتۆدا بێت کە وڵاخەکان نەتوانن بە ژێریدا، یان بە سەریدا دەربازبن.

## دووەم/ دار مازوو:

دار مازوو لە کوردستاندا گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە. لە رووی ئابوورییەوە هەندێ لە بەرەکەی ئاڵوێری پێوە دەکرێت، بەتایبەتی مازوو، کە لە کۆنەوە لە کوردستان مازوو چنینەوە کراوە و لە شارەکاندا ساغکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا داری مازوو هەندێ بەری تریشی هەیە، کە کەم تا زۆر هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیەوە لە ژیانی رۆژانەی کوردەواریدا کەڵکێکی گەیاندووە. لەو بەرانەش:

- گزگل، کە بەکاردێت بۆ خۆشکردن و تاڵکردنی مەشکە.
- داڕوو، بەکاردێت بۆ پاکردنەوەی پێستە و لابردنی موو.
- قژقژە.
- سیچکە
- بەڕوو، کە بۆ خواردن بەکارنایەت.
- خڕنووك.
- لۆکە.
- جەوت، کە بەکاری خۆشکردنی مەشکە نایەت.
- دەموکانە، کە وەك مشەخۆرێ لەسەر مازوو، یان بەڕوو دەژی.

جگە لەو شتانەش دار مازوو، بە گوێرەی دارەکەیەوە بەکاردێت لە خانوبەرە و دروستکردنی هەندێ لە کەرەسە بەکارهێنراوەکان.

## سێیەم/ گوێژ:

گوێژ دارێکی بەردارە، لە قەدەکەیەوە بە رێکی هەڵچووە و دڕکاوییە، بەرەکەشی گوێژە، کە هەموو ساڵێك لە مانگی خاکەلێوەوە تا مانگی گەڵاڕێزان بەردەدات. گوێژ دوو جۆری هەیە، گوێژە زەردە و گوێژە سوورە- بلّچ.

ئەم دارە خۆرسکە بەزۆری لەنێو چیاکاندا دەڕوێت، کە کاتێ گوێژ پێگەیشت، ئیدی خەڵکانی ئەو ناوچە نزیکانە جاجم و گونیە دەبەن و لەژێر دار گوێژەکەدا رایدەخەن و گوێژەکە دەوەرێننە سەر جاجمەکە و پاشان دەکرێتە گونیەکەوە و دەبرێت بۆ فرۆشتن، بەتایبەتی لە شارو شارۆچکەکاندا. ئەم بەرهەمە بێ ئەوەی مرۆڤی کورد ماندوێتیەکی ئەوتۆی پێوە بکێشێت، هەموو ساڵێك کەڵك لە بەرەکەی وەردەگرێت و داهاتێکی لاوەکیە و بۆ خواردنی خێزانیش بەکاردێت. هەروەها بە گوێرەی دارەکەشیەوە هەندێ کەرەسەی لــێ دروستدەکرێت، بەتایبەتی ئەو کەرەسانەی کە بە بیری مرۆڤی کورد دەبێت لە داری بەردار بکرێت، وەك لۆرەلەپ و دۆژەنگەی مەشکە. سەرەڕای ئەوانەش موتوربەش لەسەر دارەکەی دەکرێت، بەتایبەتی لە جۆری موتوربەی "سنك". دەبێ لە بندا دارەکە ببڕنەوە و موتوربەکە لەسەر کۆتەرەکە بکرێت. جگە لە گوێژ، چوالە کێویلە و هەرمێ ژیلەش بۆ ئەم کارە گونجاوە.

## چوارەم/ ترش:

ترش جۆرە دارێکی خۆرسکە و بەرەکەی ترشە سوورەیە، کە وەك هێشووە ترێ دەیگرێت. بەرهەمی ترش داهاتێکی لاوەکیە، هەرچەند مرۆڤی کورد دەبێت کەمێ ئەرکی پێوە بکێشێت، بەتایبەتی لە رووی پارێزگاریکردنی لە ئاژەڵ تا لقەکانی

نەشکێتەوە. هەروەها دەبێ هەموو ساڵێك لە کاتی خۆیدا بەرەکەی بڕنرێت، چونکە ئەگەر دوابکەوێت، یان ساڵێك پێیڕانەگەن بیڕنن، ئەوا زرِ دەردەچێت و ئیدی بەر ناگرێت. هەروەها ئەگەر ئاژەڵیش لقەکەی بشکێنێتەوە و گەڵاکانی بوەرێنێت دیسانەوە زیانی پێ دەگەیەنێت و زرِدەبێت. لەبەر ئەوانە، ئەو کەسانەی کەڵك لە بەرهەمی ترش وەردەگرن، کەم یان زۆر رەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەکەن. بۆ ئەو مەبەستەش زووربەیان تەیمان بە دەوری دارە ترشەکاندا دەکەن و هەمیشە لە کاتی خۆشیدا بەرەکەی دەڕنن.

## پێنجەم/ دارەبەن- قەزوان:

لە داری دارەبەن هەندێ کەرەسە دروستدەکرێت، لەوانەش وەك تۆپی ئاشی ئاو، کە لە قەدێکی ئەستووری دارقەزوان دەکرێت، چونکە وەك سروشتی دارەبەن، بەهێزە و بەرگەگرە و لە ئاودا زیاتر دەمێنێتەوە و ناپووکێتەوە. بەرەکەشی کە قەزوانە، لە چەند روویەکەوە بەکەڵکە. بۆ خواردن بە فەریکی، بە شینی و بە سوێرکراوی. هەرچەند جۆری سێیەم زیاتر لە شارەکاندا سازدەکرێت، چونکە لە کەژەوە قەزوانی شین دەبرێت بۆ شار و لەوێش کارمەندی تایبەتی و دوکاندارەکانی ئەو جۆرە کارانە دەکەن سوێری دەکەن.

بە گوێرەی فەریکە قەزوانەوە، لە گوندەکاندا دەکرێتە دۆوە و تامێکی خۆش دەدات بە دۆکە، هەروەها لە شارەکانیشدا دەکرێتە ترشیاتەوە.

لە گوندەکاندا زۆر کەس لەکاتەکانی بێکاریدا خەریکی قەزوان کونکردنن و دەیکەنە تەسبێح. بۆ ئەوەش، لە مانگی خاکەلێوەوە قەزوان دەڕنن... بۆ دۆزینەوەی قەزوانی باش و جۆری ئەبڵەق، لە پێشدا چەند دەنکێك قەزوان هەڵدەوڵن و توێکڵەکەی لێ دەکەنەوە و لەبەر هەتاو هەڵدەخرێت، ئەگەر خاڵ و نەخشی تێدا دەرکەوت، ئەوە جۆری ئەبڵەقە، بە پێچەوانەشەوە جۆری سادەیە.

ئیدی قەزوان لە دار دەکرێتەوە و دەبرێتەوە بۆماڵەوە. لە گونیەیەکدا دەکوترێت تا بەتەواوی توێکڵەکەی بەردەدات، پاشان دەخرێتە ئاوەوە. ئەو دەنکانەی کە دەکەوێتە سەر ئاو، ئەو دەنکانەن کە ناوکیان تێدا نییە و بۆ تەسبێح جیادەکرێتەوە، هەروەها ئەو دەنکانەشی ژێر ئاو دەکەوێت، سوێردەکرێت و بۆ خواردن بەکاردێت.

جۆرە کرمێکی تایبەت لەناو قەزواندا پەیدا دەبێت، واتە قەزوانەکە خۆی هەڵێدەهێنێت. ئەگەر فریای بکەون و زوو قەزوانەکە کون بکرێت، ئەوا بۆ تەسبێحی ئەبڵەق باش دەردەچێت. بەڵام ئەگەر بەر لە کونکردن کرمەکە پەیدابوو، ئەوا لە ناوەوە قەزوانەکە دەخوات و کونیشی دەکات و دەیڕزێنێت.

ئەوانەی بەکاری تەسبێح دروستکردنەوە خەریکن، ئەم کەرەسانەیان پێویستە، کۆتەیەکی بچوك، لە شێوەی کۆتەی قەسابدا، کە لە دار دروستکراوە. درەوشەش لە دارێکی بچووك دەتاشرێت بۆ دەسکەکەی و بزمارێکی کەوشی لە سەرێکیەوە لە دارەکەدا چەسپدەکرێت.

سەرەتا قەزوانەکە دەخرێتەوە ئاو، تا کەمێك نەرمبێتەوە و پاشان جێی کونەکان بە دەمە تیغێك بریندارەکرێت، ئیدی لە ئاستی برینداریەکەدا بە درەوشەکە کونی تێدەکرێت.

تەسبێحی قەزوان چەند جۆرێکی هەیە:

- لاپان: کە ورد و درشت و ئەبڵەق و سادەی هەیە.
- دەنك موور: ورد و درشت و خڕو درێژکۆلە و ئەبڵەق و سادەی هەیە.

بە گوێرەی لاپانەکانەوە ناسکترن لە دەنك موورەکان و نابێت بە هەموو شت بشۆردرێت، چونکە وەك دەنك موور قایم و بەهێز نییە.

تەسبێح لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا لە سەرەتاوە بەهۆی ئایینی ئیسلامیەوە پەیدابووە، کە زیاتر بۆ ویرد و تەسبێحات بەکارهێنراوە. هەر لەبەر ئەو مەبەستەیە کە ژمارەی دەنکەکانی 101 دەنکە. هەرچەند ئەمڕۆ ئەوە ڕەچاو ناکرێت و وابەستەی ئەو ژمارە تایبەتیە نین لە هۆنینەوەیدا، زیاتر بۆ جوانی و بۆ خۆشیی ئارەزوومەندانی تەسبێحە. لە کۆندا گوێ نەدراوە بەوەی ئەبڵەقە یان سادەیە، درشتە یان وردە. بەڵام ئەمڕۆ بەخواستی ئارەزوومەندان ئەو دیدە گۆڕاوە. تەسبێح زیاتر دیاردەیەکە لەناو کەسانی بێکار و دەست بەتاڵدا دەبینرێت. لە کۆندا جگە لەوەی تەسبێحاتی پێکراوە، هەروەها وەك ئامێرێکی ژماردنیش بەکارهێنراوە. چونکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا نەخوێندەوار زۆربووە و نەیانتوانیوە ئەو شتانەی سەرژمێریان کردوون، ژمارەکە لە یاد و بیرەوەری خۆیاندا تۆماربکات و بپارێزێت. بۆیە بۆ هەر ژمارەیەکی دیاریکراو و ئاسان دەنکێکی لاداوە، پاشان سەرجەمی دەنکەکانی کە لایداوە، کۆیکردۆتەوە و ئەنجامەکەی زانیوە.

ئەمڕۆ تەسبێح دیاری و باربووی پێوە دەکرێت و نرخی جۆراو جۆری هەیە. بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەهۆنرێتەوە و ئیمامەی تێدەکرێت و دەنکێکی گەورە بۆ لای گوڵنکەکان و دووانی بچووك بۆ ناوەڕاست. تەسبێح هۆنینەوەش کاری کەسانی بەهرەمەندە لەو بووارەدا، یان هەر ئەو کەسانەی قەزوان کوندەکەن، کاری قەزازی و هۆنینەوەکەش دەکەن.

دارەبەن جگە لە بەرهەمی قەزوان، بنێشتیش بەرهەم دەهێنێت، کە ئەگەر لە قەزوان بەهادارتر نەبێت، ئەوا هاوشانی قەزوانەکە ئەمیش داهاتێکی گرنگە و بۆشایی تایبەتی خۆی پڕکردۆتەوە.

هەموو ساڵێك ئەوانەی خەریکی بنێشتن، لە مانگی خەرماناندا بنێشت کۆدەکەنەوە. خاك و خۆڵێکی ورد و خاوێن لەگەڵ وردە کا، یان پووشە وردە پێکەوە دەگرنەوە بە قوڕ. لەم قوڕەش کوچەڵە دروستدەکرێت و بە دەوری قەدی دارەبەنەکاندا چەسپدەکرێت و

لەبەردەمی هەر کوچەڵەیەکدا قەدی دارەبەنەکە برینداركراوە و کەلییەکی تێکراوە. هەروەها نێوانی کوچەڵەیەك بۆ کوچەڵەیەکی دی لەسەر هەمان هێڵ، 30- 40 سم دەبێت و نێوانی کوچەڵەیەك و ئەوەی دیوەکەی دی 20- 25 سم دەبێت.

دوای بیست ڕۆژ لە هەمان شوێنی کەلییەکەدا برینێکی دی بە پێوانەی 1.5 سم تێدەکرێتەوە. دوای پانزە ڕۆژی دی دیسانەوە بە پێوانەی 1.5سم دی بریندار‌دەکرێتەوە. واتە لە هەمان شوێندا سێ جار بریندار‌دەکرێت. ئیدی لە مانگی خاکەلێوەدا بنێشتەکانی ناو کوچەڵەکان کۆدەکرێتەوە، کە کاتی کۆکردنەوەشی دەبێت یان بەر لە خۆرهەڵاتن بێت، یان دوای خۆرئاوابوون.

لەولاشەوە چاڵێك ئامادەکراوە و بە خۆڵەمێش تەڕاوکراوە و هەموو بنێشتەکە دەکرێتە ناو ئەو چاڵەوە. دوای ئەوەی دەپاڵێورێت، بۆئەوەی پوشوپەڵاش و توێکڵەدار و خڵتەی پێوە نەمێنێت، ئینجا بە ڕێژەی یەکسان ئاوی بە بڕی بنێشتەکە تێدەکرێت و دەکوڵێنرێت. کە تەواو کوڵێنرا، کەمێکی بۆ نمونە دەکەنە ناو ئاوی ساردەوە و باشی و خراپی تاقیدەکرێتەوە، ئەگەر باش دەرچووبوو، ئەوا هەمووی دەکرێتە ئاوی ساردەوە و پاشان وەك هەویر دەشێلرێت. بنێشت لەکاتی کوڵاندندا کەفێك دەکات، کە دەبێت بگیرێت و فڕێبدرێت، چونکە دەبێتە هۆی بۆربوونی بنێشتەکە. هەروەها شێلاندنی بنێشتەکەش بۆ ئەوەیە، کە تاڵاوی قوڕاوی ناو بنێشتەکە ناهێڵێت و سپیدەکاتەوە.

**ئەو هۆ و هۆکارانەی بنێشت بۆردەکات:**

- هەندێ جار لەناو کوچەڵەکەدا کەف دەکات، بەوەش دەوترێ بنێشتی هار.
- کەفی ڕەش.
- خەتی سوور.
- کەفی کاتی کوڵاندن. هەر لەبەرئەوەیە لەکاتی کوڵاندندا دەبێت ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕەچاوبکرێت تا بنێشتەکە بۆر دەرنەچێت.

**هۆی سێ جار لەلەکردن و بریندارکردنی دارەبەن:**

- بۆ ئەوەی بنێشتەکە بەباشی بمەیەت.
- رادەی دەردانی زیاتر دەبێت.
- لە کێشدا سەنگین تر دەبێت.

**تێبینی:**

1. گەرما و رەشەبا، دوو کاریگەری باشن بۆ دەردانی بنێشت.
2. هەندێ دارەبەن بنێشتیان نیە، لەوانەش: دارەبەنە زڕەکان و دارەبەنی بنەوشیلەکان، هەروەها ئەو دارەبەنانەی لق و پۆپ و گەڵا و چڵیان پێوە نەماوە.
3. لەکاتی لە چاڵکردن و کولاندندا جگە لەو کەسەی سەرپەرشتی کارەکە دەکات، نابێت کەس بیبینێت، دەڵێن گوایە گڕدەگرێت، یان دەبڕسکێت.
4. ئەو چاڵەی بنێشتی کوچەڵەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە، دەبێ بە خۆڵەمێش تەڕاو بکرێت، بۆئەوەی بنێشتەکە نەلکێت بە دیواری چاڵکەوە.
5. کەم بریندارکردنی دارەبەن لەکاتی لەلەکردندا، بۆ ئەوەیە کە دارەکە زیاتر بەرگەبگرێت و بمێنێتەوە و بەربدات. بە رەچاوکردنی ئەو خاڵە، دارەبەنی وەها هەیە کە ماوەی 11 ساڵ بەردەدات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر زۆر بریندارکرێت، لە سێ ساڵ زیاتر بەرنادات.
6. بنێشت دەکرێتە تورەکەی خامی سپیەوە و لە شارەکاندا دەفرۆشرێت. لەم کاتەدا کیلۆی 8 دینار زیاترە.
7. لە بنێشتەتاڵ هەندێ داوودەرمانی خۆماڵی دروستدەکرێت، کە لە بەشی تایبەتی خۆیدا باسیان دەکەین.

## شەشەم/ بەڵاڵووك:

داری بەڵاڵووك لە شێوەی دەوەندایە و زۆر بەرز نابێتەوە. لە بنکەوە کۆمەڵە نەمامێك پێکەوە دەڕوێن، جگە لەوەی بەرەکەی کۆدەکرێتەوە و ئاڵوویری پێوە دەکرێت، دارەکەشی لە دروستکردنی ئەو شتانەی لە ژیانی رۆژانەدا کەڵکیان لـێ وەردەگیرێت گرنگیی هەیە. لەوانەش: ناوپەلەکانی چانی پێ دەچنن، کە لە کۆندا گێرەی پێدەکرا. هەروەها دارعەسای لـێ دروستکراوە، بەڵام بۆ گۆچان بەکارنەهێنراوە، چونکە دەڵێن- ئەوەی گۆچانی دار بەڵاڵووك بگرێ بەدەستەوە، دوورنییە ئازیزێکی نەمرێت.

## حەوتەم/ چواله کێویله:

چواله کێویله- چەقاله، دارێکی خۆڕسکه و لە شێوەی دەوەندایە و بەرەکەی تاڵە. دوای وشکبوونەوە دەڕنرێت و دوای یاکردن لە بازاڕی شارەکاندا ئاڵوویری پێوە دەکرێت. کەسانێکی تایبەت بەو کار و پیشەیە، سوێری دەکەن و دەیفرۆشن. چەقاله، دەنکەکەی بادەمییە. هەروەها دارەکەشی بۆ دروستکردنی زۆر کەرەسە کەڵکی لێوەردەگیرێت. لەوانەش: پەنجەکانی شەنی لێ دروستدەکرێت و موتوربەش لەسەر کۆتەرەکەی دەکرێت، ئەویش لە شێوەی موتوربەی "سنگ"دا.

## هەشتەم/ هەرمێ کێویله:

هەرمێ کێویله- ژیله، بەرەکەی بۆ خواردن و ئاڵوویر بەکاردێت، هەرچەندە تام و چێژی هەرمێی دەستنێژی نییە. لە دارەکەشی هەندێ کەرەسەی لێ دروستدەکرێت و موتوربەشی لەسەر دەکرێت.

### نۆیەم/ هەنجیرە کێویلە:

بەرەکەی بەکاری خواردن دێ و ئەگەر زۆریش بوو، ئەوا ئالووێری پێوە دەکرێت. هەنجیرەکەشی لە هەنجیری دەستنێژ لە قەوارەدا گچکە ترە. دارەکەشی لە زۆر بواردا کەڵکی خۆی هەیە.

### دەیەم/ بایەف:

بایەف، لە قەوارەی دەوەندایە و بەشێوەی لق لق دەڕوێت، قەدەکەی زۆر بەرزنابێتەوە و گەڵاکانی چڕوپڕ نییە. بەرەکەشی لە شێوەی چەقالەدایە، بەڵام دەنکەکانی خڕە و بادەمی نییە. ئەمیش بە هەمان شێوە لە مانگی ڕەزبەردا دەڕنرێت. ئالووێری پێوە دەکرێت و وەك چەقالە لە شارەکاندا سوێردەکرێت و دەفرۆشرێت.

### یانزەیەم/ دارەڕەش:

دارەڕەش، هەرچەند خۆڕسکە، بەڵام زۆر جار بۆ مەبەستی سێبەرکردن لە شوێنی تایبەت و دیاریکراودا دەستنێژ دەکرێت. لەو شوێنانەش گۆڕستان، هەروەها لە هەندێ شوێندا کە کۆمەڵێك پێکەوە رووان، سێبەرەکەی بەکاردێت بۆ مۆڵکردنی ئاژەڵ. دارەرەش بەرێکی وەهای نییە کە شایانی باسکردن بێت، بەڵام دارەکەی بۆ سووتاندن بەکاردێت.

### دوانزەیەم/ تایلە:

داری تایلە، دارێکی سەخت و رێك و بی گرێیە. زیاتر بۆ گۆچان دروستکردن بەکار دەهێنرێت. تووڵێکی رێکی لێ دەبڕنەوە، بەتایبەتی ئەو لقانەی کە بە تەنیا لە بنجەوە هەڵچوون و لە دارەکە جیابۆتەوە. دوای پاکردنەوە و توێکڵ لێکردنەوە، ئیدی لە

جەمسەرێکی ئەستوورترەوە دەخرێتە ناو ئاگرەوە، تا بەتەواوی گەرم دەبێت. بۆئەوەی کەمەی گۆچانەکە بچەمێنرێتەوە و "قەفانجەرە" دەکرێت، واتە بە شوڵێك دەمی کەمەکە دەبەسترێت و تا ماوەیەك لێیدەگەڕێن، کاتێ وشکبووەوە، کەمەکە بە چەماوەیی دەوەستێت.

لە کوردەواریدا دوو جۆر گۆچان هەیە، یەکەمیان گۆران دەمە، کە کەمەکەی بچووکە و زیاتر بۆ بەدەستەوەگرتن بەکاردێت. دووەمیشیان "مێگرە"، یان جافی دەمە، کە دەمی کەمەکە گەورەترە و بەکاردێت بۆ گلدانەوەی ئاژەڵ. ئەو ئاژەڵەی بیانەوێ لەوانی دی جیایبکەنەوە، کەمەی گۆچانەکە لە ملی دەئاڵێنن و رایدەکێشنە بەر دەمی خۆیان.

لە کوردەواریدا لە زۆر کۆنەوە گۆچان، یان عەسان یان هەر هیچ نەبێت دارێك گیراوە بەدەستەوە. بەتایبەتی بۆ کاروانچی و رێبوار، کە لە رێگە و باندا تەنیا بووە، یان بەکۆمەڵ بوون. ئەوەش زیاتر بۆ خۆپاراستن بووە لە هەندێ زیندەوەری زیانبەخش، هەروەها یارمەتیدەرێکیش بووە لە رێگە رۆشتندا.

## سیانزەیەم/ بەوز:

بەوز جۆرە دارێکی خۆڕسکە و جگە لە دارەکەی بەرێکی کەڵکداری ئەوتۆی نییە. بەرەکەی لە شێوەی سیچکەدایە، کە دەیشکێنیت ناوەکەی پڕە لە مێشوولە، بەڵام بە گوێرەی دارەکەیەوە بۆ سوتاندن و هەندێ شتی تر بەکاردێت.

## چواردەیەم/ کەوت:

داری کەوت، دارێکی سەختە و زیاتر بۆ دروستکردنی دراجگەرە و سەبیل و شەکردان و هەروەها گۆچانیش بەکاردەهێنرێت. لە کوردەواریدا گۆچانی دار کەوت پیرۆزە.

## پانزەیەم/ قەرەقاج:

قەرەقاج لە شێوەی لق لقدا و لە قەوارەی دەوەندا دەڕوێت. ئەم دارە خۆڕسکە، لە کۆن و نوێدا ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤی کورددا گێڕاوە. جگە لەوەی کە بۆ سوتەمەنی بەکارهێنراوە، هەروەها لقێکیشی کراوە بە "پەڵۆشە" و لەبری قوتیلەی نەوت بەکارهێنراوە. سەرێکی لقەکە دەکوترێت، بەشێوەی سیواك، ریشاڵ، ریشاڵ کراوە. ئەم داری قەرەقاجە وەك سروشتی خۆی زوو گڕدەگرێت و درەنگ دەکوژێتەوە. شەوانە کە چوونەتە ناو گەوڕ و پشتیرەوە، ئەو پەڵۆشەیەیان بەکارهێناوە بۆ ڕۆشنکردنەوەی بەرچاویان. جگە لەمانەش تووڵی قەرەقاج کراوە بە سەبەتە و قوڵێنە و بەرچنە، هەرچەند ئەو شتانە لە تووڵی داربەڕو، مازوو، داری بیش دروستکراوە.

## چۆنیەتی دروستکردنی سەبەتە:

ئەو کەسانەی سەرقاڵی دروستکردنی سەبەتە و قوڵێنە و بەرچنەن، زیاتر لە وەرزی هاویندا پێوەی خەریك دەبن. ئیدی لە داری بی، مازوو، بەڕوو، یان قەرەقاج تووڵ دەبڕن، هەروەها بەپێی قەوارەی ئەو شتانەی دەیانەوێ دروستیبکەن، تووڵەکان بە درێژی یەك مەتر ئامادە دەکەن... بۆ نمونە، بۆ سەبەتەیەکی گەورە، 32 تووڵی یەك مەتری دەبڕن، 16 تووڵ لە زەوییەکی تەختی نەرمدا بە دوورییەکی یەکسان لە شێوەی هێلکەییدا دەچەقێنن. بەزۆری نێوانی دوو تووڵ چوار پەنجە دەبێت. دوای ئەوەش بە شوڵەکانی تر لە بنکەوە دەستدەکرێت بە تەنین و تووڵەکان سەروژێر دەکرێت لەنێوانی 16 لقەکەدا، ئیدی بەپێوانەی یەك بست دەتەنرێت، یاشان لە زەویەکە دەریدەهێنن و ئەو بەشەی لە زەویدا چەقێنرابوو، لە ئاستی خۆیاندا دەکرێنەوە بەناو بستە تەنراوەکەدا بۆئەوەی هەڵنەوەشێت.

ئینجا 16 تووڵەکەی دی دەهێنن و هەریەکەیان لە ئاستی شاتووڵەکانی تردا دەکرێت بەناو تەنراوەکەدا، هەروەها لە دەم سەبەتەکەدا ناهێڵن زیادەی لێ دەربچێت. لە

کۆتاییدا بە هەر 32 تووڵەکە پێوانەی بستێکی دی دەتەنرێت و بەرە بەرە لەباری پانی بچووك دەکرێتەوە، ئەوەش بەهێزخستنە سەر لاکانی دەکرێت. بەتایبەتی هێز دەخرێتە سەر شاتووڵەکان و ئەو بەشەی کە ماوە دەتەنرێت و پەیتا پەیتا پاڵیش دەنرێت بە شاتووڵەکانەوە، تا تەواودەبێت، کە تەواوبوو، بستێك لە 32 شاتووڵەکان لە کۆتایی سەبەتەکەدا دەهێڵنەوە و زیادەکەی دەبڕن. ئەو بەشەی ماوەتەوە بەسەریەکدا بادەدرێت و بە ئاگر گەرمی دەکەن و بە پێ بۆ ناوەوە دەیشکێننەوە، پاش ئەوەش بە تووڵێکی ئەستوورتر بنکی سەبەتەکەش دەدوورنەوە.

بۆ دروستکردنی بەرچنەش بەهەمان شێوەیە، بەڵام لە کورت و درێژی و ژمارەی تووڵەکاندا جیاوازی هەیە.

سەبەتە و بەرچنە زیاتر بۆ کۆکردنەوە و چنینەوەی میوە و بەروبوومی درەخت بەکارهاتووە، هەورەها میوەشی تێکراوە بۆ بازاڕ و ئاڵوێرکردن. کاتێکیش کە کۆن بوون شتومەکی تێدا هەڵدەگیرێت، یان دوو پارچە بەنی تێهەڵدەکێشرێ و پەینی پێدەبرێت بۆ سەر سەرەنوێلك.

**چۆنیەتی دروستکردنی تەیکە- نانەشانە- پلاوپاڵێو:**

تووڵ لە داری قەرەقاج، بی، یان ئەرخەوان دەبڕن. بۆ رایەڵەی تەیکەیەك، 18 تووڵ بە درێژی 1.25 مەتر ئامادەدەکرێت. بە سێ شووڵ تەنین دەگەڕێت و لەسەر شەش تووڵ دادەمەزرێت. ئەو کەسانەی بەم کارەوە خەریکن، دەبێ تەیکەکە بخەنە سەر ئەژنۆکانیان. 75 شووڵ بۆ تەیکەیەکی ئاسایی، تەنین لەنێوانی رایەڵەکاندا سەروژێر دەکات، کە کۆتایی هات، ئیدی قەراغەکانی زنجیرە دەکرێت. ئەوەش بە کۆتاییەکانی جەمسەرەکانی رایەڵەکان دەبێتە زنجیرە، پاشان جەمسەرەکانیش دەکرێتەوە بەناو خۆیاندا.

تەیکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بۆ نان تەرکردن و نان هەڵچنین بەکاردێت، هەروەها بۆ پالآوتنی ئاوی پلاو.

## قوڵینە:

قوڵینەش بەشێوەی تەیکە، بنکەکەی دادەمەزرێنن، ئیدی لە سەرەوە جەمسەری رایەڵەکان دەبەستن و بۆ ماوەیەك لە بنکەکەوە دەستدەکرێت بە تەنین، تا چەند شوڵێك تەواودەبێت. پاشان جەمسەرەکان دەکرێنەوە و تەنین بەردەوام دەبێت تا کۆتایی. هەروەها وەك تەیکە کۆتایی لێوارەکانی بە زنجیرە کۆتایی دێت. لە بنکەوە دو تووڵی ئەستوور لەشێوەی نیشانەی کۆدا "+" دەکرێن بەناو تەنینەکەدا، ئەوەش بە مەبەستی قایمی بنکەکەیە.

قوڵینە بۆ نان تێدا هەڵچنین و گەنم شۆردنەوە بەکاردێت. لە قەوارەشدا گەورە و بچوکی هەیە.

## تێبینی:

لە کوردستاندا هەندێ دار و درەختی خۆڕسکی دی هەیە، کە کەم یان زۆر کەڵکیان لـێ وەردەگیرێت، لەوانەش: سوورە چنار، ئەرخەوان و داری بی و...هیتد، بەڵام بە رێژەیەکی ئەوتۆ بەشێوەی خۆڕسك لە دەشت و چیادا بەدی ناکرێت، تا وەك جۆرەکانی دی لەم بەشەدا ئاماژەیان بکەین. ئەو دار و درەختانە زیاتر دەستنێژن و بۆ مەبەستی ئاڵووێر و خانوبەرە و هەندێ کەرەسەی دی بەکاردەهێنرێن.

## دار و درەختی دەستنێژ

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین لەبارەی دارو درەختی دەستنێژەوە بدوێین، بەتایبەتی لە رووی جۆری ناشتن و پارێزگاری و خزمەتکردنیانەوە. هەروەها لە شێوە و جۆریەتی بەرهەم و ئەو شتانەی لە بەرهەمەکانیان دروستدەکرێن. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵدەدەین زیاتر سەلیقەی کوردەواری تێدا دیاریبکەین.

لەم ناوچەیەدا دار و درەختی دەستنێژ گەلــێ زۆرن، ئەمانەش هەندێکیانە:

- مێو- باخە رەزی ترێ.
- ئەو دار و درەختانەی بە بەراو دەکرێن، هەنجیر، قۆخ، هەڵووژە، قەیسی، سێو و هەرمێ.
- ئەو دار و درەختانەی بە دێم دەکرێن: هەنار، چوالە، توو- بە دوو شێوە دەکرێت- و گوێز.

لێرەوە لە هەر جۆرە و بەرهەمەکانیان و ئەو شتانەی لێیان دروستدەکرێت دەکۆڵینەوە.

### • مێو- باخە رەزی ترێ

لە مانگی رێبەنداندا لەو شوێنەدا کە ئامادەدەکرێت بۆ باخەمێو، چاڵ بە قوڵایی 50سم هەڵدەکەنرێت. ئەم چاڵانە هەرچەندە باران و بەفری بەسەردا ببارێت باشترە و زیانی نییە. نەمامەکان لە مانگی نەورۆزدا دەنێژرێن، هەروەها لە مانگی گوڵاندا باخەکە دەکێڵرێت، ئەوەش زیاتر بە جووتی گا دەکرێت، چونکە باخی مێو زیاتر بە لاپاڵ و شوێنی لابەلاوەیە و بە دێم دەکرێت.

دەبێ بە تەواوی ڕەشەکێڵ بکرێت و ئەگەر دەوروبەری بنە مێوەکانیش گاسن نەیگرێتەوە، ئەوا دەبێ بە بێڵ بکێڵرێت. بەم جۆرە هەموو ساڵێك دەبێ بکێڵرێت تا دێتە بەر. هەروەها ئەو مێوانەی بەریش دەدەن، هەر دەبێ هەموو ساڵێك لە کاتی خۆیدا زەوییەکەی ڕەشکێڵ بکرێن، تا زیاتر بەربدات و دووچاری هیچ کەموکوڕییەك نەیەت.

کاتێ پەڵاشی پەیداکرد، بە مشاری تایبەتی دەیبڕن، واتە بنکۆڵدەکرێت و لقە سەرەکیەکەی دیاریدەکرێت و چووزەرەکان کە لێی جیابۆتەوە، لە بنی گرێکاندا "قونار" دەکرێن، ئەوەش بۆئەوەی بنە مێوەکە نەمرێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە لقێك زیاتری بۆ ناهێڵنەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەو بنە مێوانەی بەریانداوە، ئەوەندەی لق بۆ دەهێڵنەوە، کە توانای گەشە و نەشونمای هەبێت. قونارکردنیش بۆ مەبەستی ئەوەیە کە هێز بدات بە لقەکانی سەرووتر و ئەوەش لە وەرزی هاویندا دەکرێت.

ئەو نەمامانەی تازە دەنێژرێت، تا چوار ساڵ نایەنەبەر. بەڵام پێویستە هەموو ساڵێك لە کات و سەردەمی خۆیدا قوناربکرێن و زەویەکەیان ڕەشکێڵ بکرێت. هەر کە ڕشایەوە- واتە مێشپەڕ بوو، بە بایەکی هێواش دەوەرێت، بەڵام کە هەڵیپێچا و بوو بە بەرسیلە، ئیدی لە غەم دەڕەخسێ و دەبێتە ترێ.

## جۆرەکانی ترێ

1. ترێ ڕەشکە
2. ترێ ڕەشمیری
3. ترێ سایانی- سالآنی
4. ترێ دۆشاوی- زەردە.
5. ترێ سەرقوڵە.
6. ترێ مام برایمە.

7. ترێ سوورکە.
8. ترێ کشمیشی.
9. ترێ سپیکە- هەنگوتکە.
10. ترێ پێشولکە- زوورەز.
11. ترێ بزمارکوت.
12. ترێ تایەفی.

لەم ناوچەیەدا، دوای ئەوەی ترێ دەڕنن، ئیدی بە سەبەتە و بەرچنە براوەتە شارەکان و ئالووێری پێوەکراوە. هەروەها لە نێوان گوندەکانیشدا بە کەر و ولاخ بارەترێ دەگێڕن و های ترێ بە گەنم کراوە. ئەوەش بەپێی ساڵ و کاتی هات و نەهاتە. سەنگێ ترێ بە دوو سەنگ گەنمە، یان بەرامبەر بووە. جگە لەوەی کە لە کوردستاندا ترێ بەو شێوەیە ساخکراوەتەوە، بەڵام زۆر خواردەمەنی لێ بەرهەم هێنراوە.

1. **ترش و شیرین:**

ترش و شیرین لە سەرەتای پێگەیشتنی ترێدا بەرهەم دەهێنرێت. کاتێ ترێ ئاڵ و بۆڵ بووە و هەندێ دەنکی گەییوە و هەندێکی تری هێشتا ترشە و بەتەواوی نەگەییووە. دوای ئەوەی ترێ رەشکە دەڕنرێت و لە دار کۆلێکی تایبەتی بۆ دەکرێت، لە تورەکەیەکی خاوێندا ترێکە بۆڵدەکرێت و لە کۆلەکەدا بەسەر یەکدا دەگوشرێت. ئیدی ئاوی ترێکە لە پلوسکەی کۆلەکەوە دەچێتە ناو ئەو دەفرەی کە لەبەر دەمیدا دانراوە. پاشان ئەو ئاوەی ناو دەفرەکە دەپاڵێورێت و دواتر دەیکولێنن، کاتێ کە ساردبۆوە، لە جیاتی شەربەت دەخورێتەوە، یان لەگەڵ هەندێ خواردەمەنیدا دادەنرێت. ئەم شەربەتی ترش و شیرینە زیاتر لە ترێی رەش دروستدەکرێت.

2. **دۆشاوی ترێ:**

ترێ دۆشاویی دەکرێت بە دۆشاو و پێیدەوترێت دۆشاوی ترێی سپی. هەروەها ترێی رەشیش دەکرێت بە دۆشاو و پێیدەوترێت دۆشاوی ترێ رەشکە.

ئەمیش بە هەمان شێوەی شەربەتی ترش و شیرین، ترێکە لە کۆلی تایبەتیدا دەگوشرێت و ئاوەکەی دەپاڵێورێت، پاشان دەیکوڵێنن تا بە تەواوی خەست دەبێتەوە. بۆئەوەی شیرین بێت، کەمێ خۆڵەمێشی داربەڕووی تێدەکەن. ئەم بەرهەمە نایابە بۆ خواردنی خێزان بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە هیزەدا دەبرێت بۆ شارەکان و ئاڵوویری پێوە دەکرێت.

3. **کشمیش:**

ترێی کشمیشی لەسەر شتێکی خاوێن هەڵدەخرێت و لەبەر هەتاو دادەنرێت، تا بە تەواوی وشکدەبێتەوە. پاشان قنچکدەکرێت و پاکدەکرێتەوە و لە هەندێ خواردەمەنیدا بەکاردەهێنرێت. بەتایبەتی لەگەڵ قەیسی وشکدا شلەقاورمەی لــێ دروستدەکرێت، هەروەها لە بازاڕەکاندا ئاڵوویری پێوە دەکرێت.

4. **مێوژی خۆڵاو:**

خۆڵەمێشی داربەڕوو لەگەڵ ئاودا تێکەڵدەکرێت و دەیکوڵێنن و پاشان دەیپاڵێون. ئیدی هێشووە ترێی تێهەڵدەکێشرێت و لەسەر شتێیەك هەڵدەخرێت. دوای چەند رۆژێك کە وشك دەبێتەوە، مێوژە خۆڵاو بەرهەم دێت. ئەم بەرهەمەش ئاڵوویری پێوە دەکرێت و لە گوندەکانی کوردستاندا و بەتایبەتی لەو دێیانەی باخە مێویان هەیە، ئەم مێوژە لەگەڵ گوێز و ناوکە شوتی و کاڵەك و نۆکدا تێکەڵدەکرێت و بۆ شەوچەرەی زستان بەکاردێت.

5. **مێوژە ڕەشکە و مێوژە سوورکە:**

لە ترێی ڕەشکە و سوورکە دروستدەکرێت، ئەمەش تەنیا بە وشککردنەوەی ترێکە دەبێت لەبەر هەتاو.

6. **خۆشاو:**

خۆشا و لە مێوژە ڕەشکە یان سوورکە دروستدەکرێت. مێوژەکە دەکرێتە دەفرێك ئاوەوە، ئیدی دەیکوڵێنن تا بەتەواوی خەست دەبێتەوە. پاشان دەیپاڵێون و ئاوەکەی ئەگەر خەست بوو، کەمێ ئاوی تێدەکەن و لە جیاتی شەربەت دەخورێتەوە. خۆ ئەگەر خەست نەبوو ئەوا هەر خۆی بەکاردێت و ئەمەش تەنیا بۆ خواردنی خێزانە و کەمتر ئاڵوویری پێوەکراوە.

7. **باسووق:**

ترێی دۆشاوی لە کۆلەکەدا دەگوشن و ئاوەکەی لە دەفرێکدا دەکوڵێنن و دوای ساردبوونەوە دەپاڵێورێت. ئیدی پاڵافتەکە ئاردی گەنمی بەگوێرەی خۆی تێدەکرێت و لەسەر پارچە خامێکی خاوێن ڕۆیدەکەن بۆئەوەی بمەیەت. پاشان بە تیغێك پارچە پارچە دەکرێت و زستانان خۆراکێکی بەتام و چێژە بۆ خێزان و هەروەها ئاڵوویریشی پێوە دەکرێت.

ئەم جۆرە خۆراکانە کە لە ترێ بەرهەم دەهێنرێت، زیاتر خۆراك و شەوچەرەی وەرزی زستانی گوندەکانی کوردستانە. زۆرجار لەگەڵ مێوژدا تۆو بێستان و گەنمی برژاو و کاکڵە گوێز تێکەڵدەکرێت، یان لەگەڵ نۆکی برژاودا. بۆ شەوچەرە و بە ڕۆژیش گیرفانی منداڵانی لێ پڕدەکرێت. چونکە هەموو ئەو جۆرە خۆراکانە وزەیەکی گەرمی باش دەدات بە لەشی مرۆڤ.

## نەخۆشیەکانی مێو

1. **وشکبوون:**

مێو بەهۆی کرمەوە، یان بەهۆی گڕەوە وشك دەبێت. بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کە تەڕی لە بنیدا ماوە، لە بندا مێوەکە دەبڕنەوە، ئەگەر تەڕبێت، ئەوای هەڵدەداتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر تەڕی تێدا نەبێت ئەوا وشك دەکات و هەڵناداتەوە.

2. **دۆوکە- شۆوکە:**

دۆوکە لەکاتی هەڵپێکانی بەرسیلەدا دەدات لە مێو. ئەگەر بەرسیلەکە وشك هەڵهات، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەر نادات.

3. **زڕی:**

ئەگەر بنەمێو بۆ ماوەی 3-4 ساڵ ڕەشکێڵ نەکرێ و لق و چوزەرەکانی قونار نەکرێت، زڕ دەردەچێت و ئیدی بەر نادات.

## • ئەو دار و درەختانەی بە بەراو دەکرێن

1. **هەنجیر:**

نەمامی هەنجیر بە ڕەگەوە دەنێژرێت. بە قووڵی 50سم چاڵی بۆ هەڵدەکەنرێت و جۆگەی بۆ هەڵدەبەستن و باخەکەی دەکێڵن. بنکەکەی بژاردەکەن و لقە وردەکانی هەڵدەپاچرێت. ئەگەر دوو نەمام لە نزیك یەکەوە نێژرابن، ئەوا نابێت لە دوو لق زیاتریان پێوە بمێنێت، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە بە باشی هەوا وەرگرێت. بەڵام ئەگەر دووربن لە یەکەوە، دەکرێ تا چوار لقیشی پێوە بهێڵنەوە.

دار هەنجیر دوای سێ ساڵ پێدەگات و بەردەدات. هەموو ساڵێك دوای ئەوەی لە مانگی ڕەزبەردا تەقیلەکان پێدەگەن... دەبێ تا مانگی گەڵاڕێزان لێی

بکرێتەوە. هەموو دار هەنجیرێك، ئەگەر دووچاری نەخۆشی و نەهامەتی نەیەت، ئەوا تەمەنی دەگاتە بیست ساڵێك، بە مەرجێ خزمەت بکرێت و کەم ئاو نەبێت و لە کاتی خۆیدا باخەکەی بکێڵرێت و بژاربکرێت.

جۆرەکانی هەنجیر:

- هەنجیرە رەشە
- هەنجیرە زەردە
- هەنجیرە قولەیی
- هەنجیرە رەیحانەیی
- هەنجیرە شڵە
- هەنجیرە مجێفی
- هەنجیرە ترشە
- هەنجیرە گڵەزەردەیی
- هەنجیرە بایەماڵی
- هەنجیرە سوورە.

ئەو شتانەی لە هەنجیر بەرهەمدەهێنرێت:

هەنجیر وەك میوەیەك بە سەبەتە و بەرچنە براوە بۆ شارەکان و لە بازاڕدا ئاڵوویری پێوە کراوە، هەوەها لە گوندەکانیشدا هەنجیر بە گەنم کراوە. لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێ بەرهەمی تری لــێ دروستکراوە، لەوانەش:

- پەپکە هەنجیر:

ئەو هەنجیرانەی زیاد لە رادەی خۆی گەییوە و بەرگەی ئەوە ناگرێت کە بخرێتە سەبەتە و بەرچنەوە بۆ فرۆشتن، ئەوا پەپکە هەنجیری لێ دروستکراوە. بۆ ئەو

مەبەستەش هەنجیرە گەییوەکان وەك کولێرە پاندەکرێتەوە و لەسەر شتێك دادەنرێت تا وشکدەبێتەوە. ئیدی ئەو پەپکە هەنجیرە زیاتر لە وەرزی زستاندا بۆ خواردن بەکارهێنراوە.

- هەنجیرە وشکە:

هەنجیر، دەنکە، دەنکە دەکرێت بە شریتێکەوە، یان بەبێ شریت لەسەر شتێك هەڵدەخرێت تا وشکدەبێتەوە. پاشان کەمێ ئاردی گەنمی پێوە دەکرێت بۆئەوەی شیلەکە نەچۆڕێتەوە و بە یەکدا نەنوسێت. هەنجیرە وشکە زیاتر بۆ مەبەستی ئاڵوێر بەرهەمدەهێنرێت و لە بازاڕی شارەکاندا ساغدەکرێتەوە.

- مورەبای هەنجیر:

هەنجیر لە شیلەی شەکردا دەکوڵێنن و پێدەوترێت مورەبای هەنجیر. ئەمەش زیاتر بۆ خواردنە و تایبەتە بە خێزانەوە.

### نەخۆشییەکانی هەنجیر

- دۆوك: کاتێ دۆوك دەدات لە هەنجیر، تەقیلەکانی تووك دەردەکات و گەڵای دارەکەش لول دەبێت.
- گڕە: کە هەنجیر گڕە بردی، گەڵای دارەکەی زەرد دەبێت و تەقلەکانیشی وشکەڵ دەبێت.

2. **قۆخ:**

قۆخ بە دەنك، یان بە رەگ دەکرێت. باخی درەختی قۆخ، دەبێ هەموو ساڵێك بکێڵرێت و جۆگەی بۆ هەڵبەسترێت بۆ ئاودانی. هەروەها دەبێ لە کاتی خۆیدا بژاربکرێت.

داری قۆخ بە سێ ساڵ بەردەدات و لە مانگی خاکەلێوەوە بەرەکەی دەڕنرێتەوە و هەموو بەرەکەشی پێکەوە لێدەکرێتەوە، چونکە پێکەوە دەگەن. درەختی قۆخ تەمەنی کورتە و لە 6-7 ساڵ زیاتر نییە.

قۆخ جگە لەوەی ئالووێری پێوە دەکرێت و بە سەبەتە و بەرچنە دەبرێت بۆ شارەکان، زۆرجاریش هەندێ خاوەن باخی قۆخ لەتکەشی لـێ دروستدەکات. لەتکە تەنیا قۆخەکەی بۆ کراوە بە دوو کەرتەوە و ناوکەکەیان فڕێداوە، دوای ئەوەی وشکدەکرێتەوە، ئیدی هەڵدەگیرێت بۆ وەرزی زستان و لەگەڵ چێشت، یان بە وشکی خوراوە و ئێستاش مورەبای لـێ دروستدەکرێت.

قۆخ تەنیا یەك نەخۆشی هەیە. ئەویش کرمێکی تایبەتە و دەدات لە قەدی لقە پێگەیشتووەکان. خۆ ئەگەر لە وەرزی هاویندا جیوەی دەردا، دەبێ بە تەوراسێك بیکرێنن. ئەوەش تەنیا چارەسەرە.

3. **هەڵووژە:**

هەڵووژە، بەسێ شێوە دەنێژرێت: دەنك، قەڵەم و رەگ.

داری هەڵووژە پێویستی بە خزمەتێکی زۆر هەیە بۆئەوەی هەمیشە بەرداربێت، وەك کێڵاندنی باخەکەی و بژار و ئاودان.

خەڵفی نوێ دوای پێنج ساڵ بەردەگرێت و بەگشتی 15-20 ساڵ بەردەدات. هەموو ساڵێك لە مانگی خاکەلێوەوە تا مانگی گەڵارێزان بەرەکەی دەڕنرێت و هەمووی پێکەوە لێدەکرێتەوە.

هەڵووژە، ئالووێری پێوە دەکرێت و بە بەرەچنە و سەبەتە لە شارەکاندا ساغدەکرێتەوە.

جۆرەکانی هەڵووژە: هەڵووژە رەشە، دۆمی، هەڵووژە قادری، هەڵووژە زەردە، هەڵووژە سپی و گۆگچە.

له کوردەواریدا تەنیا هەڵووژە ڕەشە وشککراوەتەوە و زستانان کراوە بە چێشت. ئێستاش مورەبای لــێ دروستدەکرێت بۆ بەرچایی.

هەڵووژە تەنیا یەك نەخۆشی هەیە، ئەویش کە گڕە لێی دا بەرەکەی هەڵدەوەرێ، بەڵام هەر ئەو ساڵە بێ بەر دەبێت، واتە ئەگەر ساڵی داهاتوو دووچاری گڕە نەبێتەوە، ئەوا دیسانەوە بەردەداتەوە.

4. **قەیسی:**

قەیسی بە دەنك و بە ڕەگیش دەنێژرێت. ئەمیش پێویسی بە خزمەت هەیە، وەك کێڵان و بژار و ئاودان. دەبێ هەموو ساڵێك ئەو جۆرە خزمەتە بکرێت تا بەردەوامبێت لە بەرداندا. خەڵفی نوێ لە ماوەی شەش ساڵدا پێدەگات و ئەگەر باش خزمەتکرێت، ئەوا تەمەنی بیست ساڵ زیاتر دەبێت.

قەیسی جگە لەوەی بە تەڕی ئاڵووێری پێوە دەکرێت، ئەو ساڵانەشی کە بەری زۆر دەدات، ناوکەکەی بژاردەکرێت و بە لەتکەیی وشکدەکرێتەوە، ئەمەش دیسانەوە ئاڵووێری پێوە دەکرێت. قەیسی وشك لە کوردەواریدا بەکاردێت بۆ شلەقاورمە، ئێستاش مورەبای لــێ دروستدەکرێت.

قەیسی تەنیا دووچاری یەك نەخۆشی دەبێت، ئەمیش وەك هەڵووژە ئەگەر گڕە لێی بدات، هەموو بەرەکەی دەوەرێت، بەڵام هەر ئەو ساڵە بێ بەر دەبێت.

5. **سێو:**

داری سێو بە ڕەگ و دەنك و قەڵەم دەکرێت.

هەروەها دەبێ لە کاتی خۆیدا بژاربکرێت و ئاوبدرێت و باخەکەی بکێڵرێت. خەڵفی نوێ بە 3- 4 ساڵ بەردەدات. داری سێو تەمەنی 30 ساڵ دەبێت. لە مانگی ڕەزبەرەوە تا

مانگی خاکەلێوە پێدەگات و هەموو بەرەکەشی پێکەوە دەڕنرێت. جگە لەوەی ئاڵووێری پێوە کراوە، هەوەها لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا کراوە بە چێشت.

سێو سێ جۆری هەیە: مزرەسێو، شەکرەسێو و سێوەلاسوورە.

6. **هەرمێ:**

هەرمێ تەنیا بە دەنك و قەڵەم دەکرێت. پێویستی بە خزمەت هەیە، لە ماوەی 4-5 ساڵدا پێدەگات. تەمەنی 20- 25 ساڵ دەبێت. لە مانگی خاکەلێوەوە تا مانگی گەڵاڕێزان بەرەکەی دەڕنرێت و زیاتر ئەوانەی لێدەکرێتەوە کە زووتر گەییوون.

هەرمێ جگە لەوەی ئاڵووێری پێوە دەکرێت، ئەم شتانەی لای خوارەوەشی لـێ بەرهەمدەهێنرێت:

- لەتکە: هەرمێ دەکرێت بە دوو کەرتەوە و وشکدەکرێتەوە بۆ وەرزی زستان.
- خۆشاوی هەرمێ: لەتکە هەرمێ دەکرێتە ئاوەوە و دەکوڵێنرێت، ئیدی دوای ئەوەی سارددەبێتەوە وەك شەربەت دەخورێتەوە.
- ئەمڕۆش مورەبای لـێ دروستدەکرێت.

جۆرەکانە هەرمێ: هەرمێ لاسوورە، هەرمێ گوڵاوی، هەرمێ ناسکە، هەرمێ قولەیی، هەرمێ سارمە و هەرمێ رەشە.

هەروەها داری هەرمێ دوو جۆر نەخۆشی بێبەری دەکات:

- گڕە: داری هەرمێ بەهۆی گڕەوە بێبەردەبێت.

- جیوە: داری هەرمێ کاتێ جیوە لە قەدەکەی دەرهات دەبێ بە تەوراس بیکرێنن، ئەگینا بێبەردەبێت.

## ▪ ئەو دار و درەختانەی بە دێم دەکرێن

1. **هەنار:**

هەنار تەنیا بە قەڵەم دەکرێت. لە مانگی رەشەمێدا دەنێژرێت، ئەگەر ساڵەکەی پڕباران بوو، بە سێ ساڵ بەردەگرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە لە ساڵی کەم باراندا دوایەدەخات بۆ نزیکەی پێنج ساڵ و بگرە زیاتریش. هەرچەندە لە باری دووەمدا ئەو جۆرە دار هەنارانە پڕبەر دەبێت.

باخی هەنار نابێ بەرەڵابێت، هەروەها دەبێ هەموو ساڵێك بکێڵرێت و لەکاتی خۆیدا بژاربکرێت. بەرەکەشی لە مانگی گەڵارێزانەوە بۆ مانگی سەرماوەز دەڕنرێتەوە.

ئەگەر زوو زوو وشکەڵی هەنار بژاربکرێت، ئەوا ئەو دارە 15- 20 ساڵ دەمێنێتەوە.

جۆرەکانی هەنار: هەناری مێخۆش، هەناری ترش، هەناری شیرین، هەناری سەوزەشیرینە، هەناری نەباتی و هەناری سماقی.

جگە لە ئاڵوویرکردن بە تەڕی، زۆر شتیشی لـێ دروستدەکرێت.

- روبەهەنار: هەنار دەنك دەکرێت و لە تورەکەیەکدا دەیگوشن و پاشان لە دەفرێکدا دەیکوڵێنن و دۆشاوەکەی دەگیرێت. روبەهەنار ئاڵوویری پێوە دەکرێت، هەروەها بۆ خواردنی خێزان بەکاردێت، بەتایبەتی لەگەڵ هەندێ خواردندا، وەك برنج بە روبەهەنار.

- هەناری ترش دەنك دەكرێت و بە چەشنی دۆینە تۆپەڵ دەكرێت و هەڵدەگیرێت. لە جیاتی ترشی سماق دەكرێتە چێشتەوە.
- هەنار بە تەڕی هەڵدەگیرێت و تا كۆتایی مانگی نەورۆز دەكرێت بمێنێتەوە. ئەوەش دەخرێتە ئەمباری گەنمەوە، یان بە بنمیچی خانوبەرەدا هەڵدەواسرێت. بەڵام نابێت بكەونە سەریەك، یان قورسایی بكەوێتە سەریان.

2. **چوالە:**

درەختی چوالە لەگەڵ ئەوەی كە دێمییە، بەڵام بە بەراویش دەكرێت و لە دێمییەكەش باشترە. هەروەها تەنیا بە دەنك دەكرێت و پێویستی بە خزمەت هەیە، بەتایبەتی لە رووی كێڵانی باخەكەی و بژاركردنی.

ئەگەر لە دێما رووابوو، ئەوا نەمامی نوێ بە شەش ساڵ دێتەبەر. بەڵام ئەگەر بە بەراو بكرێت، بە چوار ساڵ دێتەبەر. داری چوالە تەمەنی 10- 15 ساڵە، بەرەكەشی هەمووی پێكەوە دەڕنرێت. ئەگەر لە كوێستاندا نەبێت، بەرەكەی لە مانگی گوڵانەوە تا مانگی جۆزەردان پێدەگات و دەڕنرێت.

چوالە بە تەڕی و بە وشكی ئاڵوێری پێوە دەكرێت. چوالەبایەم- چوالەبادەم لە زۆر خواردەمەنیدا بەكاردێت. تەنیا نەخۆشییەك لێیدەدات، ئەویش جیوە دەردانە و لەسەر لقی بەردار پەیدادەبێت. بۆ چارەسەر دەبێ بە تەوراسێك جیوەكە لە لقەكە بكەنەوە و پاكبكرێتەوە.

3. **توو:**

درەختی توو بە رەگ و بە تۆو دەكرێت. ئەو درەختانەی بە تۆو دەكرێت، دەبێ لە پێشدا دوكانی بۆ سازبكرێت و تۆوەكەی پێوە بكرێت. دوای دوو ساڵ شەتڵی ناو ئەو دوكانە دەبێتە نەمام و بەخواستی خاوەندارەكە لە كوێدا بییەوێت دەنێژرێت. ئەگەر كاتی

بەسەرچوو، بەری نەدا، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەو دارە زڕە و بێبەرە. لەم حاڵەتەدا دەکرێت موتوربە بکرێت بە جۆرێکی دی لە جۆرەکانی توو. درەختی توو تەمەنی زۆر درێژە و نزیکەی پەنجا ساڵێك دەمێنێتەوە.

**جۆرەکانی توو:**

شاتوو، تووەڕەشە، تووەسپی، تووەمۆرە و تووی بێ پێشە- بێ ناوك.

تووش بە چەشنی میوەکانی دی، بە تەڕی ئاڵوویری پێوە دەکرێت، هەروەها دۆشاوی لـێ دروستدەکرێت و بەکاردێت بۆ خواردن و ئاڵوویریشی پێوە دەکرێت. تووەسپی وشکدەکرێتەوە و ئاڵوویری پێوە دەکرێت، دۆشاوەکەشی هیزەی پێ خۆشدەکرێت. شاتووش بەکاری پزیشکیی خۆماڵی دێت.

4. **گوێز:**

داراگوێز تەنیا بە دەنك دەنێژرێت. لە مانگی خاکەلێوەوە چاڵی بۆ هەڵدەکەنرێت تا ژمارەی چوار دەنك لەسەریەك لە چاڵەکەدا دادەنرێت. دوای دوو ساڵ نەمامەکەی پێدەگات و خاوەنەکەی دەتوانێت بە رەگەوە هەڵیکێشێت و لەو شوێنەی خۆی دەیەوێت بینێژێت. ئەگەر زڕ دەرنەچێت، دوای هەشت ساڵ بەردەدات و بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بەردەدات. گوێز ئاڵوویری پێوە دەکرێت و بەهایەکی گرانی هەیە. درەختی وەها هەیە، کە بە هەزاران گوێز زیاتر دەگرێت.

گوێز بە فەریکی دەخورێت و بە وشکیش بۆ بەرچایی، بەتایبەتی لەو گوندانەدا کە خۆیان دارگوێزیان هەیە. دارگوێز ئەگەر خزمەت و چاودێری بکرێت سامانێکی زۆر

گرنگە، هەرچەندە درەنگ دێتەبەر، بەڵام کە لە ساڵی هەشتەمەوە بەری دا، ئیدی تا پەنجا ساڵ بەردەوام دەبێت.

### موتوربەکردن:

لە کۆنەوە موتوربەکردن لە کوردەواریدا کراوە. ئەو شێوە موتوربانەی ئەمڕۆ دەکرێت، لە سەردەمانی زووتریشدا لای مرۆڤی بە سەلیقەی کورد کارێکی ئاسایی بووە. لەلای جووتیاری کورد سێ ڕێگەی سەرەکی هەبووە.

- کیف:

ئەو جۆرە درەختە بەردارانەی کە جووتیاری کورد بیەوێت لێی زیاد بکەن، چرۆیەك لەو دارە لەلەدەکەن و بە هێواشی بایدەدەن تا لە دارەکە دێتەدەرەوە. ئیدی لە درەختێکی زڕ، یان لە دارێکی بێبەر بە پێوانەی چرۆکە لەو دارە دەبڕن و چرۆکەی تێدەخەن. دەبێ ئەوەندە چەسپ بێت، تا هەوای تێنەچێت، هەروەها نابێت ئەوەندەش توند بێت کە مەودای گەشەکردنی چرۆکە نەدات. ئەم جۆرە موتوربەیە زیاتر لە دەوروبەری مانگی جۆزەرداندا دەکرێت. مەرجە دارەکە خەڵفی نوێ بێت. ئەگەر دارە زڕەکە، یان دارە بێبەرەکە بەهێزبێت، ئەوا دوای ساڵێك بەر دەگرێت

- سنگ:

موتوربەی جۆری سنگ، زیاتر لەسەر درەختی خۆڕسك دەکرێت. بەتایبەتی هەرمێ ژیلە، چوالە و گوێژ. لە کاتی ژیانەوەی گەڵای دارەکان، واتە لە وەرزی بەهاردا، ئەو دارانەی بیانەوێ موتوربەی لەسەر بکرێت، لە بندا دەیبڕنەوە و بە دەمە تەورێك کۆتەرەکەی دەقڵیشێنن و ئەسکەنەیەك دەخرێتە قڵیشەکەوە، تا نەیەتەوەیەك. هەروەها دوو نەمام لەو دارەی، یان لەو درەختەی کە دەیانەوێ جۆرەکەی موتوربە بکەن، لە دوو لاوە لە بنکەکەیەوە دادەتاشرێت، بەڵام دوو

لاکەی تری دەبێت توێکڵی پێوە بمێنێت. یەکێکیان لە جەمسەری قڵیشەکەوە و ئەوی تریان لە جەمسەرەکەی دییەوە دادەنێن. بەو مەرجەی بەرگی نەمامەکە لە ئاستی بەرگی کۆتەرەکەدا بێت. ئیدی لە دوای ئەوە ئەسکەنەکە دەردەهێنرێت و قڵیشەکە جووت دەبێت و نەمامەکان دەگرێت. هەروەها نابێت زۆر توندبێت، خۆ ئەگەر زانیان توندە، دەبێت پارچە دارێك بکرێت بە قڵیشەکەدا، تا توندیەکە کەمێك بڕەوێنێتەوە و ئازاری نەمامەکان نەدات. کۆتەرەکەش مەرجە لە ئاستی زەوییەکەدابێت و لەدوایدا خۆڵی دەوروبەری بکرێت بە سەریدا و بە گژوگیا دایدەپۆشن، ئەوەش بۆ پاراستنی لە زیانگەیاندنی بەهۆی ئاژەڵەوە.

- چرۆ- دوگمە:

بۆ ئەم جۆرەش بە چەشنی موتوربەی شێوەی کیف، چرۆکە لە دارەکە دەردەهێنن. ئەو دارەشی موتوربەی لەسەر دەکرێت، بەرگەکەی بەشێوەی پیتی "T"ی ئینگلیزی هەڵدەهێننەوە و چرۆکەی دەخەنە ناو و بەرگەکەی دەدەنەوە بەسەردا و دەیبەستن. ئەمیش نابێت زۆر توندبێت، هەروەها نابێ شلیش ببەسترێت.

## بەشی چوارەم

- خواردەمەنی لە ڕۆژگاری کۆنی کوردەواریدا:
  - ئەو گژوگیایانەی بە تەڕی- کاڵی بەکارهێنراون
  - ئەو گژوگیایانەی بە کوڵاوی بەکارهێنراون
  - ئەو گژوگیایانەی چێشتیان لـێ دروستکراوە.
  - چۆنیەتی پێکهێنانی هەندێ خواردەمەنی.
- تاقیکردنەوەکانی ڕۆژگار
- داب و نەریتە پیرۆزەکان- تقوسەکان
- داوودەرمانی خۆماڵی
- سەلیقە و هەندێ بەروبوومی سروشتی
- هەندێ کەرەسەی بەکارهێنان
- بەخێوکردنی باڵندە ماڵییەکان.

## ▪ خواردەمەنی لە رۆژگاری كۆنی كوردەواریدا :

لە مێژووی كۆمەڵی كوردەواریدا بە ئاشكرا ئەوە دەخوێنینەوە، كە ژیانی مرۆڤی كورد نالەباربووە و لە زۆر بار و دۆخدا زۆردار و دەرەبەگ بوونەتە كۆسپ و مەودایان نەداوە، كە بە خواست و ئارەزووی خۆیان بژین. رۆژگارێكی دوور و درێژ لە نەهامەتی و قاتوقڕیدا ژیاون و هەمیشە پیاڕانەگەیشتون وەك كۆمەڵگای نەتەوەكانی دەوروبەریان بتوانن ژیانی خۆیان دابینبكەن. هەر ئەوەش لە زووربەی بوارەكانی ژیانی رۆژانەیاندا رەنگیداوەتەوە. كاتێ لە بواری سازكردن و سازدانی خواردن و خواردەمەنییەوە دەڕوانین زیاتر پەنایان بردۆتە بەر گژوگیا و بەری درەختە خۆڕسكەكان و بە كاڵی و بە كولاّوی و بگرە لێشیان كردووە بە چێشت. ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوە بووە، كە كەم بەها بووە و جگە لە ئەركی گەڕان بە شوێنیاندا و ماندوێتی كردنەوە و باركردن و دروستكردنیان، نرخێكی تایبەتی نەبووە لە رووی تێچوونەوە.

بە بۆچوونی من هەر ئەو هەژاری و بێدەرامەتی و باری نالەباری زەمانە، هۆیەكی بەرچاوە بۆ گەشەكردنی بیر و ئەندێشەی مرۆڤی كورد و زیاتر خۆی گونجاندووە لەگەڵ سروشت و دەوروبەری خۆیدا. لەو رووەشەوە پەنای بردۆتە بەر سروشت و بە سەلیقەی وردی خۆی لە هەر چەشنە گژوگیایەك گۆڕانكاری بەسەردا هێناوە، جۆرێكی تایبەت و بە چێژێكی نوێوە خواردنی لـێ پێكهێناوە. هەرچەندە ئەوەش بۆ جۆرایەتی ژەمەكان و خواردنی رۆژانە بووە، تا بەردەوام چێژی نوێ و جۆرە خواردنێكی نوێ لەسەر خوانەكەی بێت. بەڵام ئەمڕۆ كە باری ژیانی خەڵكی ناوچەكە و كوردستان بەگشتی گۆڕانكاری ئابووری بەسەردا هاتووە، بۆیە كەمتر لەو جۆرە خۆراكانە لە گوندەكاندا بەدیدەكرێت. ئەگەر بشبێت هۆكاری بێدەرامەتی نییە، بەڵكو لایەنی تاسوق و نۆبەرەكردن و ئاوڕدانەوەیە لە حەز و ئارەزووەكانی سەردەمی رابردووتر.

- **ئەو گژگیایانەی بە تەڕی- کاڵی بەکارهێنراوە:**

لە کوردەواریدا، هەندێ گژوگیا و سەوزە بەتەڕی و بەکاڵی بوونەتە پێخۆری نان و هەندێ لە خواردەمەنییەکانی دی. لەوانەش بەگشتی: کووزەڵە، بەنگۆکە، تریشکەی شاخی، بەڕەزا، خەرتەلە، چاوبازە، چەورۆکە، نێرکی گیا مانگا- دڕکە شینە، شەکرۆکە، نێرکی گنۆر، دەلو، پیشۆك، قومام، هەڵەکۆك، شنگ، پاڵمە، نێرکی کەرەکۆڵ، قالۆرە، چاوبۆرە، کۆڵە، قوڕاکە- کنیواڵ، نانە شوانە، نێرکی تێسو، پونگە، نێرکی سوورەبنە، خڕنووك و گۆزروان...هیتد.

- **ئەو گژوگیایانەی بە کوڵاوی بەکارهێنراون:**

تۆڵەکە، گەپڵە، شیرین شاتەڕە، پێ چۆلەکە، پێقەلە، قنجیلە، چارانچەقیلە، گوڵێلکە خاتوونە، کەرەتاوە، بنگۆزروان، کەنگر، پێگورگە، سملکە، قنگاوڵە سوێرەکە، تێسوو، پۆڵکە و کاردوو.

- **ئەو گژگیایانەی چێشتیان لـێ دروستکراوە.**

پەڵپینە، گێلاخە، سوورەبنە، تریشکەی ئاوی، کاردوو- هاز، گەڵامێو، جاترە، تۆڵەکە و سلق...هیتد.

- **چۆنیەتی پێکهێنانی هەندێ خواردەمەنی:**

1. **ترخێنە رەشە**

گەڵای شێلم و سەلکەکەی پێکڕا وردەکرێت و دەشۆرێتەوە و بڕوێشی گەنم ئامادەدەکرێت و دەکرێتە شێلمە وردکراوەکەوە. دەکرێتە دەفرێکە و ئاوی ئەوەندە

تێدەکرێت کە بەئاستەم سەریبکەوێت. ئیدی بۆ ماوەی 6- 7 رۆژ دادەپۆشرێت. دوای ئەوە دەکرێت بە سەلك و لەبەر هەتاو لەسەر شتێك دەینێنەوە، تا بەتەواوی وشکدەبێتەوە. خۆ ئەگەر کەیبانۆی ماڵ ئارەزووبکات دەتوانێ هەندێکی بە تەڕی دابنێت بۆ خواردنی خێزان، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئاوی تری تێبکرێت، بەوەش دەوترێت "تەڕەساز". ئەو تەڕەسازە لە کۆندا لە شارەکان لە گەرماوە گشتیەکاندا، بەتایبەتی گەرماوی ژنان بە کەمۆڵەی بچوك دەفرۆشرا.

ترخێنە خواردەمەنییەکی زستانەیە، چەند سەلکێك لەگەڵ نیسك و نۆك و مێوژ و گوێز و چەوەندەردا پێکەوە لێدەنرێت و رۆن و خوێ و قاورمەی گۆشتی تێکراوە. ئەم خواردنە پڕ لە گەرمی و پڕ لە وزەیە زیاتر لە رۆژانی سارد و سەرما و بەفردا دروستکراوە.

2. **چەنسوتەکە:**

ترخێنە و ساوەر و رۆن و خوێ پێکەوە لێدەنرێت. بە گوێرەی ئەو خێزانانەی کەمێ لە توانایاندا بووە، لەجیاتی ساوەر برنجیان کردۆتە بەر، لەو بارەدا خواردنەکە کەمێ ئاهی هاتۆتەوە بەبەردا.

3. **مزرۆکە بە هێلکە:** هێلکە و پیاز و رۆن و ترشی سماق، یان رووبەهەنار، هەروەها بە گوێرەی خۆی خوێشی تێکراوە.
4. **مزرۆکە بە دۆشاوی تەماتە:**

دۆشاوی تەماتە و رۆن و پیاز و خوێ پێکەوە لێنراوە و شۆربای مزرۆکەی پێکهێناوە و لەگەڵ ناندا، یان لەگەڵ ساوەر و برنجدا خوراوە.

5. **خوماراشی:**

کەشك و برنج و خوێ پێکەوە دەکوڵێنرێت، هەروەها ئەگەر لە تواناادا بووبێت دوای کوڵاندن هەندێ رۆنی بە قرچاوی کراوە بەسەردا. خواردنێکی پڕ لە وزەی وەرزی زستانەیە.

6. **دۆینە و رۆن:**

دۆینە لە ئاودا دەکوڵێنرێت و رۆنی دەکرێت بەسەردا.

7. **دۆینە خووسە:**

دۆینە خووسە، زیاتر بۆ شەوچەرەی وەرزی زستانە. چەند سەلکێك دەخرێتە ئاوەوە تا بەتەواوی دەخووسێتەوە. ئیدی هەر بە ساردی بێ ئەوەی بکوڵێنرێت، شەوگاری زستان و پاییز وەك شەوچەرە بەکارهێنراوە.

8. **قەرەزەنگی- شۆربای سوور:** برنج و رۆن و پیاز و دۆشاوی تەماتە و خوێ.

9. **گەنمەکوتاو:**

گەنم تەڕکراوە و لە دۆڵێکی بەردیدا دەکوترێت، تا بەتەواوی توێکڵەکەی جیابۆتەوە. پاشان لەگەڵ رۆن و پیاز و خوێدا لێدەنرێت.

10. **قوبڵی ساوەر:**

سەرەتا با بزانین ساوەر خۆی چۆن سازکراوە.

گەنم بە قوڵینە دەشۆرێتەوە و لە قازانی گەورەدا دەکوڵێنرێت. پاشان لەسەر مەوجێك — جاجم هەڵدەخرێت، تا بەتەواوی وشکدەبێتەوە. ئیدی لە دۆڵێکدا دەکوترێت و کاوکۆتەڵی بەبادەکرێت. دواتر بە دەستار دەیهاڕن، درشت و کەڵەکەی جیادەکرێتەوە بۆ چێشتی ساوەر، وردەکەشی دەکرێت بە پیرخەنیلە و ئاردەکەشی دەکرێت بە کولێرە ساوەر. خۆ ئەگەر لە قوتی خێزان زیاتر بوو، لەگەڵ خوێدا تێکەڵدەکرێت و دەدرێت بە ئاژەڵ.

قوبڵی ساوەر: ڕۆن و پیاز قرچدەکرێت و ساوەری بە وشکی تێدەکرێت و لەناو ڕۆنەکەدا کەمێ سووردەکرێتەوە، تا هەموو ڕۆنەکە هەڵدەچنێت. ئیدی بە بڕێکی یەکسان لەگەڵ ساوەرەکەدا ئاوی تێدەکرێت و سەری داناپۆشرێت تا ئاوەکە هەڵدەمژێت. دوای ئەوەی ئاوی تێدا نەما، سەری دەنرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی بەسە بۆ دەمکێشان. پێخۆری قوبڵی ساوەر ئەگەر لە توانادا بێت گۆشتی قاورمەیە و پیاز و تەماتەی کاڵە.

11. **شۆربای ساوەر:** ساوەر و ڕۆن و پیاز و خوێیە.

12. **پیرخەنیلە:**

وردە ساوەر بەردەشۆر دەکرێت و تۆپەڵ، تۆپەڵ دەکرێت. ڕۆن و پیازی بۆ قرچدەکرێت و کەمێ خوێی تێدەکرێت و لەگەڵ تۆپەڵە ساوەرەکەدا تێکەڵدەکرێت بەبێ ئاو، چونکە ساوەرەکە خۆی ئاوی پێوەیە.

13. **لەپەی ساوەر:**

بریتیە لە ساوەر و ڕۆن پیاز و خوێ، کەمێ لە شۆربای ساوەر خەسترە.

14. **قەرەخەرمان:**

گەنم بە سەوزی دەدورێتەوە و دادەنریت تا پرژەکانی وشك دەبێت، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی کاتێ ئاگری پێوەدەنێن ئەو پرژە وشکانە زوو گڕبگرێت. دوای ئەوەش گوڵبژێر دەکرێت و دەکرێتە گونیەیەکەوە و بە لیسێك دەکوترێت. ئیدی بەبا دەکرێت و گێژ و تەتەڵە دەکرێت و پاکدەکرێتەوە. لە دوای ئەوەش بە دەستاڕ دەیهاڕن و لە بێژنگ دەدرێت. لەپاشان کۆتەڵەکەی دەگیرێت و لە یەڵەك دەدرێت تا ئاردەکەی جیابێتەوە. پاك و پوختە و بێ زیخەکەی دەکرێت بە قوبڵیی قەرەخەرمان، کە وەك قوبڵیی ساوەر لێدەنرێت. وردەکەشی دەکرێت بە پیرخەنیلە، یان لەپە.

15. **قاوت:**

کاتێ جۆ فەریك دەبێت، بڕێکی لێ دەدورنەوە و هەر بە فەریکی دەکوترێت، دوای بێژانەوەی، ئیدی دەیهاڕن و بەهۆی یەڵەکێکەوە وردە و درشتەی لە یەك جیادەکرێتەوە. کەڵەکەی دەکرێت بە یاپراخ و وردەکەشی دەکرێت بە قاوت و رۆن. ئەوەش رۆنی خۆماڵی بۆ قرچدەکرێت و ئاردە جۆکەی تێدەکرێت و تێکدەدرێت تا وەك حەڵوای لێدێت، ئەم قاوت و رۆنە زیاتر خواردنی سەپانە و دەبرێت بۆ سەر پەرێز.

16. **سیر و ماست:** نان لە دەفرێکدا ورد دەکەن و رۆن و ماستی بەسەردا دەکەن.

17. **هەڕشتە:**

هەویری ئاردی گەنم بە شلی دەدرێت بەسەر ساجێکدا، دوای ئەوەی برژا، هەر بە گەرمی نانەکە لولدەکێت و دوایش بە چەقۆیەك وردی دەکەن، بەوەش دەوترێ هەڕشتە و لەگەڵ برنج و قوبڵیی ساوەردا لێدەنرێت.

18. **هەڕشتە بەترشی:**

هەڕشتەی نان لەگەڵ نیسکی خڕ و رۆن و برنج و خوێ و ترشی سماق پێکەوە لێدەنرێت.

19. **کەشك و رۆن:**

کەشکی خوساو، رۆنی قرچاوی دەکرێت بەسەردا و ئەوە کەشك و رۆنە و یەکێکە لە خۆراکە نایابەکان.

**20. کوولەکە سەنگەڵی:**

کوولەکە زەردە دەجنرێت و بە ئاوێکی کەم دەکوڵێنرێت، کەمێ خوێی تێدەکرێت و ڕۆنیش دەکرێت بەسەریدا.

**21. شۆرمەزە:**

نۆك بە کوڵاوی دەکوتێنرێت و ڕۆن و برنج و پیاز و خۆیی تێدەکرێت شۆرمەزە پێکدەهێنێت.

**22. نۆکاو:**

نۆك و ڕۆن و پیاز و جاترە و خوێ پێکەوە لێدەنرێت، ئەگەر هەبوو، کەمێ بەهاراتیشی تێدەکرێت. ئەوەندە دەکوڵێنرێت، تا نۆکەکە بەتەواوی نەرم دەبێتەوە.

**23. موستەقای سێو:**

مزرە سێو دەجنرێت و ناوکەکەی دەردەهێنرێت، لەگەڵ ڕۆن و خوێ و دۆشاوی تەماتەدا لێدەنرێت. ئەگەر سێوەکە زۆر مزر نەبوو، کەمێ لیمەندۆزی تێدەکرێت.

**24. شلەی چوالە:**

چوالەبایەم- چوالەبادەم دەجنرێت و لەگەڵ دۆشاوی تەماتە و ڕۆن خوێدا لێدەنرێت.

**25. باسترمەی ترۆزی- قوڵکە:**

ترۆزی لەباری درێژی قاشدەکرێت و ترشی سماقی پێوە دەکرێت و لەناو ڕۆن و پیاز و دۆشاوی تەماتەدا لێدەنرێت.

**26. قاوت و توو:**

تووی بێ ناوك- بێ پێشە بە وشکی لەگەڵ گوێزدا دەکوترێت و لەناو رۆندا سووردەکرێتەوە.

**27. هێلکە بەترشی:**

هێلکە و ئارد لە رۆندا سووردەکرێتەوە و لە دۆشاوی تەماتە و کەمێ خوێدا دەیکولێنن. هەمان هێلکە و ئاردە سوورکراوەکە دەکرێت لەگەڵ ترش و پیازدا بەبێ دۆشاو لێبنرێت.

**28. پەڵپینە بەترشی:**

بریتیە لە پەڵپینە و برنج و نیسکی هاڕاو رۆن و پیاز و خوێ و کەمێ دۆشاوی تەماتە.

**29. ماشە رەش:**

ماشی خڕ لە ئاودا دەکولێنن، تا توێکڵە رەشەکەی بەردەدات، ئەوسا بە کەوگیرێك دەیگرن. ئیدی رۆن و پیازی بۆ قرچدەکرێت و پێکەوە لێیدەنێن.

**30. کەماز:**

لە کوردەواریدا کەما و زیاتر بە گۆشتێکی زۆرە لەگەڵ پیاز و رۆندا پێکەوە دەکولێنرێت.

**31. یاپراخ:**

بەپێی کات و سەردەمی ئەو گەڵا سەوزانەی وەکو سلق و گەڵای مێو و تریشکە و کاردو، زۆر جاریش گەڵای تۆڵەکە دەکرێن بە یاپراخ. ناوەکەی بەپێی توانای خێزانەکەیە، یان برنج، یان ساوەر و قاوت و قەرەخەرمانی تێدەکرێت. هەروەها دۆشاوی تەماتە و شویت و پیاز و جاترە و رۆن و خوێی تێدەکرێت.

**32. گێلاخە:**

گێلاخە زەردکراوە و لەگەڵ هێلکەدا لە رۆندا سوورکراوەتەوە و بەنانەوە خوراوە. ئەگەر هێلکە نەبووبێت، خۆی بەتەنیا لە رۆندا سووردەکرێتەوە.

**33. تریشکەی دێمی:**

تریشکە دێمی دوای زەردکردنی، لە رۆندا سوورکراوەتەوە.

**34. پەڵوڵە:**

پەڵوڵە لە کوردەواریدا زیاتر لەبەرخاتری ژنی "زەیستان- دووگیان" کراوە، لەبەرئەوەی وزەیەکی زۆری تێدایە، تا رادەیەك یارمەتی زەیستانەکە دەدات بۆئەوەی ئاهێك بێتەوە بە گیانیدا.

پەڵوڵە بریتیە لە ئاردی گەنم، کە لە رۆندا سوورکراوەتەوە، تا رەنگی قاوەیی بووە. ئیدی شەکراوی بەسەردا کراوە و پێکەوە تێکەڵکراوە.

**35. قاورمەی گۆشت:**

لە سەردەمانی کۆندا بە گوێرەی ئەو خێزان و بنەماڵانەی لە توانایاندا هەبووە، مەڕێکیان سەربڕیووە و گۆشت و دوگەکەیان پێکەوە جنیوە و لە قازانێکی گەورەدا

هەر بە ئاو و رۆناوەکەی خۆیەوە سووریانکردۆتەوە. بەڵام لەپێناوی پاراستن و زۆر مانەوەیدا خوێیەکی زۆریان پێوە کردووە. دوای ئەوەی تەواو سووربۆتەوە، ئیدی دانراوە تا ساردبۆتەوە، پاشان کراوەتە کوپەوە، بەشێوەیەك کە رۆن سەر گۆشتەکە کەوتووە. قاورمەی گۆشت لە وەرزی زستاندا شانبەشانی هەندێ خۆراك بۆتە پێخۆر.

36. **شلەقاورمە:**

بریتیە لە قەیسی و کشمیشی وشککراو لەگەڵ رۆن و پیاز و گۆشتی قاورمە. ئەگەر کەم شیرین بووبێت، ئەوا هەندێ شەکری تێکراوە. ئەم شلەقاورمەیە لە بۆنە و جەژن و یادەوەریە ئایینیەکاندا لێنراوە، بەتایبەتی لە جەژنی رەمەزاندا، چونکە ئەوانەی 30 رۆژی مانگی رەمەزان بەرۆژوبوون، پێویستیان بە خواردنێك هەبووە، کە پڕ وزە و تام چێژێکی دەوڵەمەند بووە.

**تێبینی:**

- نانی گەنم، کولێرەی گەنم و جۆ و گەنمەشامی و هەرزن و گاڵ لە سەردەمی کۆندا خۆراکی مرۆڤی کورد بووە، هەروەها لە ساڵانی گرانیدا زوڕاتەی دێمی و بەڕو بەبرژاوی خوراوە.
- لە ئاردی گەنم، کەلانە و شلکێنە و کزێنکە دروستکراوە.
- تەشپی هەموو جۆرە خۆراکێکی تێدا خوراوە.
- کوچەڵەش زیاتر بۆ ئاو و دۆ خواردنەوە بەکارهاتووە.

## ▪ تاقیکردنەوەکانی رۆژگار

لە رۆژگارە دێرینەکاندا، بەرلەوەی زانست و زانیاری سەردەم سەرهەڵبدات و تیشکی بەسەر کۆمەڵ و کۆمەڵگاکەماندا پەرشبێتەوە. ئادەمیزاد بەگشتی و مرۆڤی کوردیش بەتایبەتی بۆ زۆر لێکدانەوە و تێگەیشتن لە شتەکان، پەنایانبردۆتە بەر سروشت و هەڵسوکەوتی ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەرەکان. بە واتایەکی دی، واتە ئەو گیانلەبەرانەی لە دەوروبەریاندا ژیاون، تا شتەکانی دی بەو پێودانە پێوانەبکەن. ئەوەش لە زۆر بوار و لایەنەکانی ژیاندا کەڵکی لێوەرگیراوە. بەڵام لەو بوارانەی کە لێرەدا زیاتر تێیدا قوڵبوونەتەوە، لایەنی کەش و ئاو و هەوایە، کە هەمیشە کار و پیشەی رۆژانەی لەسەر رێکخراوە.

بۆ نمونە: رۆژانی بەفر و باران جووتیاری کورد خەڵووزی کردووە و داری بڕیووە، هەروەها لە رۆژانی خۆشیان و بێ بارانیشدا زیاتر بە جووتکردنەوە خەریکبووە. هەروەها بۆ دیاریکردنی سەرەتا و کۆتایی وەرزەکانی ساڵ، کە بەگوێرەی کشتوکاڵەوە زۆر پێویست بووە، چونکە ئەو بەرهەمانەی بەرهەم هێنراوە، بەتەواوی پشتی بە کات و وەرزی جۆراو جۆرەوە بەستووە.

هەر لەبەر ئەو هۆ و هۆکارانەیە کە مرۆڤی کورد بە سەلیقەی وردی خۆی، لە ئەنجامی هەندێك تاقیکردنەوەدا لە رۆژگاری دێرینەوە زۆر لەو زانیاری و بەهرانەیان وەدەسهێناوە و هەمیشە ژیانی خۆی لەگەڵ سروشتدا گونجاندووە و پێداویستی ژیان وایکردووە، کە زیاتر سەرقاڵ بێت و پەی بە شتە وردەکانی دەوروبەری خۆی بەرێت.

هەرچەندە ئەمە زیاتر لە کۆندا دەقاودەق وەك خۆی بەکارهێنراوە و لەلایەن هەمووانەوە پەیرەوی لێکراوە. بەڵام ئەمرۆ کەمتر پشتی پێدەبەسترێت، تەنیا وەك وتە بەنرخەکانی

پێشینان دەماودەم دەیگێڕنەوە و لە هەندێ ناوچەدا و لەلای هەندێ کەس پەنای دەبرێتەبەر و سەری ڕێز و نەوازشی بۆ نەویدەکرێت.

ئەمەش چەردەیەکە لەو تاقیکردنەوانە:

1. لە وەرزەکانی زستان و بەهاردا، ئەگەر ئاسمان سامالْ بێت و چۆلەکە ببینرێت مەلەبکات... ئەوە نیشانەی بارانبارینە.
2. ئەگەر لە وەرزی زستاندا بە ڕۆژا سامالْ بێت و لە دەشت مەڕومالاّت لەکاتی لەوەڕدا هەلّپەیکرد، هەروەها کە هاتەوە بۆ مالّەوە، گوێکانی تەپکردبێت... ئەوە نیشانەی بارانە.
3. ئەو ڕۆژانەی کەمێك ساردبێت و مانگا ببینرێت ڕووبکاتە ئاسمان و بپڕمێنێت، دەلّێن: سەرما و تۆف لە دواوەیە، واتە بەڕێوەیە.
4. لە زستاندا کاتێ ڕەشەبا هەلّیکرد، هەور دەڕەوەێتەوە و سەرما بەدوایدا دێت. ئەگەر ڕەشەبا خستی، باران یان بەفر دەبارێت.
5. ئەگەر ماوەیەك باران نەبارێ و کەشێکی تێخستبێت و لە شەوێکی سامالّدا تەم لە ئاسماندا هەبێت، دەلّێن: ئەستێرە لە گۆمایە... نیشانەی بارانە.
6. کاتێ چالەگە دەچێتە کونەوە، سەرەتای چلەی زستانە، کە لە کون هاتەدەرەوە، نیشانەی کۆتایی چلەیە.
7. سالّی سەخت و دژوار کەروێشك لانەی قولّ دەکات. بەلاّم لە سالّی خۆشیان، کە زۆر سارد نییە، لانەکەی نزیکە لە زەوییەوە و ئەوەندە قوولّ نابێت.
8. ولاّخی بەرزە، ئەگەر تووکی کلکی گیڤبووەوە و سەمایکرد... نیشانەی سەرەتای وەرزی پاییزە.
9. هەنگ بگەڕێ و بۆق بقیرێنێت، نیشانەی ئەوەیە کە سالّەکەی زریاناوی و سەخت دەبێت.

10. چێوچۆپان- ئاخێز: ئەو کاتەی شەو و ڕۆژ کاتەکانیان یەکسان دەبێت، یان وەك یەکدی لێدێت، شوان گۆچانەکەی- گالۆکەکەی دەهاوێتە ناو پەڵە گیایەکەوە لە دەشتێکدا، کە بەیانی بینی گالۆکەکەی دیارنەماوە و لە گیاکەدا نوقم بووە... ئەوە نیشانەی کۆتایی مانگی نەورۆزە.

11. کۆتەرەی بن کەنوان، هەڵگرە بۆ هەرمێ پشکوان. واتە سەرماوسۆڵە تا کاتی هەرمێ پشکوان هەر دەمێنێت.

12. کە گەلاوێژ کەوتە شەوێ... دەست بخەرە باخەڵی مێوێ. واتە ترشی ترێ نامێنێت و بەتەواوی دەگات.

13. مەڕی چەرموچار، کە دەستی ڕاستی بەرەو گەلاوێژ دەرکرد... نیشانەی ئەوەیە کە گەلاوێژ لە بورج کەنراوە و ناوەڕاستی هاوینە.

14. کە ئەستێرەی کۆ ئاوابوو، نیسکیش ساوابوو. ئەوە مانای ئەوەیە کە کاتی نیسك کردن بەسەرچووە.

15. لە پیران دەوێ، لە زستان شەوێ... واتە بۆ پیر ساتێك و بۆ زستانیش شەوێك بەسە سارد و سەرمابێت.

16. بای وەشت نزیکە بارانە.

17. بای شەماڵ دوورە بارانە.

18. مانگ خەرمانە بدات، باران لە دوایە.

19. چوالە درۆزن، بەلاڵووك عەیار، دارە ڕەش پشکوت، بەهار هەی بەهار. واتە چوالە درۆزنە، چونکە هێشتا چلەی زستان ماویەتی، کە شکۆفە دەردەکات. بەلاڵووکیش وەك کیژۆڵەیەکی تازە هەڵچووی عەیار کە قیتە قیت ئەکات و کاتی شووی نەهاتووە. بەڵام دارەڕەش لە سەرەتای بەهارد دەستدەکات بە دەرکردنی شکۆفە، بۆیە بڕوای پێدەکرێت و دەبێتە نیشانەی سەرەتای بەهار.

20. لە ساڵی سەختدا مێنگە زۆردەبێت.

21. له ساڵی خۆشیاندا بەراویتە زۆرە.

22. هەوری سوور، بارانی دوور.

23. پەلکەزێڕنە نیشانەی خۆشییە.

24. هەور چوو بۆ هەورامان، سواربە و بچۆ بۆ کاروان.

هەور چوو بۆ بانە، مریشك بکە کولانە.

25. قامیش گوڵیکرد، سەرەتای وەرزی پاییزە.

26. سێ شەشە و سێ چوار، سەری دار و بنی دار، ئەوسا پێیدەڵێن بەهار. شەشی بایە، شەشی باران و شەشی خۆشیان، سێ چواریش گومانی بەفری لـێدەکرێت.

27. گوڵی گا گرۆ گرۆ، بەهاری هاورد بەدرۆ.

28. ساڵی دوو بەهار پەسەند نییە، چونکە دارخەڵەتێنەیە، واتە لەو کاتەی کەشێکی تێدەکات و خۆشدەبێت، دار و درەخت هەڵدەخەڵەتێ و شکۆفە دەردەکەن و وردە وردە بەخۆیاندا دێنەوە. بەڵام کە زریان بەفر و باران دەستپێدەکاتەوە، دەبێتە هۆی هەڵوەراندنی شکۆفە و بەری درەختەکان و ئەو ساڵە میوە کەم بەرهەم دەبێت.

- **داب و نەریتە پیرۆزەکان- طقوسەکان:**

هەر لە مێژەوە ئادەمیزاد بەگشتی و کۆمەڵی کوردەواریش بەتایبەتی پەنایان بردۆتە بەر هەندێ لە داب و نەیتە پیرۆزەکان و وەك رەوشتێکی پیرۆز پارێزگاریان لێکردووە و بەوپەڕی بڕواوە شتەکانیان دووپاتکردۆتەوە. بەگوێرەی کۆمەڵی کوردەواریشەوە هەر لە سەرەتای مێژووەوە جێپەنجەی لەم بوارەدا دیارە و خاوەنی چەردەك لەو داب و نەیتانەیە و پشتاوپشت، نەوە لەدوای نەوە، ئەم شتانەیان بەزیندویی هێشتۆتەوە و لاساییانکردۆتەوە و بە زۆر شێوەی جۆراو جۆر دەریانبڕیووە. بەڵام ئەمڕۆ ئەو شتانە کەمتر پەیڕەوییان لێدەکرێت، خۆ ئەگەر بوونیشیان هەبێت، ئەوا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا و وەك فۆلکلۆر دەردەکەون. بەهەرحاڵ، تا ئێستاش لای هەندێ لە تیرە و تایەفە و بگرە لای هەندێ لە گوندنشینەکانیش هەر نەوازش دەکرێت و کەم و زۆر بڕوایان پێیەتی.

بۆ پسپۆڕانی تایبەت بەو بوارەوە دەکرێت لە رووی زانستییەوە توێژینەوە و شیکردنەوەی لەبارەوە بکرێت و لەو بڕوایەدام واتا و نرخی تایبەتی خۆیان هەبێت. بەڵام بەگوێرەی منەوە کە بابەتەکەم تەنیا کۆکردنەوەی ئەو شتانەیە، بۆیە تەنیا چەند نموونەیەك دیاریدەکەین.

1. لە کۆندا ئەگەر جووتیارێك گایەکی بکڕیبایە، کاتێ کە دەیبردەوە بۆ ماڵەوە، گاسنێکی لەسەر رێگاکەی دادەنا، تا گاکە هەنگاوی بەسەردا بهێنێ و بچێتە ژوورەوە. ئەوەش بە مەبەستی پیت و بەرەکەت بووە.
2. جووتیارێك ئەگەر گوێدرێژێکی بکڕیبایە، تەوراسێکی لەسەر رێگەکەیدا دادەنا، تا بەسەریدا هەنگاوهەڵبهێنێت و بچێتە ژوورەوە. ئەوەش بۆ مەبەستی پیت و بەرەکەت بووە.

3. ماڵێك ئەگەر نۆبەرەی ماستی بەدیاری بۆ بچووایە، کاتێ کە دەفرەکەی دەبردەوە بۆ خاوەن ماستەکە، کەمێك خوێی دەکردە ناو دەفرەکەوە. ئەوەش بە واتای تەمەنناى پیت و بەرەکەت بووە، تا ئاژەڵەکانیان هەمیشە شیریان تیدابێت و نان و دۆ بڕاونەبن.

4. کاتێ کە مانگا دەزێت، بەدوای گوێرەکەکەیدا وێڵداشەکەی- پرزانگ دێتەدەرەوە. پاش ئەوەی دەیبڕن و لە مانگاکەی دووردەخەنەوە، فڕێنادرێتە سەرەڕێ، یان سەرەنوێلك، بۆئەوەی سەگ و ئاژەڵی تر نەیخۆن، چونکە بەیوومە و باش نییە. بۆیە زیاتر دەدرێ بەدەم ئاوەوە تا مانگاکە لە زاوزێ نەکەوێت.

5. مانگا نابێ پرزانگ- وێڵداشی خۆی بخواتەوە، چونکە شیرەکەی کەم دەکات.

6. پیاوان بۆیان نییە دەستکاریی شیر بکەن، یان سەرقاپی ئەو دەفرە هەڵبداتەوە، کە شیرەکەی تێدایە، چونکە دەڵێن: بەرەکەتی نامێنێت.

7. کاتێ مەڕومالات نەخۆشی تەبەق لێیبدات، دوو مندالٚ بە پشتاوپشت سواری کەرێك دەکرێت و ئەم بەیتە فۆلکلۆریە دەڵێنەوە.

هەچە، کەرە کەوەی هەلەق و مەلەق
کێ دیوێتی مەڕ بە تەبەق.

## ▪ داوودەرمانی خۆماڵی:

بەپێی شوێنی جوگرافیای کۆمەڵی کوردەواری و ئەو بارودۆخەی تێیدا ژیاوە، زۆر پێداویستی و شتە گرنگەکان دورەدەست بوون و تا ئەم ساڵانەی دوایش بە دەگمەن نەخۆشخانە و تیمارخانە نزیك گوندەکانی کوردستان هەبووە، جا چ جای ئەوەی لە گوندەکاندا هەبوویێت. هەر لەبەر ئەو هۆو هۆکارانە بووە، کە لە کۆنەوە مرۆڤی کورد لەئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیدا هەوڵیداوە لە گژوگیا و شتە سروشتیەکان زۆر داوودەرمان بەرهەمبهێنێت و تا رادەیەکی باشیش کەڵکی لێوەرگرتووە، بەتایبەتی بۆ هەندێ نەخۆشی و برین و زام و ئازاری کوتوپڕ و ناوەخت.

بێگومان لەو بوارەدا گژوگیایەکی زۆر و هەمە چەشنە لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، کە وەك دەرمان بۆ نەخۆشیەکان کەڵکی گەیاندووە. بەڵام ئەوەندەی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا لە یادی خەڵکە بە ساڵاچووەکاندا ماوە و لەم ناوچەیەدا من چنگم کەوتوون، لێرەدا نموونەکانیان دیاریدەکەم و وەك سەلیقەی کوردەواری لەو بوارەدا ئاماژەیان دەکەین.

ئەم کارە هەرچەند بە رواڵەت لەوانەیە کارێکی سادە و ساکار بێت، بەڵام لە ناوەرۆکدا بەتایبەتی بۆ پسپۆڕان و کیمیاگەران گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێن، بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی پر لە بەها و نرخێکی سەروەختی خۆی دەبێت و بە ئاشکرا سەلیقەی وردی کوردەواری لە رووی بەکارهێنان و بگرە پێکهێنانیشەوە دەردەخات.

ئەمانەی لای خوارەوەش نموونەی هەندێ لەو مادە و گژوگیایانەیە، کە تا ئەمڕۆش لە سروشتدا چنگدەکەون و وەك دەرمان بەکارهاتوون. هەروەها جۆریەتی ئەو نەخۆشیانەش دیاریدەکەین لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کە بەسەر مادەکاندا دێت، لەکاتی سازدانیاندا بۆ دەرمانێکی تایبەتی.

### 1. مۆمیایی:

مۆمیا جۆرە دەرمانێکە تایبەتە بە ئێسك شکاوییەوە، ئەو مادەیەی کە دەرمانەکەی لـێ سازدەکرێت، زیاتر لە شاخەکانی پشتی گوندی "خاوێ"دا هەیە. ئەویش بەتایبەتی لە تاوێرە سپی رەنگەکاندا.

دوای ئەوەی تاوێرەکە دەشکێنرێت، لەناو "چاڵ- قولوج"دا مادەیەك لە دۆخی شلیدا کۆبۆتەوە و کە هەوا لێیداوە وشکبۆتەوە و مەییوە.

لە کۆندا هەر لەسەر تاوێرە بەردەکە بەهۆی ئاگرەوە تواندویانەتەوە و کۆیانکردۆتەوە. ئەو دەرمانە تا ئەمڕۆش لەم ناوچەیەدا هەر بەکاردێت و بەهۆی ئامرازێکەوە کە وەك دەمە کەوچك وەهایە بە وشکی دەیتاشن و دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە. ئیدی لەگەڵ رۆندا دەیکولێنن و دەیپاڵێون و خڵتەکەی دەگرن، کە لە شێوەدا لە بنێشتی کوردی دەچێت.

ئەم دەرمانی مۆمیایە بە دوو شێوە بەکارهێنراوە.

یەکەم: لەگەڵ رۆنی کوردیدا لە دەمە کەوچکێکدا گەرمکراوە و دەدرێ بەو مرۆڤەی، یان باڵندە و پەلەوەرەی ئێسکی شوێنێکیان شکاوە.

دووەم: لە قەوارەی نۆکدا خڕکراوەتەوە و بەبێ رۆن دەدرێت بە ئێسك شکاوەکە.

ئەو بەڕێزەی باسی مۆمیایی بۆکردم دەیوت: لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە کە مۆمیایی هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەی خۆی، واتە هەرچۆن لە درزی بەرد و تاوێردایە، ئاواش دەچێتەوە نێوانی درزەکانی ئێسکە شکاوەکان. وەك بڵێین بۆ شوێنەواری خۆی بگەڕێتەوە. ئەم بۆچوونەش گەواهی زۆری لەبارەوە دەدرێت، کە ئەو دەرمانەیان داوە بە کەوێك کە ئێسکی لاقی شکاوە، یان بە مریشك، کاتێ کە سەربڕاون دەرمانی مۆمیاییەکەیان لە درزی ئێسکە شکاوەکەدا بەدیکردووە.

2. **گیای ڕەشکەڵەک:**

ئەمەش جۆرە گیایەکی تایبەتیە و لە دەشت کۆدەکرێتەوە، دوای ئەوەی دەکوترێت، ئیدی بە قەوارەی دەنکە نۆکێك، یا کەمێك گەورەتر خڕدەکرێتەوە. بۆ چارەسەری مایەسیری بەکارهێنراوە، بۆ ئەو مەبەستە لەژێرەوە بە نەخۆشەکە هەڵگیراوە. هەروەها ئەم گیایە لەگەڵ ماستدا تێکەڵکراوە و نراوە لە شوێنی گەڕی بۆ ئەو نەخۆشانەی دووچاری گەڕی بوون.

3. **هەنگوین و توور:**

ئەو کەسانەی دووچاری گرفت بوون، سی بەیانی بە ناشتا لەسەر یەك هەنگوین و تووریان دەدرێتێ، بەوەش گرفتەکەی نەماوە.

4. **بنێشتەتاڵ:**

بۆ پاکردنەوەی کێم و جەراعەت و پیسایی ناو دومەڵ و برین، بنێشتەتاڵ دەرمانێکی تایبەت بووە و یارمەتی پاکردنەوەی برین و دومەڵی داوە.

5. **گەز و زی:** ئاوی رووەکی گەز و زی گیراوە و بەکارهێنراوە بۆ نەخۆشی بیرۆ.

6. **بەلاڵوك:** بە دەنکەکەیەوە دەیهاڕن و دەیدەن بە کەسێك کە قەبزبێت تا ڕەوانیکات.

7. **گەڵای گوێژ:** بەکارهێنراوە بۆ نەخۆشیەکانی شەکرە و گورچیلە.

8. **گیای بەڕەزا:** بۆ نەخۆشی گورچیلە.

9. **گیای قەیتەران:** دوای ئەوەی گەڵاکەی وشکدەکرێتەوە، ئیدی لە ئاودا دەیکوڵێنن و وەك چا دەدرێ بەو کەسانەی دووچاری نەخۆشی گورچیلە بوون.

10. **شەرواڵ بەکۆڵ:**

گیایەکی بەهارییە و گوڵێکی زەرد دەگرێت، لە بنجەوە سەلکی هەیە، واتە ڕەگەکەی سەلکێکی ریشودارە. ئەم سەلکە پاکدەکرێت و دەیشۆنەوە و

دەیهاڕن. وەك دەرمانێکی خۆماڵی بە وشکی و بە تەڕی بۆ ڕەوانی و دژی قەبزی بەکاردێت.

11. **رازیانە:** بەکاردێت بۆ دڵێەشە.
12. **ئاوی جۆ:** بەکولاوی بۆ نەخۆشیی گورچیلە.
13. **شاتوو:** بۆ قوڕگێەشە و دەنگنووساویی.
14. **تەونی هێلانە جاڵجاڵۆکە:** بەکارهاتووە بۆ گیرسانەوەی خوێن، بەتایبەتی لوتپژان.
15. **خۆڵەمێش- خۆڵەکەوە:** بۆ خەتەنەکردن و هەر شوێنێکی تری جەستەی مرۆڤ، کە بڕابێت و خوێنی لێبێت.
16. **ڕەگی بەلەك:** بۆ ئازار و ژانی گورچیلە.
17. **گیا مایەسیری:** جۆرە گیایەکە ڕەگەکەی دوای پاککردنەوە و وشککردنەوە دەیهاڕن، لەگەڵ هەنگویندا بۆ وشکە مایەسیریە و لەگەڵ هێلکەشدا بۆ تەڕە مایەسیری بەکاردێت.

18. **قوڕە سوور:**

لە کوردەواریدا بەکارهاتووە بۆ پاککردنەوەی جێ دەم و جێ گازی سەگ، واتە بۆ گلاودەرکردن. هەرچەند لایەنێکی ئایینی پێوە دیارە، بەڵام زیاتر بۆ پاککرنەوەیە لەوەی سەگ گرتووەکە دووچاری نەخۆشی نەیەت لە ئەنجامی ئەو برینداریەی جێ دەمی سەگەکە.

19. **دەرمانە شاخی:**

جۆرە بەردێکی تایبەتیە و بەزۆری لە چیاکاندا هەیە. ئەم بەردە جۆرە تەڕایی و ئارەقێك دەردەدات، دوای ئەوەی بای شەماڵ لێیدەدات، تەڕاییەکە دەمەیەت. ئیدی دەیتاشن و بەگوێرەی خۆی ئاوی تێدەکرێت، کاتێ توایەوە،

دەبێ بەهۆی پارچە لبادێکەوە بیپاڵێون. پاشان دەیکوڵێنن. دوای ساردبوونەوەی دیسانەوە دەمەیەتەوە، ئیدی بە قەوارەی دەنکە نیسکێك وردی دەکەن. ئەوەش زیاتر بۆ نەخۆشیەکانی چاو بەکارهێنراوە، بەوانەش ئالۆشی چاو، تەراخوما، تانە.

جۆری بەکارهێنانەکەشی، هەر دەنکە نیسکێك لەو دەرمانە دەکرێت بە چوار کەرتی یەکسانەوە و هەر کەتەی بۆ چاوێك بەکاردێت. نەخۆشەکە لەسەر پشت رادەکشێت بۆ هەر چاوێکی کەرتێك لەو چوارەی تێدەکرێت و دوو پارچە خامی خاوێن لە گۆشەکانی چاوەکانەوە دادەنرێت، چونکە کاتێ دەرمانەکە لەناو چاوەکاندا توایەوە ئاوێکی زۆری پێدا دێتەخوارەوە و دەیبرژێنێتەوە.

20. **رکێشە:** بۆ دوومەڵ گەیاندن و دەرکردنی پیسایی برین و زام.

21. **گوڵە خاشخاش:** بۆ برین و زام.

22. **گەڵای بنەگۆزروان:** بۆ مارانگاز، دەینێن لە جێ دەمی مارەکە، دەبێتە هۆی هەڵدانەوەی جێ دەمەکە و راکێشان و دەرکردنی ژەهری مارەکە.

23. **گوڵە زەردە و وەنەوشە:** لەگەڵ توودرِکا دەیکوڵێنن و بۆ سك ئێشە بەکاردێت.

24. **گوڵە هێرۆ:**

بۆ نەخۆشی "زەوە" بەکاردێت. زەوە زامێکی کوتوپڕە و لە ئەنجامی خواردنی گۆشتی ئاژەڵەوە مرۆڤ دووچاریدەبێت، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی سپڵیان لەتبووە و گۆشتەکەیان تێکداوە.

گوڵە هێرۆکە وشکدەکرێتەوە، لەگەڵ شیردا تێکەڵدەکرێت و بەسەریەکدا دەیشێلن، تا تەواو خەستدەبێتەوە. ئیدی دەدرێت لە زامەکە و زۆر بەزوویی چاکیدەکاتەوە. ئەو کەسانەی دووچاری ئەم زامە دەبن، ئەگەر جارێکی دی رێکەوتی هەمان جۆر لەو گۆشتە بکەنەوە توشی "زەوە" نابنەوە.

25. **رۆنی گوڵەباخ:** بۆ نەخۆشی بیرۆ بەکاردێت.

26. **پیوی گا:** لەگەڵ لەبانی ئاویی کۆن، پێکەوە دەسوتێنن و دەیدەن لە شوێنی سووتاوی.

27. **رۆنی هێلکە:** بۆ سوتاوی بەکاردێت.

28. **توێکڵی گوێز:** دەیهاڕن و بۆ لوتپژاندن بەکاردێت.

29. **گوڵە زەردە:** بە کوتراوی دەیدەن لە برین، دەبێتە هۆی پاککردنەوە و دەرکردنی پیسایی ناو برینەکە.

30. **دارمێو:** وشکدەکرێتەوە و دەیسوتێنن، خۆڵمێشەکەی لەگەڵ خوێدا دەکوترێت. هەندێك لەو تێکەڵەیە لە ئاودا دەتوێننەوە و دەیدەن لە پێستی ئاڵۆشاوی، کە زیبکەی دەرکردبێت. هەروەها خۆڵەمێشەکە بەبێ خوێ دەدرێت بەو کەسانەی کرمی ناو سکیان هەیە، پاش ماوەیەك کرمەکان لەگەڵ پیسایدا دێنە دەرەوە.

31. **کووزەڵە:** بەکاردێت بۆ ژانە سك و ئازاری زەیستان، ئەویش بە کوڵاوی دەکرێتە دەفرێکەوە و زەیستانەکە لەسەر هەڵمەکەی بە چیچکانەوە دادەنیشێت.

32. **بنە نێرگز:** دوای ئەوەی لە ئاودا دەیکوڵێنن تا زەرد دەبێت، ئەوسا بەکاریدەهێنن بۆ نەخۆشی گورچیلە.

33. **قاوغی کیسەڵ- سیێڵ:**

دوای ئەوەی دەیسووتێنن، بەکاردێت بۆ نەخۆشی تیراوی. واتە کە سووتانیان، ئیدی دەیهاڕن و دەیدەن لەو برینانەی درەنگ چاکدەبنەوە.

34. **سەرە مار:** دوای سوتاندن و هاڕینی دەدرێت لەسەر زامی برینی تیراوی.

35. **تووتنی وشك:** گەرمدەکرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ نەخۆشی ملەخڕێ، هەروەها دەنرێت لە شوێنی پێوەدانی دوپشك.

36. **وەچی توتن:** هەر بە تەڕی بەکاردەهێنرێت و دەنرێت لە ملەخڕێ.
37. **رەیحانە:** بۆ ئازارشکاندنی پێوەدانی دوپشك، زیاتر ژنان دەیجون و دەینێن لە شوێن دەمی پێوەدانی دوپشك.
38. **دۆ:** دەیکولێنن و شوێنی پێوەدانی دوپشکی پێ دەشۆرن، ئازارەکەی دەشکێنێت.
39. **گەزۆ:** بەکاردێت بۆ نەخۆشی زەردوویی و سوورێژەی منداڵ.

## سەلیقە و هەندێ بەروبوومی سروشتی

1. **کەتیرە:**

کەتیرە لە سەرەتای مانگی رەزبەرەوە بنچکە گەونەکانی بنکۆڵدەکرێت و ناو چاڵەکەی پاکدەکرێتەوە، چەند لاسکی پێوەبێت بە تیغێك بریندارەدەکرێن، ئیدی لێیدەگەڕێن تا ئەو کاتەی بنچکە گەونەکان وشکدەبن. ئیتر ئەو بڕە کەتیرەیەی دەریداوە، کۆدەکرێتەوە و دەبرێت بۆ شارەکان و ئالووێری پێوە دەکرێت. هەروەها ئەو شوێنانەی ئەم ساڵ کەتیرەی لێکرابوو، ساڵێکی دی ناکرێتەوە. ئەوەش بە مەبەستی بەرهەمی زیاترە.

2. **گەزۆ:**

گەزۆ، زیاتر لەسەر گەڵای مازوو، یان بەڕوو دەبێت. بەتایبەتی لە ناوچە شاخاویەکاندا زیاتر دەردەکەوێت. گەزۆ بەشێوەی گەردێکی رەنگ سپی دەنیشێتە سەر گەڵای دارەکان. هەروەها لە کۆتایی وەرزی بەهاردا لەسەر تاوێر و گژوگیاش بەدیدەکرێت. هەندێ جار لە وەرزی پاییزیشدا هەبووە و گەڵای درەختەکانی داپۆشیوە.

ئەوانەی سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمەن، جاجم- مەوج، یان خام لەژێر درەختەکاندا رادەخەن و خۆشیان دەچنە سەر درەختەکە و بە دارێك گەڵاکان دەوەرێنن. زۆر جار لەگەڵ گەزۆکەشدا گەڵای درەختەکەش هەروەها دەوەرێت. دوای ئەوەی دەبرێتەوە بۆ ماڵەوە، دەیکوڵنن و دەیپاڵێون. لێرەوە ئەوەی دەکرێ بە دۆشاوی "شۆکە" جیایدەکەنەوە. ئەوەشی دەکرێت بە گەزۆ، لەسەر پارچە خامێك رایدەخەن تا وشکدەبێتەوە. ئیدی دەبرێت بۆ شارەکان و ئالۆویری پێوە دەکرێت.

گەزۆ، جگە لەوەی کە وەك خواردنێك بەکاردەهێنرێت، هەروەها هەندێ داوودەرمانیشی لــێ دروستدەکرێت.

3. **خوێ:**

ئەم بەرهەمەش سەرەتا وەك ئاوێك لە کانی تایبەتیەوە ئاوەکەی لە زەویدا هەڵدەقوڵێت. ئەوانەی خەریکی بەرهەمهێنانی خوێن، لە چەند شوێنێکدا لە نزیکی کانیەکانەوە، لەشێوەی چاڵی گەورەدا، ژمارەیەك گۆل دروستدەکەن.

سەرەتا چاڵەکان هەڵدەکەنرێت، بە جۆرە گڵێك دەوریان دەگیرێت، کە پێیدەوترێ گڵی بەکرە. پاشان ئاو دەکرێتە چاڵەکانەوە. سروشتی ئەو گڵە وەهایە کە ناقڵیشێت و بەشێوەی مەعجوون بەیەکدا دەلکێت. پاشان ئەم گڵە بەهۆی گلاوکوتەوە دەکوترێتەوە. ئەم کارەش زیاتر لە وەرزی بەهاردا دەکرێت. کە چاڵەکان ئامادەبوون، لەو لاشەوە لە دار کۆل دروستدەکرێت و دەکرێت بە جۆگە بۆ ئاو راکێشان لە کانییەکانەوە بۆ سەر گۆلەکان. هەروەها لەنێوانی گۆلەکاندا گونج دروستدەکرێت، بۆئەوەی بە هەمان رێژە ئاو بکرێتە هەموویانەوە. ئیدی لە مانگی پووشپەڕەوە تا مانگی گەلاڕێزان ئاوەکە دەمەیەت. پاشان بەهۆی پارۆوە خوێکە دەردەهێنرێت و لە شوێنێکی تایبەتدا

کۆدەکرێتەوە، تا گشت خوێکەی ناو گۆلەکان دەردەهێنرێت. دەکرێتە ئەمبارەوە، یان لە فەردەدا دادەگیرێت بۆ ئالۆویرکردن.

لە زستاندا لەبەرئەوەی تیشکی هەتاو تینی نییە، بۆیە خوێ لەو وەرزەدا نامەیەت، بەڵام لەکاتی سەرپەڵەدا گۆلەکان پاکدەکرێتەوە، ئەویش بە دەرکردنی ئاوی ناو گۆلەکان و قوڕ و لیتەی بنیان دووردەخرێتەوە.

دوو جۆر خوێ هەیە، یەکەمیان سەرکەف، کە رەنگی سپیە و بێ خڵتە و خۆڵە. دووەمیشیان خوێ بۆرە، کە چینی ژێرەوەی خوێی سەرکەفە. هەروەها ئەو دوو جۆرە خوێیە لە نرخ و بەهاشدا جیاوازن.

ئەم سەرچاوە سروشتیە لە بن نەهاتووە، هەر لە کۆنەوە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا هەبووە. لەم ناوچەیەشدا بەتایبەتی لە گوندەکانی مەملەحە و خوێڵێنەکە هەیە.

ئەمڕۆ بەرهەمهێنانی خوێ ئەرك و ماندوبوونی کەمترە لە جاران، چونکە لە قۆناغێکی کۆنتردا لە کانییە قووڵەکانەوە بە سەتڵ ئاوەکەی هەڵگۆزراوە و کراوەتە ناو گۆلەکانەوە. بەڵام ئەمڕۆ بە ئامێری کارەبا، یان گازۆیل و بانزین، ئەو کارە جێبەجێدەکرێت.

4. **سەعلەم:**

سەعلەم زیاتر لە مێرگدا دەڕوێت و نزیکەی 40 سانتیمەتر بەرزدەبێتەوە، گوڵێکی مۆر دەگرێت، کە هاوشێوەی گوڵی دەمەشێرە. رەگەکەی لە شێوەی سەلکدایە. دوای کۆکردنەوەی ئەو سەلکانە و پاکردنەوەیان، ئیدی دایدەنێن تا وشکدەبێتەوە. سەعلەم لە شارەکاندا ئالۆویری پێوە دەکرێت.

سەعلەم بۆ دۆندرمە و بەستەنی دروستکردن بەکاردێت.

# هەندێ کەرەسەی بەکارهێنان

## یەکەم: ئەو کەرەسانەی لە قوڕ دروستدەکرێن:

بۆ دروستکردنی گۆزە و گلێنە...هیتد، گڵە سوور دەبێژنەوە و کاوردەی تێدەکرێت و دەگیرێتەوە. ماوەیەك بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تا بەتەواوی دەخوسێت. ئیدی بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی ئەو کەرەسە ناوبراوانە.

### - تەنوور- تەندوور:

لە زەوییەکی تەختدا، کە خۆر بیگرێتەوە، تەنوور دروستدەکرێت. ئەم کارەش لە گوندەکاندا زیاتر ژنان پێوەی سەرقاڵن.

سەرەتا چینێك بە بەرزی 15سانتیمەتر دادەنرێت، ئیدی لێیدەگەڕێن تا کزردەبێتەوە، کاتێ فەریك بوو، دووەم چین دادەنرێت و پاشان بەم شێوەیە چوار چین تەواودەکرێت، کە ئەو چوار چینە تەنوورێکی تەواو پێکدەهێێنێت.

درێژی تیرەی تەنوور 40 سانتیمەرە و لێوارەکانی بنکەکەی و دەمی تەنوورەکە ئەستوورترە لە دیواری چینەکانی بەژنەکەی. لە داوێنەوە گولبێنەی بۆ دەهێلرێتەوە، ئەویش بۆ هات و چۆکردنی هەوا. دوای ئەوەی کە وشکدەبێتەوە، لە ماڵدا لەو شوێنە تایبەتیەی دیاریکراوە بۆ تەنووربان، چاڵی بەپێی بەژنی تەنوورەکە بۆ هەڵدەکەنرێت و تەنوورەکە دەنرێتە چاڵەکەوە، هەندێ خۆڵەکەوە دەکرێت بە چواردەوریدا و لێوارەکەی لە

ئاستی چاڵەکەدا سواغدەدرێت. کەمێك دوورتر لە تەنوورەکەوە، کونی گوڵبێنەکەی بۆ دیاریدەکرێت. دوای ئەوانە، دەبێ داری تێدا بسووتێنرێت، تا بەتەواوی سووردەبێتەوە، ئەوسا بەکاردەهێنرێت بۆ نانکردن و کولێرە برژاندن.

نانکەر بە مایە نانەکە پێوەدەدات... مایە لە قەوارەی هێڵەکێکدا دەبێت و بە پەڕۆوپاتاڵ دروستکراوە و لە رووی ژێرەوە شوێن دەستکێشی بۆ کراوە.

کاتێ ویستیان ئاگری تەنوورەکە خەفەبکرێت، دەمی گوڵبێنەکە بە پارچە پەڕۆیەك دەگرن و دواتر ساجێك دەخرێتە سەر دەمی تەنوورەکە و دەکووژێتەوە.

لە کۆندا باوبووە، ئەویش لەبەر هەژاری و بێدەرامەتی باری تەندروستی و لایەنی خاوێنی کەمتر رەچاوکراوە، بۆیە هەر کە نانکردن تەواودەبوو، ئەندامانی خێزانەکە، یان منداڵانی دەرودراوسێ دەهاتن بۆ سەر تەنوورەکە و خۆیان تێدەوەشاند، واتە هەرچیەکیان لەبەردابوو دایاندەکەند و دەیانتەکانە ناو تەنوورەکەوە، تا کێچ و ئەسپێکانی ناوی بوەرێتە ئاگرەکەوە.

هەروەها زۆر جاریش پشکۆی ئاگری تەنوور دەکرایە ناو مەقەڵێ، یان ئاگردان و کورەوە بۆ چالێنان.

تەنوور جگە لە نانی تیری، کولێرە چەورە و کولێرەی ئاوی و کولێرەی ساوەریشی پێکراوە.

- **کەنوو:**

سەرەتا بۆ بنکەکەی لەشێوەی تەختەیەکی ئەستووری بازنەیی لەسەر زەوییەکی تەخت دادەنرێت و پێچکەکانی بۆ دەکرێت، لێیدەگەڕن تا وشکدەبێتەوە. ئیدی هەڵیدەگێڕنەوە و دەستدەکرێت بە دروستکردنی کەنووەکە.

بەشێوەی تەنوور چین بە چین، یان بە پێوانەی باڵای زەلامێك، یان بەپێی پێویست گەورە و بچوکی دیاریدەکرێت.

هەر لەو قوڕە سەرکەنوی بۆ دەکرێت، هەروەها لە داوێنەوە گوڵبێنەی بۆ دەکەن بۆ دەرهێنانی دانەوێڵە. ئەم گوڵبێنەیە بە پەڕۆیەك دەمەکەی دەگیرێت بۆئەوەی دانەوێڵەی لێ نەیەتەخوارەوە.

کەنووی وەها هەیە، کە سێ یان چوار ربە دانەوێڵەی تێدەکرێت، دانەوێڵەکە لەسەرەوە دەکرێتە ناوی و لە رێی گوڵبێنەشەوە لێی دەردەکەن. کەڵکی کەنوو زیاتر بۆ پاراستنی دانەوێڵەیە لە گیانەوەری زیانبەخش.

زۆرجار بەگوێرەی حەزی ئەو کەسەی کەنووەکە دروستدەکات، هەر لە قوڕ و لە رووی پێشەوەی چەند نەخشێك لە شێوەی مارمارۆکە و شتی تر دروستدەکرێت.

هەندێ کەرەسەی دی هەیە کە لە قوڕ دروستدەکرێت، بەڵام لەجیاتی کا، موو تێکەڵی قوڕەکەی دەکرێت و بەجۆرێکی جیاواز ئامادە و خۆشدەکرێت.

لەو کەرەسانەش وەك: گۆزە و گلێنە، کووپە، شەربە، ئاگردان، هیزەدان، کوپەی دۆشاو، مقاڵی ئاگر، ژێرپیاڵە، سەبیل و بۆریی پاراستنی نووسراوە گرنگەکانی وەك تاپۆ و کومپیالە.

سەرەتا گڵەکە دەبێژرێتەوە و هەندێ مووی تێدەکرێت و بەهۆی ئاوەوە دەگیرێتەوە. شەو و رۆژێك دەمێنێتەوە، پاشان دەیشێلن تا بەشێوەی مەرهەم خۆشدەبێت.

پارچە بەردێکی پان و تەخت، یان پارچە تەختەیەك لە دار دەتاشرێت، دەکرێتە بنکەی کارکردن. بە تۆپەڵ قوڕ دەخرێتەسەری و بە تەلاشێکی تایبەتی سافدەکرێت، تا تەواودەبێت، ئیدی نەخش و نیگاری تێدەکرێت. دوای ئەوەش تا 15 رۆژ لەبەر هەتاوی

گەرمی هاوین دادەنرێت، تا بەتەواوی وشکدەبێتەوە. ئیدی چەند دانەیەك لەو کەرەسە دروستکراوانە پێکەوە سووردەکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ژێرو بان و چواردەوریان بە تەپاڵەی وشك دەگیرێت و ئاگری تێبەردەدرێت، کە تەواو سووربۆوە، چەند جارێك ئاویان تێدەکرێت، بۆئەوەی ئاوی خۆشبێت. بەڵام ئاگردان و مقاڵی و کووانو سووورناکرێتەوە. تەنیا ئەو کەرەسانە سووردەکرێنەوە، کە بۆ ئاو، یان دۆشاو، یان بۆ هیزەدان بەکاردێت.

## دووەم: بەرد و ئەستێ

لە زۆر کۆنەوە لە کوردەواریدا بەرد و ئەستێ بۆ ئاگرکردنەوە بەکارهێنراوە. هەروەها لەلایەن جگەرە و قلّیان و سەبیل کێشەوە، لەجیاتی شقارتە و چەرخ بەکاریانهێناوە.

بەردەکە جۆرە بەردێکی تایبەتە، کە بە بەرکەوتنی ئەستێکە پریشکی ئاگری لێدەبێتەوە. ئەستێکەش بریتیە لە پارچە ئاسنێکی سێگۆشە و لە قەوارەی نوشتەیەکدایە.

ئەو مادەیەشی کە بەهۆی بەرد و ئەستێوە ئاگری پێوەدەنرێت، پێیدەوترێت قاو، کە بریتیە لە کرۆکی دار و بەزوویی ئاگر دەگرێت. پارچەیەکی بچوکی دەخرێتە سەر بەردەکە و لە کەنارەوە بە ئەستێکەش دەدرێ لە بەردەکە، هەر کە پریشکی ئاگری لێ پەیدابوو، قاوی دارەکە ئاگردەگرێت و بە فوویەکی کەم دەگەشێتەوە. ئیدی بەکارهێنراوە بۆ ئاگرکردنەوە و جگەرە و سەبیل پێکردن.

## سێیەم: کوولوکە ڕەشۆکی- کوولەکە سواڵی

وەك ئاشکرایە، کوولەکە ڕەشۆکی لە قەوارەی جیاجیادا دەبینرێت، ناوکەکەی"دەنکە کوولەکە" وەك چەرەس بۆ خواردن و ئالۆوێرکردن بەکارهێنراوە. هەروەها لە کوولەکەکەش هەندێ خواردەمەنی دروستکراوە.

بەگوێرەی کوولەکە ڕەشۆکیەوە، لە کۆتایی وەرزی پایزدا بەتەواوی وشکدەبێت و بە وشکراوی هەندێ کەرەسەی پێداویستی لــێ دروستکراوە.

دوای وشکبوونەوە لە بنجەکەی دەکەنەوە، گەورەکانیان بۆ ئاو بەکارهێنراوە، هەروەها ڕۆنەکەرێشی تێکراوە، زۆرجاریش هەژاران و دەروێشان و گەڕۆکان، کە بە گوندەکاندا گەڕاون، نان و خواردنیان لە ماڵان گردکردۆتەوە، زیاتر کوولەکە ڕەشۆکیان بەکارهێناوە و چێشت و خواردنیان تێکردووە. هەر لەبەرئەوەشە ناوی کوولەکە سواڵی بەسەردا بڕاوە.

جگە لەوانەش دوای وشکبوونەوە، ناوەکەیان هەڵکۆڵیوە و دانراوە تا بەتەواوی تەڕی تێدانەماوە، ئیدی قەفەسی باڕە کەویان لــێ دروستکردووە. لە دەم ملەکەیدا یەك دوو کونی بەرانبەر یەکیان تێکردووە و شوڵی داریان بۆ بڕیوە و کراوە بەو کونانەدا بۆئەوەی باڕە کەوەکەی پێدا تێنەپەڕێت. لە ناوەڕاستی کوولەکەشدا چەند کونێکی دی تێکراوە بۆ هەواکێشان.

لە کوولەکەی قەوارە بچوکیش کوولەکە دەرمانە دروستکراوە و زیاتر ڕاوچیەکان بەکاریانهێناوە بۆ بارووت تێکردن و دەمەکەیان ناوەتەوە و بەنێکیان کردۆتەملی کوولەکەکە و هەڵواسراوە بە پشتێنەکانیاندا. ئەم کوولەکە دەرمانیە زۆرجار ناوەکەی لەگەڵ خەریتەدا هاتووە. خەریتەش بریتیە لە پارچە چەرمێك و لە شێوەی جزدانێکی بچوکدا دروستکراوە و بەکارهێنراوە بۆ ساچمە تێکردن و هەڵگرتن.

## چوارەم: چەخماخسازی:

چەخماخسازی وەك کارێکی سادە و ساکار لەناو کوردەواریدا سەریهەڵداوە و هەندێ کەرەسەی سەرەتایی لە بەرهەمهێنانیدا بەکارهێنراوە.

1. **کوورە:** لە زەویدا لە قوڕ دروستکراوە، خەڵوزی تێدەکرا و بەهۆی مووشەدەمەوە دەگەشێنرایەوە، ئیدی ئاسن و پۆڵای پێ گەرمکراوە و چەقۆ و داس و تەوراس و ...هیتد لـێ دروستکراوە.
2. **مووشەدەمە- هەمانە:**

مووشەدەمە، لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە. بەهەمان شێوەی مەشکە، پێستەکە خۆشکراوە. لەلای ملەکەیەوە بۆرییەك کە لە دار بە درێژی 25 سانتیمەتر دروستدەکرا، دەکرا بە ملەکەدا و بەتوندی شەتەکدەدرا، لەدواشەوە پێستەکەیان هەڵدەهێنایەوە و دوو دار بە درێژی 40 سانتیمەتر لە داوێنەوە لە سەر و ژێری پێستەکە چەسپدەکرا. ئەگەر مووشەدەمە قەوارەکە گەورە بێت، دەبێت لەسەر کورەکە دابمەزرێنرێت، ئەگەر بچووك بێت دەتوانرێت بەدەستەوە بگیرێت و کاری پێبکرێت. لەکاتی هەوا وەرگرتندا دوو دارەکەی دواوە دەکرێتەوە، پاشان دایدەخەنەوە و پاڵێکی پێوە دەنێن بۆ پێشەوە، بەو شێوەیە هەواکە لە بۆریەکەی لای ملەکەیەوە دەردەچێت و ئاگری ناو کوورەکە دەگەشەێنێتەوە. بۆ ئاگرەکەش زیاتر خەڵووزی داربەڕوو بەکارهێنراوە، چونکە بەرگەگر و قایمترە.

3. **کەوانە و مەکتە:**

کەوانە، بریتیە لە دارێکی کەوانەیی، کە درێژییەکەی 60 سانتیمەرە و لە هەردوو سەریەوە ئەلقەیەکی پێوە چەسپکراوە. قایشێك کە پانی 5 سانتیمەتر و درێژیەکەی 75سانتیمەترە، هەردوو سەرەکەی لە ئەڵقەکان دەبەسترێت.

مەکتەش بریتیە لە دەمە ئاسنێکی نووك تیژ و بە چەند شێوەی جیاواز چەند دانەیەکە، هەروەها رێژەی گەورە و بچووکییان جیاوازە. دەسکێك لە دار دروستدەکرێت و سەرێکی مەکتەی تێدا چەسپدەکرێت و سەرەکەی دی بەشێوەیەی خڕی دەتاشرێت تا خڕێنکەی بکەن بە سەردا.

خڕێنکەش لە دار دەتاشرێت و سەرێکی هەڵدەکۆڵرێت تا دەسکی مەکتە لەناویدا بەباشی بسوڕێتەوە، سەرە پێچەوانەکەشی بە تەختی دەهێلڕێتەوە. ئەم ئامێرە سادە و ساکارە زیاتر بۆ کونکردنی دەسکی چەقۆ بەرکارهێنراوە.

نووکی مەکتە دەخرایە سەر کەرەسەکە و قایشی کەوانە دەئاڵێنرێت لە دەسکی مەکتەکە و کەوانەکەش دەگیرا بە دەستی راستەوە و بە دەستەکەی دی خڕێنکە دەخرایە سەر دەسکی مەکتەکە. ئیدی کەوانە دەبرێت بۆ پێشەوە و بۆ دواوە، بەو جۆرە مەکتە دەخولایەوە و دەسکی چەقۆکەی کون دەکرد.

جگە لەو کەرەسانەی باسمانکردن، گاز و چەکوش و چەرخ و بەردی تیغ تیژکردن لە کاری چەخماخسازیدا بەکارهاتووە. ئەمە بەگوێرەی سەردەمانی کۆنەوە، بەڵام لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا گەلێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## پێنجەم: ئاشی ئاو

ئاشی ئاو بەگشتی لە گوێ چەم و جۆگەی ئاودا دادەمەزرێنرێت. لە زۆر ناوچەدا ئاشی ئاوی تێدایە، کە بە سەلیقەی وردی مرۆڤی کورد سازدراوە. کاتێ کە شوێن دیاریدەکرێت بۆئەوەی ئاشی ئاوی تێدا دابمەزرێنن، دەبێ بەر لە هەموو شت ئەوە رەچاوبکرێت، کە نزیکە ئاو بێت و بە ئاسانی ئاوی بگاتێت.

سەرەتا لە کەرەسە و ئامێرەکان دەدوێین و دواجار لە شێوەی دامەزراندنەکەی و کارپێکردنی.

1. **بەردی ئاش- بەرداش:**

بەردی بەرداش تایبەتیە و لە هەندێك ناوچەدا هەیە، لەم ناوچەیەدا وەك گەرمیان و شاخی کەتوو.

لە قەیدێکی ئاسن، کە پانیەکەی 5 سانتیمەتر دەبێت، چێوەی بەرداش لە شێوەی بازنەدا دروستدەکرێت. لەو لاشەوە بەرداشەکە بە چوار پارچەی یەکسان دروستدەکرێت و بە ئامێری تایبەت بیرازدەکرێت. دوای تەواوبوون هەر چوار پارچەکە لە بازنە قەیدەکەدا چەسپدەکرێت، دەبێ بەشێوەیەك بێت کە وەك یەك پارچە بنوێنێت.

لە بەردی یەکەمدا کونێکی شێوە خڕ دەکەنە بەردەکە، تا بستەی پێدا تێپەڕێت. هەروەها لە بەردی دووەمدا کونێکی شێوە پان وەك زمانەی بستە دروستدەکەن، تا زمانەی بستەی پێدابچێت، ئەوەش بۆئەوەی هێزی سوڕانەوە زیاتربێت. ئیدی بەردی ژێرەوە بە شێوەیەکی جێگیر چەسپدەکرێت و بەردی سەرەوە تەنیا دەسوڕێتەوە. ئەستووری بەرداش 11 سانتیمەتر دەبێت و درێژی تیرەکەشی بریتیە لە یەك مەتر.

2. **بستە:**

بریتیە لە حەوجۆشێکی ئاسن، کە لەلای سەرەوەیدا زمانەیەکی بە پێوانەی 6 سانتیمەتر بۆ دروستدەکەن، تا بکرێت بە بەرداشی سەرەوەدا. دوای ئەوەش بە پێوانەی 15 سانتیمەتر بەشێوەی خڕی دێت، بۆئەوەی بە ئاسانی لە کونەکەی بەرداشی ژێرەوەدا بسوورێتەوە. لەدوای ئەوەشەوە بە درێژی 60 سانتیمەتر لە شێوەی شەشپالوّدایە، تا لە کونی تۆپەکەدا چەسپبێت و مەودای سوڕانەوەی نەبێت، لە دوای ئەوەشەوە 15 سانتیمەتر بە خڕی و کۆتاییەکەشی لە شێوەی نیوەگۆدا سافدەکرێت، تا بە ئاسانی لەسەر گوللە تۆپەکە بخولێتەوە.

3. **خوانگە:**

خوانگە لە داری توو دەتاشرێت، کە درێژیەکەی مەتر و نیوێکە و پانیەکەشی 35 سانتیمە. لای چەپی خوانگە گوللە تۆپی لەسەر دادەنرێت و سەرەکەی دی کەمێك چالدەکرێت، بۆئەوەی گوللە تۆپەکەی تێدا جێگیربێت. لای راستیشی هەوجارێکی لەژێردا دادەنێن.

4. **خەردار:**

بریتیە لە دوو داری توو، بەپێی بنەچەی بناغەی ئاشەکە درێژە و بەرداشی ژێرەوەی لەسەر دادەنرێت.

5. **چەقەنە:**

چەقەنە، بریتیە لە راستە دارێك و دارێکی دی بە ناوەڕاستیدا داکوتراوە. سەرێکی راستە دارەکە دەخرێتە کەوچکەکەوە و سەرەکەی دی لەسەر دیواری ئاشەکە دادەنرێت. ئەو دارەشی کە بە راستە دارەکەدا داکوتراوە، دەدات لە بەرداشی

سەرەوە، کاتێ بەرداشەکە دەسووڕێتەوە، ئەو دارەش دەجولێنێتەوە، ئەویش راستە دارەکە دەلەرێنێتەوە. بەو شێوەیە ئەو سەرەی کە لە کەوچکەکەدایە، کەوچکەکەش دەلەرێنێتەوە و گەنمەکەی ناوی دەڕژێتە ناو گەری ئاشەکەوە.

### 6. چەرەخۆرە:

چەرەخۆرە، بریتیە لە دارێك، لە باری درێژی کراوە بە دوو کەرتەوە. ناوکرۆکی هەردوو لاکە هەڵدەکۆڵرێت و بە پێچەوانەی قلێشەکەوە دوو لای بۆ کەلدەکرێت، کاتێ کە دەنرێنەوە پێکەوە، لە ئاستی دوو کەلییەکەدا بە بەڕوولەیەك پێکەوە چەسپیاندەکەنەوە. ئەو لولەکە ناو بۆشە، چەرەخۆرە پێکدەهێنێت.

### 7. تۆپی ئاش:

تۆپی ئاش، زیاتر لە قەدی دارقەزوان دەتاشرێت، چونکە دارقەزوان زیاتر بەرگەگرە و تا زیاتر لە ئاودا بمێنێتەوە سەختتر دەبێت. تۆپی ئاش درێژی تیرەکەی 70 سانتیمەترە و بەرزیەکەی 40 سانتیمەترە. بەچواردەوریا 30- 32 کون لە ئاستی یەکدا بۆ جێ زمانەی پەڕەکەکان دروستدەکرێت. لە ناوەڕاستیدا لەباری لوولەیی کونێکی شێوە شەشپاڵووی تێدەکرێت، ئەوەش بۆئەوەی بستەی پێدابکرێت.

### 8. پەڕەکە:

پەڕەکە، لە داری بی دەتاشرێت، ژمارەی 30- 32 پەڕەکە لەشێوەی پەڕەکەی پانکەدا دروستدەکرێت و لە سەرەکەی دییەوە زمانەی بۆ دەکرێت، تا بکرێن بە کونی پەڕەکەکاندا، کە لەسەر تۆپی ئاشەکە هەڵکۆڵرێنراون.

9. **تەنوورەی ئاش:**

لە دەم جۆگاکەدا بەدرێژی 5-6 مەتر دیوارێك لە شێوەی لوولەکدا دروستدەکرێت، کە درێژی تیرەکەی یەك مەتر دەبێت. ئەم دیوارەش زیاتر لە بەرد و قسلّ دەکرێت. لە بنکەکەیدا لە دارێك گونجی بۆ دەکرێت و بەرانبەر پەڕەکەکانی سەر تۆپەکە چەسپدەکرێت.

10. **نیّ:**

دارێك بە درێژی یەك مەتر لەشێوەی پلوسکدا هەڵدەکۆڵرێت و لەناو تەنوورەدا دادەنرێت، کە کەمێك لارە و رووبەڕووی گونجی ناو تەنوورەکە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئاوەکە بە تیژی بدات لە گونجەکە و لەوێشەوە بچێتە دەرەوە و بدات لە پەڕەکەکان و تۆپەکە بخولێنێتەوە.

11. **پێی ئاش:**

هەوجارێك دادەنرێت و شمشێرە دەخرێتە گەری هەوجارەکەوە. سەری لای خوارەوەی لە خوانگەکە رەتدەکرێت و بە بەڕوولەیەك قایمدەکرێت، ئیدی پاسناوێك دەکرێت بەژێریدا و سەنگ و سووکی ئاشەکەی پێ دیاریدەکرێت.

12. **ئاردکێش:**

پارچە دارێکی پان، کەمێ لە دەمی خاکەناز بچووکتر، کلکێکی بۆ دەکرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ ئارد هێنانە پێشەوە.

13. **موورەسەنگ- گوللە تۆپ:** بریتیە لە پارچەیەك پۆڵا، کە لەسەر خوانگەکە دادەنرێت و نوکی بستەی لەسەر دادەنرێت. ئەمەش یارمەتی ئاسانی خولاندنەوەی بستەکە دەدات.

14. **ئاوبڕ:**

ئاوبڕ بەپێی قووڵی جۆگاکە دروستدەکرێت، لە سەرو دەمی تەنوورەوە بە پەنجا مەتر دایدەمەزرێنن. ئاوبڕ لە دار دروستدەکرێت. ئەگەر ویستیان ئاوی ئاش بکەوێت و بیوەستێنن، ئەوا ئەو دەرگا بچووکەی لە کەناری جۆگاکەوە کراوە، دەیکەنەوە و ئاوەکە دەڕژێتە دەرەوە، ئیدی دەرگاکەش لەناو جۆگاکەدا دادەنێن، تا بەربەستی ئاو بکات لە چوونی بۆ ناو تەنوورە. کاتێ ویستیان ئاش بکەوێتەوەگەڕ، ئەوا ئاوبڕەکە دەخرێتەوە جێی خۆی و ئاو دەڕژێتە ناو تەنوورە و ئاش دەکەوێتەوە کارکردن.

## چۆنیەتی دامەزراندنی ئاشی ئاو:

دوای ئامادەکردنی کەرەسە و ئامێرەکان، ئیدی ئاش دادەمەزرێنرێت. سەرەتا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە شوێنەکەی لەبار و گونجاو بێت، تا بە ئاسانی ئاوی بە جۆگە لە بناوانەوە بۆ هەڵبگیرێت.

چواردەوری ئاش بە وشکەکەڵەك دەکرێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئاشەکەی لەسەر دادەمەزرێت. لە بنەوە دەستدەکرێت بە دروستکردن. خوانگە دادەنرێت و مووره سەنگ دەخرێتەسەر لای چەپیەوە. بستەش هەڵدەکێشرێت لە تۆپەکە و نوکە خڕەکەی دەنرێتە ناو مووره سەنگەوە. دوای تۆپەکە بستە دەکرێت بە بەرداشی ژێرەوەدا و بنەکلاشێکی پەڕۆ لە دەمی کونی بەرداشەکەدا بە دەوریدا دادەنێن، بۆئەوەی ئاودزنەکات و شلیش نەبێتەوە. ئیدی لێرەوە سەری ئاش دەگیرێت، ئەو شتانەی باسمانکردن دەکەونە ژێرخانی ئاشەکەوە و لە ئاستی بەرداشی ژێرەوەدا نهۆمی دووەمی ئاشەکە دادەمەزرێنرێت. ئەویش بە هەمان شێوە چواردەوری دەگیرێت و کەرەسەکانی تێدا دادەمەزرێنرێت.

بەرداشی سەرەوە دەکرێت بە بستەکەدا و لەسەر بەرداشی ژێرەوە دادەنرێت. لە دەمی بستەکەدا گەرێك لە شێوەی بازنەدا دروستدەکرێت، بۆئەوەی گەنمەکە بڵاونەبێتەوە. ئیدی دۆڵیانی ئاش دروستدەکرێت. لە هەردوو لای ڕاست و چەپەوە بە دوو سێ پلە بۆی سەردەکەون و گەنم لە سەرەوە دەکرێتە ناو دۆڵیانەکەوە. پاشان چەرەخۆرە و کەوچك و چەقەنە دادەمەزرێنرێت.

**تێبینی:**

1. پێویستە لە دەم گونجەکەدا پەنجەرە دابنرێت، بۆ پاراستنی پەڕەکەکان، چونکە لەوانەیە بەو هێز و تەوژمی ئاوە، کە دەدات لە پەڕەکەکان، بە ڕێکەوت بەردێك یان هەر شتێکی زیانبەخش لەسەرەوە بەربێتەوە و بدات لە پەڕەکەکان و بیانشکێنێت.
2. ئەگەر بە ڕێکەوت کیسەڵ کەوتە ناو تەنوورەی ئاشەکەوە، ئەوا دەمی گونجەکە دەگرێت. ئەوەش بەهۆی قولاپی ماسیگرتنەوە دەردەهێنرێت. سەرەتا ئاوی ئاشەکە دەخەن و کەسێك لە سەرەوە قولاپەکە شۆڕدەکاتەوە بۆناو تەنوورەکە، یەکێکی تریش لە دەم گونجەکەدا لەژێرخانی ئاشەکەدا قولاپەکە دەکات بە سێڵی کیسەڵەکەدا، ئیدی ئەوەی سەرەوە هەڵیدەکێشێت.
3. زبری و وردیی ئارد بەهۆی جلەوەوە دەکرێت.
4. حەقدەستی ئاشەوان و کرێی هاڕین، لە هەر تەنەکەیەك گەنم، کەپوولەیەك مزەئاش دەسێنرێت. ئەوە جگە لە ئاردەبارە، کە وەك دەستخۆشانە وەهایە و بە ئارەزووی خاوەن باراشە.
5. کولێرەی ئاشی، هەر لەو باراشە دەکرێت، کە خاوەنەکەی لە ئاشەکەدا ئامادەیە، کولێرە لەسەر بەردەتاوە دەبرژێنرێت، کە پارچە بەردێکی تەختە و دەخرێتە سەر ئاگر تا سووردەبێتەوە، یان زۆر گەرمدەکرێت. هەویر دەشێلن و

کولێرە پاندەکەنەوە و دەیخەنە سەر بەردەتاوە، تا دەبرژێت. ئەمە نانی ئاشەوان بووە.

6. ئەو ئامرازانەی بەرداشی پێ بیرازدەکرێت، چەکوش و قەڵەم و قەڵەمگیرە. بەگوێرەی بەرداشەوە لە ئەنجامی کارکردن و لێکخشاندنی زۆرەوە بەردەکان ساف دەبن و ئەو زبرییەیان نامێنێت، کە ئاردەکە باش بهاڕن. بۆیە دەبێ بیرازبکرێنەوە.

7. کاتێ بەردەکان دەخرێنە ناو قەیدەکانەوە، بەسەر دارێکدا پاڵیان پێوە دەنرێت تا نەشکێن. بەو دارەش دەوترێ "گردەڵە".

8. پاسناو، جگە لەوەی سەنگ و سووکی ئاشەکەی پێدەکرێت، هەر بەهۆی ئەویشەوە بەردەکان دادەگیرێت.

# پەروەردەکردن و بەخێوکردنی باڵندەی ماڵی

1. **مریشک:**

لە کوردەواریدا مریشك بەلایەنی کەمەوە لە ساڵێکدا سێ جار دەینێنەوە. واتە تەنیا لە چلەی هاویندا نایینێنەوە، ئەویش لەبەر گەرمی کەش و هەوایە. دەڵێن بۆ پیرۆزی دەبێت لە رۆژانی چوارشەممە، یان پێنجشەممە، یان دووشەممەدا بینێنەوە.

مریشکی قەوارە گەورە حەوت جووت و تاکێك هێلکەی دەنرێتە ژێر. تاکەکە بۆ پیرۆزی تاك و تەنیایی خوایە. دواى سێ هەفتەش هەڵیدەهێنێت.

جووجەڵەکانی پڕپۆڵەیان بۆ دەکرێت و لە سەرما و گەرما دەیانپارێزن، بەوەی کە لە کاتی سەرمادا ناهێڵن بچنە دەرەوە و لە کاتی گەرماشدا دەریاندەکەن، بۆئەوەی گەرمایان نەبێت و گەنە و کەوەیی زەفەریان پێنەبەن، تا بە شێوەیەکی تەندروست پەروپۆ دەرکەن. کە خڕکەڵە بوون و کەڵەشێر و بارۆکە جیاکرایەوە، ئیدی دایکەکەیان بەجێیان دەهێڵێت. لە کوردەواریدا دەڵێن: کاتێ جووجەڵەکان لەناوخۆیاندا کردیان بە شەڕ و دەنووکیان لەیەکدی دا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە، کە دایکەکەیان دەڕوات. پاشان مریشکە دایکەکە دێتەوە هێلکە و جارێکی دی کڕدەکەوێتەوە.

بۆ دیاریکردنی کەڵەشێر و بارۆکە، هەر لە سەردەمی جووجەڵەیشدا دیاریدەدات، ئەویش بەوەی کە زیاتر کەڵەشێرەکانیان دەچنە سەر پشتی دایکەکەیان.

مریشکی نامۆ، واتە ئەو مریشکە کە لە شوێنی ترەوە هێنراوە، ئەگەر لە ماڵە نوێکەدا ببەسترێتەوە، ئەوا ئەگەر هێلکەکەر بووبێت، لە هێلکە دەچێتەوە. خۆ ئەگەر بەرەڵابکرێت و نەیبەستنەوە، ئەوا هێلکەکە دەدۆڕێنێت.

بۆ بەستنەوەش زیاتر تاکە پێلاوێك بە پەتێك دەبەستن بە قاچی مریشکەکەوە تا زۆر دوورنەکەوێتەوە.

بەڵام دوای ماوەیەك ئیدی رادێ و دێتەوە هێلکە و ناشیدۆڕێنێت.

هەر زۆر لە کۆنەوە مرۆڤی کورد گرنگیداوە بە بەخێوکردنی باڵندەماڵیەکان و کەڵکی لێوەرگرتووە. جگە لە گۆشت و هێلکەکەی بۆ خواردنی خێزان، ئاڵوویریشی بە مریشکەکە و هێلکەکەشیەوە کردووە، هەروەها پەڕی مریشك کراوە بە سەرین و پشتی.

2. **قەلەموون:**

قەلەموونی هەراش لە ساڵێکدا دوو جار جووتدەگرێت. ماوەی بیست رۆژ هێلکە دەکات و مانگێکیش کڕدەکەوێت. کاتێ کە بێچووەکانی هەڵهێنا، تەنیا خواردنێك کە دەیاندرێتێ هێلکەی برژاوە، کە خڕکەلەش بوون، پڕپۆڵەیان دەدرێتێ و دوای ماوەیەك گەنم و جۆشیان دەدرێتێ. ئیدی لەگەڵ دایکەکەیاندا بەرەڵادەکرێن و خۆیان خواردن بۆ خۆیان پەیدادەکەن.

دانکە تەنیا نەخۆشیەکە کە دووچاری قەلەموون دەبێت و هەردوو چاوی کوێردەکات.

3. **قاز:**

قاز، ساڵی مانگێك هێلکە دەکات و مانگێکیش کڕدەکەوێت. ژمارەی هێلکەکان 7- 15 دانەیە.

کاتێ قاز بینرا، کە بە دەنوك پەڕی لە خۆی کردەوە، ئەوە نیشانەی کڕکەوتنە. ئیدی جێگای بۆ چاکدەکرێت و هێلکەکان دەخرێتە ژێری. بۆ ماوەی یەك مانگ لەسەری هەڵدەنیشێت. هەر کاتێ ویستی لەسەر هێلکەکان هەڵبسێت و بچێت بۆ دان خواردن و ئاو خواردنەوە، سەرەتا بە پەڕ و پووشوپەڵاش هێلکەکان دادەپۆشێت و ناهێڵێت بەهیچ جۆرێ بەدەرەوەبن. ئەمەش بۆئەوەی

هەر بە گەرمی بمێننەوە تا ئەو دەگەڕێتەوەن چونکە ئەگەر ساردبوونەوە و جارێکی دی لەسەریان هەڵبنیشێتەوە و گەرمیان بکاتەوە، لەوانەیە پیس بن. ئیدی کە گەڕایەوە بە دەنوک پووشوپەڵاش و پەڕەکان لادەبات و بە چواردەوری هێلکەکاندا دایاندەنێت بۆ جارێکی دی.

دوای ئەوەی هێلکەکان هەڵهێنران. نانەوڵەیان بۆ دەکرێت، دوای مانگێکیش جۆیان دەدرێتێ. ئیدی پێویستیان بە خزمەت نییە و خۆیان دەچنەدەرەوە و لە گوێ ئاوو چەم و شیوەکان خواردن پەیدادەکەن و لە خەم دەرەخسێن.

نابێ نانەوڵەی زۆریان بدرێتێ، بۆئەوەی دووچاری نەخۆشی باوڵی نەبن، کە دەبێتە هۆی ئاوسانی قاچەکانیان و لە رۆشتنیان دەخات. هەر لەبەر ئەوەشە کە دوای مانگێك جۆیان دەدرێتێ.

لە کوردەواریدا جگە لە مریشك و قەلەموون و قاز، مراوی و کۆتریش لە زۆر ناوچە بەخێودەکرێت. بەڵام رێژەی کەم و زۆریان دەگۆڕێت، بەگشتی زۆر گرنگی نادەن بە مراوی، کۆتریش تەنیا بۆ راگرتنە.

# بەشی پێنجەم

**راو و شکار:**

**راوە کەڵەهەرز- بزنەکێوی، مەڕە سوور.**

**ئاسک:**

- **رەشەڕاو**
- **خەواندن**

**راوە کەروێشک:**

- **تەڵەگێڕی**
- **رەشەڕاو**

**راوە چالەگە- چوالو.**

**راوە سووچەڕ**

**راوە رێوی**

**راوە بەراز**

# راوی باڵندەی کێویی

راوە کەو:

- راوی سەرکانی
- کڵاوڕێوی
- دێوجامە
- رەباتە
- شەوارە
- راوە ماکەو.

راوە سوێسکە.

راوە پۆڕ.

راوە ماسی:

- هلۆر
- سەبەتە
- شەوارە
- ماشە
- گایەمە

راوچی کێیە؟

# راو و شكار

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە کوردستان بەگشتی راوکردن قەدەغەیە. ئەمەش کەڵکی گشتی تێدایە و بە سوودی تاکە کەس ناگەڕێتەوە. زیاتر بە مەبەستی ئەوەیە کە کوردستان بێبەش نەبێت لەو هەموو چەشنە باڵندە و ئاژەڵە کێویانە، کە لە سروشتی وڵاتەکەماندا دەژین. هەرچەندە زۆر جار و لە زۆر شوێن و لەلایەن زۆر کەسەوە سەرپێچی لەو یاسای قەدەغەکردنەش دەکرێ و کراویشە و ئارەزومەندانی راو و شکار هەمیشە لە وەرزی تایبەتیدا راودەکەن.

لە کوردستان راو و شکار بەپێی وەرزەکان چەند جۆرێکی تایبەتی هەیە و هەر جۆرەش تایبەتە بە وەرزێکی دیاریکراوەوە، ئەویش بەپێی کات و سەردەمی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە نێچیرەی راودەکرێت. هەروەها بەپێی ویژدانی راوچیەکان، دەبێ کاتی زاوزێ و جووتبوون رەچاوبکرێت.

راوچی کارامە و شارەزا لە ئەنجامی راوکردنی زۆردا قاڵ و شارەزای زووربەی لایەنەکانی ژیانی باڵندە و ئاژەڵەکان دەبێت. بۆ نموونە: بەگوێرەی بزنەکێوی و مامز و مەڕە سوور، یان کەڵەهەرزەوە، بەگشتی لە مانگی بەفرانباردا راوناکرێن، چونکە بەچکەیان لە سکدایەوە. هەروەها کەروێشك، لە مانگی رەشەمێدا ئاوس دەبێت و راوناکرێت. راوە ماسیش لە وەرزی بەهاردا ناکرێت، بەڵام کەو و سوێسکە هەمیشە راویان هەیە، چونکە لەو کاتانەی ماکەو یان مێ سوێسك کڕدەکەون، راوی نێرەکانیان دەکرێت.

راوچی بۆئەوەی لە کارەکەیدا سەرکەوتووبێت، کە چوو بۆ راو تا بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێتەوە، دەبێ شارەزای ئەو ناوچە و شوێنانە بێت کە راویان تێدا دەکات. هەروەها جۆری ئەو نێچیرەی بۆی دەچێت، لەگەڵ چەشنی راوەکە، کە لەو کاتەدا پێویستە بکرێت.

**راوە کەڵەهەرز:**

بەگوێرەی کەڵەهەرزەوە، واتە بزنەکێوی و مەڕە سوور و ئاسك، لە مانگی سەرماوەزەوە تا مانگی بەفرانبار تەگە و بەران دەگرن. بە پێنج مانگ دەزێن، واتە لە مانگی گوڵاندا کار و بەرخیان لەدایك دەبێت. بەزۆری دووانەیان دەبێت. ئەو کاتەی کار و بەرخ لەدایك دەبێت کەشێکی لەبار و خۆشە بۆ بەخێوکردنیان، بۆئەوەی زوو هەراش بن و دەستی راوچییان پێنەگات.

کەڵەهەرز کۆئەندامی بۆنکردنیان بەهێزە، تەنانەت بۆنی هەناسەی راوچیش دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە راوچی شارەزا لەکاتی راوکردندا دەمی خۆی هەڵدەپێکێت. هەروەها کەڵەهەرز گوێشیان سووکە و بە ئاسانی ترپەی پێ دەبیستن. بازدان و هەڵچوونیان لە 10 مەتر زیاترە و بەگوێرەی بەرز و نزمی شوێنەکەوە دەگۆڕێت. بەرگەی سەرما و سۆڵەی زۆر دەگرن و بە چڕۆی دار و دەوەن دەژین. بەتایبەتی لە کاتە سەختەکانی وەرزی زستاندا. دەڵێن راوچی بزنەکێوی بینیووە، بەهۆی شەختە و زوقمەوە تووکی نوساوە بە زەوییەوە. کەڵەهەرز زیاتر لە شەوانی مانگەشەودا بەدوای لەوەڕدا دەگەڕێن و چاویان گەلێ تیژە. ئەگەر شەوێك هەستیکرد راوچی لە شاخە، بەهۆی بۆنکردنەوە، یان بەدیکردنی دووکەڵی ئاگری راوچییەوە، ئەوا شاخ جێدەهێڵێت و خۆی وندەکات.

کەڵەهەرز کاتێ کە ویستی بنوێت، سەرەتا دەچێتە سەر تاشەبەردێکی بەرز و روانگەیەکی تەواو لە ناوچەکەدا دادەنێت و بەهەر چواردەووری خۆیدا دەڕوانێت، تا بەتەواوی دڵنیا نەبێت لەوەی کە راو لە ناوچەکەدا نییە... خەوی لێناکەوێت.

لە وەرزی پایزدا سەردەکەونەوە بۆ ناوچە شاخاوییە سەختەکان، چونکە لەوەڕەکەی تەڕە، بەڵام بەهاران لەبەرئەوەی شاخ و کێو مێشوولەی زۆرە، ناچار دێنەوە بۆ ناو دار و دەوەنەکان و شوێنە چڕەکان.

راوچی وەها هەبووە، ئەوەندە بە شوێن نێچیرەکەیەوە بووە، زانیویەتی ئەو نێچیرە ماوەی 10 رۆژ ئاوی نەخواردۆتەوە، لەبەر تەڕی لەوەڕەکە پێویستی بە ئاوخواردنەوە نەبووە.

کەڵەهەرز سمی چوارپەلی نەرم و شێوە هەورییە. هەر شوێنێك تکە بارانێك لێیبدات، کەڵەهەرز دەتوانێت پێیدا بڕوات. تەمەنیشی بە گرێی شاخەکانیدا دیاریدەدات. بزنی مێ بە هەموو لایەکدا دەڕوات، بەڵام نێرە کەمتر دەگەڕێت، تەنانەت زۆر رۆژ هەڵناسێت، بۆیە لە کاتی بۆنکردندا نەبێت کەمتر نێرە راودەکرێت، لەو کاتەشدا مەستی بۆنی تەگەیە و گێژە. تاکە نەگبەتی کەڵەهەرز ئەوەیە، کە راوچی هەڵیساند، ئەو سەرەوژوور بۆ ترۆپکی شاخ هەڵدێت.

کەڵەهەرز بە دوو شێوە راودەکرێت:

- **رەشەڕاو:**

رەشەڕاو زیاتر لە کاتی بەیانی زوودا و ئێوارەیەکی درەنگدا دەکرێت. روانگەکانیش بەتایبەتی لە کەلێنی شاخەکاندا دادەنرێت. لەو شوێنانەدا، کە تاکە رێگای کەڵەهەرزە. ئەگەر ژمارەی راوچیەکان زۆربن، دەتوانن چەند روانگەیەك بگرن. لەم جۆرە راوەدا بەهۆی شوێنەواری ئاژەڵەکەوە نێچیر دەدۆزرێتەوە. لەو شتانەش وەك پشقل، جێ پێ، جێی لەوەڕ، هەروەها شارەزایی راوچییەکەش لەو ناوچەیەدا، بەتایبەتی ئەو کونانەی کەڵەهەرزی تێدا دەحەوێتەوە. دەڵێن راوچی کارامە بەهۆی شوێن پێوە، زانیویەتی جۆری نێچیرەکە چییە و چەند ساڵە و بەرەو کوێ چووە.

- **خەواندن — نواندن:**

ئەم جۆرە راوە زیاتر بە راوچی چاوتیژ، یان بەهۆی ئامێری دووربینەوە دەکرێت. هەروەها لە کاتی بەیانیان زوو، یان ئێوارانێکی درەنگدا دەبێت. کاتێ نێچیر بەدیکرا، دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە، تا بەتەواوی خەوی لێدەکەوێت.

ئیدی روانگەکانی لێدەگرێت و یەکێکیش لە پشتەوە دەچێت نێچیرەکە هەڵدەسێنێت. هەر کە لە شوێنی خۆی هەڵستا، وەك وتمان تاکە نەگبەتی ئەوەیە، کە سەرەوژوور رادەکات. ئەوانەی لە روانگەدان مشتی لێدەگرن و راویدەکەن. لێرەدا دەبێ ئەوەش بەیانبکەین کە راوچی بە ویژدان و پیاوی پیاوانە رەچاویدەکات، ئەویش لە خەو هەڵسانی نێچیرە، یان لە لانەدا تەقەی لێناکات. هەندێ راوچی وەك پەیڕەوی ئایینی وابەستەی ئەو نەریتەیە، تا مەودای نێچیرەکە بدات لە خۆپاراستن و دەربازبوونی لە چنگی مەرگ، خۆ ئەگەر دەربازنەبوو، ئەوە کارامەیی راوچییە و بەختی ئەم یارە و بەختی ئاژەڵەکەش رەشە.

**راوە کەروێشك:**

راوە کەروێشك بەپێی کات و شوێن و سەردەم بە چەند جۆرێك دەکرێت.

- **تەڵەگێڕی:**

تەڵەگێڕی لە وەرزی هاویندا و بەتایبەتی لە مانگی خەرماناندا دەکرێت. هەروەها بەرلەوەی باران بدات لە زەوی تەڵەگێڕی نامێنێت.

کاتێ راوچی لە شوێن خەرمان و لە رێچکەکاندا پشقلی کەروێشکی بەدیکرد، ئەوا دڵنیادەبێت کە لەو شوێنەدا کەروێشکی چەش هەیە. بۆیە بە پەلە تەڵەی بۆ دەنێتەوە و چەپکێ گوڵەجۆی بۆ دەخاتە سەر تەڵەکە. جاری وەهاش هەیە کە راوچی بەرلەوەی

پشقل یان شوێنەواری کەروێشك ببینێت، چەپکێك گوڵەجۆ لە شوێنێکدا دادەنێت، کە بەیانی هاتەوە و گوڵەجۆکە نەمابوو، یان خورابوو، ئیدی لە هەمان شوێندا تەڵەی بۆ دەنێتەوە و چەپکێ گوڵەجۆی تریشی بۆ دادەنێت. کاتێ کەروێشکی چەش هاتەوە، دەچێتە سەر جۆکە، تا وەك دوێنێ بیخوات، بەڵام ئەم جارەیان تەڵە دەتەقێت و پێوەدەبێت. خۆ ئەگەر بەختی یاربێت و تەڵە بتەقێ و ئەو پێوەنەبێت، ئەوا تەڵەباز دەبێت و هەرگیز ڕووناکاتەوە ئەو ناوە.

تەڵەگێڕی زیاتر بۆ ڕاوە کەروێشك دەبێت، بەڵام جۆرێکی دی تەڵەی دووکەوانە هەیە، کە ڕاوی گورگ و بەراز و چەقەڵی پێدەکرێت.

- **ڕاوە تانجی- ڕەشەڕاو:**

ڕاوەتانجی زیاتر لە وەرزی پاییز و زستاندا دەکرێت، چونکە زەوی نەرمە، بەتایبەتی دوای پەڵە. ئەوەش بۆئەوەی چوارپەلی تانجی ئازاری پێنەگات، خۆ ئەگەر لە شوێنی ڕەقان و درکودالّدا ڕاوی پێبکرێت، وەك سروشتی خۆی ناتوانێت بەدوای نێچیردا رابکات.

ڕاوچی قەڵاتە دەکاتە ملی تانجی و ڕستیدەکات و دەیبات بۆ ڕاو. کاتێ کەروێشك هەڵسا، تانجی تێبەردەدرێت. لە شوێنی ڕاوەکەدا ڕاوچییەکان دابەشدەبن، یەکێك سەر ڕاو دەگرێت، یەکێکی دی دامێن دەگرێت، یان چەند کەسێك بەڕیز ڕەتی لێدەگرن، ئەگەر نێچیر سەرو ژوور چوو، دەڵێن ڕوویکردە سەر ڕاو، سەر ڕاویش زیاتر بە بەرزاییەوە سەریاڵەکان دەگرێت و کەمێك لە پێش ڕەتگرەکانەوەیە.

کاتێ تانجی بەردەدرێت، ڕاوچی هاواردەکات...هەڕۆڵە، هەڕۆڵە دەی. ئەگەر نێچیرەکەی ونکرد، دەڵێن هەڵەیکرد، خۆ ئەگەر نێچیر بۆ دواوە گەڕایەوە، دەڵێن پاش ڕاوی کرد.

ئەگەر لە لانەدا بوو، دەڵێن گەرمەلانە، کە هەڵیانساند و تانجی نەیتوانی بیگرێت، یان راوچی نەیتوانی بیکوژێت، دەڵێن "بازرە".

## راوە چاڵەگە- چوالوو:

چاڵەگە بە سەگی چەش راودەکرێت و لە دەوروبەری باخە مێودا تەڵەی بۆ دەنرێتەوە. ئەگەر راوچی هەستیکرد، کە چاڵەگە لە کوندایە، ئەوا لە سەرەکەی تری لانەکەیدا کونی تێدەکات و بە دووکەڵ قانگی دەدات، تا دێتەدەرەوە. پاشان تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت. هەروەها دەکرێ دەمی کونەکە بگرێت و لە رووی سەرەوە چاڵێ هەڵبکەنێت و بەخاکەناز لەناو چاڵەکەدا بدات بە سەر و کەللەیدا و بیکوژێت. لێرەدا دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت، کە لەژێر پێستی چاڵەگەدا چینێکی ئەستوور چەوراییی هەیە، بۆیە ئەگەر خاکەناز بدات بە لەشیدا زەفەری پێنابات، تەنیا دەبێت بیدات بە سەر و کەللەیدا.

## راوە سووچەڕ:

راوە سووچەڕ زیاتر لە وەرزەکانی پاییز و زستاندا لەبەر ئەشکەوتەکاندا بە سەگی چەش دەکرێت. بێگومان سووچەڕ وەك سروشتی خۆی جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ نێچیرەکانی تردا، چونکە ئەم زیاتر داکۆکی لە خۆی دەکات و بەرانبەر سەگەکان دەجەنگێ و هەروا بە ئاسانی چۆك دانادات. ئەم گیانلەبەرە تیرەپەڕی هەیە و لە کاتی تەنگانەدا پارێزگاری خۆی پێدەکات، کە بە چەشنی تیر دەیهاوێت بۆ دوژمنەکەی، بەڵام بێبەختانە لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە چنگی سەگی چەش و راوچی رزگاری نابێت.

زۆر جار رێکەوتووە کە تیرەپەڕەکانی چەقاندووەتە ناو چاوی سەگەکە، یان داوێتی لە لمۆزی، کەچی لێینەگەڕاوە تا راویکردووە.

## راوە ڕێوی:

راوە ڕێوی زیاتر لە مانگی ڕێبەنداندا دەکرێت، چونکە لەم کاتەدا نێرەکانیان دێنە دەرەوە و بەدوای مێیەدا دەگەڕێن. ئیدی راوچی لە کەلەبەردا بۆیان دادەنیشێت، کاتێ بەدیکرد مشتی لێدەگرێت و راویدەکات. هەروەها لەکاتی رەشەڕاوی کەروێشکدا، ئەگەر ڕێوی بەدیکرا، تانجی تێبەردەدەن.

ڕێوی جگە لە گۆشتەکەی، پێستەکەشی بەهادارە و ئالۆوێری پێوە دەکرێت.

## راوە بەراز:

راوە بەراز لە سەردەمانی کۆندا لە زۆر ناوچەدا کراوە، ئەوەش نەك بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە گۆشتەکەی، چونکە لە کوردەواریدا بە فرمانی ئەوەی کە زووربەی مرۆڤی کورد پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکات و خواردنی گۆشتی بەرازیش بەپێی ئایینی ناوبراو قەدەغەیە. بەڵام لەبەرئەوەی بەراز وەك ئاژەڵێکی زیانبەخش زیانێکی زۆریان بە چەڵتووك گەیاندووە. جووتیاری کوردیش بۆ پارێزگاری لە بەرهەم و رەنجی خۆیی و ماڵ و منداڵی، پاسە مەرەزەی کردووە. هەروەها سەردەمانێك دەستەڵاتی میریش هانیدەدان بەوەی، کە هەر کەسێ دوو گوێی بەرازێك ببات بۆ نزیکترین دەزگای دەوڵەت، پاداشتی وەرگرتووە. ئەوەش زیاتر بۆ پارێزگاری بوو لە بەرهەم رەنجی جووتیار.

راوە بەراز لەم ناوچەیەدا زیاتر بە تەڵەی دوو کەوانە و تاپڕ و تفەنگ دەکرا.

دەگێڕنەوە... لە یەکێ لەم گوندانەی ناوچەی قەرەداغ، جووتیارێك هەستدەکات، کە رەوە بەرازێك لە دەوروبەری خەرمانی چەڵتووکەکەی گڕدەخۆن، ئەمیش تەیمانێکی توندوتۆڵ بە دەوری خەرمانەکەدا دەکات و چەپەرێکی بۆ دەکات بە دەرگا، گوریسێك لە چەپەرەکە دەبەستێت. ئیدی بە کراوەیی جێیدەهێڵێت و خۆشی سەرەکەی تری

گوریسەکە دەگرێت و لە حەشارگەیەکدا خۆی ماتدەکات. لە شەودا رەوە بەراز بۆ ملۆمووش دێن. بە دەوری تەپمانەکەدا دەسوورێنەوە، تا دەگەنە ئاستی چەپەرەکە و دەچنە ژوورەوە و دەکەونە وێزەی خەرمانە چەڵتووك. جووتیارەکەش گوریسەکە رادەکێشێت و چەپەرەکەیان لەسەر دادەخات. وەك سروشتی جووتیاری کورد و بە فرمانی قۆناغەکە، ئاستەم بووە لە شێخە دێدا بەبێ ئەوەی شێخی ئاواییەکە ئاگادار نەکرێتەوە و خۆشی و گاڵتە و گەپ بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس قۆرخبکرێت، هەر لەبەرئەوە ئەمیش بە پەلە دەچێت بۆ لای شێخێکی دەستەڵاتداری ئەو کاتەی گوندی قازانقایە و هەواڵی بەندکردنی رەوە بەرازەکەی بۆ دەبات. شێخیش گاڵدەدات ئەسپ و ماین و تفەنگ و تولە و تانجی ئامادەدەکەن و دەچن بۆ خزمەتی رەوە بەراز. دوای گاڵتە و گەپێکی زۆر، ئیدی لێیان دەکەونە تەقە و جگە لە یەکێك نەبێ ئەوانی دی دەکوژن. ئەو یەکەش لای وەستایەکی زیندروو لە قایشی دەگرن و "بۆلێك" دەکەنە ملی و بەرەڵایدەکەن.

بەرازیش بە سروشتی خۆی لە دەنگە دەنگ دەترسێ و دەرەوێتەوە، دەگێڕنەوە، کە ئەو بەرازەیان لە ناوچەی گەرمیان بینیوە بەدوای رەوە بەرازێکی ترەوە رایکردووە. بەم کارەش ئەو ناوچەیە ماوەیەکی زۆر دووربووە لە زیانی بەراز.

ئیدی کوێچکەی ئەوانەی کوژرابوون دەیانبڕن و دەیبەن بۆ ناحیەی قەرەداغ، خەڵاتێکی باشی جووتیارەکە کراوە و زەرەر و زیانی چەڵتووکەکەشی بۆ دەبژێرنەوە.

# راوی باڵندەی کێوی

ئەو باڵندە کێویانەی لە کوردستان راودەکرێن، بریتین لە کەو، سوێسك، پۆڕ، مراوی، چێرگ، قاز و گاکۆتر. ئەمانەش هەر یەکەیان بەپێی کات و وەرز و سەردەمی دەرکەوتنیان، لەگەڵ رەچاوکردنی کاتی کڕکەوتن و جووتبوونیاندا.

باڵندەی کێوی زۆر چەشنە راویان هەیە و بەپێی سارد و گەرمی، یان بە گوێرەی گەرمیان و کوێستان دەگۆڕێت.

- **راوە کەو:**

وەك لە سەرەوە باسمانکرد، کە بەگوێرەی گەرمیان و کوێستانەوە دەگۆڕێت، چونکە بە پێچەوانەی ناوچەی گەرمیانەوە، لە ناوچە سارد و کوێستانەکاندا ماکەو درەنگتر دەکەوێت، بەڵام لە گەرمیاندا راوە کەو زووتر پێدەگات، لەبەرئەوەی زووتر جووتدەگرن زووتریش بەچکەکانیان هەڵدەهێنن. راوە کەو لە مانگی رەشەمێوە دەکرێت، بەتایبەتی لە مانگی جۆزەرداندا کەوی لێدەکەوێت. کەویش وەك مریشك کڕدەکەوێت و بە سێ هەفتە هەڵیدەهێنێت. هەروەها بەگوێرەی هێلانەکانیانەوە زیاتر لە دەوروبەری ئاو و کانیەکان هێلانە دەیکەن، ئەوەش لەبەر ئاسانی پەروەردەکردنی بێچووەکانە. دوای 3-4 رۆژ بێچووەکان باڵەفڕە دەبن. ئیدی دایکەکانیان گوێیان پێنادەن. ئەو راوچییانەی بێچووە کەو پەروەردەدەکەن و فێرە راویان دەکەن، لەم کاتانەدا دەچن بۆ راوی بێچووە کەو، بۆ بەخێوکردنیشیان زیاتر کوللەیان دەدەنێ، یان وەك بێچووە قەلەمون هێلکەی کوڵاویان دەدەنێ. بێچووە کەو تا خڕکەلە دەبێت لە قەفەزی کولەکەدا دادەنرێن، پاشان قەفەزی تایبەتیان بۆ ئامادەدەکەن، تا مانگی رەشەمێ خواردن و دان و ئاویان دەدەنێ و لە گڵی گەرمیان دەگرن و راوچی هۆشیار و بە ئاگا لە کارەکەیدا بەردەزبرەیان لەناو قەفەزەکەدا بۆ دادەنێت تا دەنووکی خۆیانی پێ رێکبخەنەوە، چونکە باڵندەی کێوی دەنووکیان وەك نینۆکی مرۆڤ بەردەوام دێت و زیاد دەکات، بەگوێرەی کەوی شاخەوە

دەنووکیان دەهێنن بە بەردا تا زیادیەکەی لێبکەنەوە، بۆ هەمان مەبەست دەبێ تا لە قەفەزدابن بەردەزبرەیەك لە قەفەزەکەیاندا بێت.

دوای ئەوەی گوونی کرد و "فیتووی" لێدا، واتە دەماخی کرد، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە راوی پێبکرێت. لێرەشدا هەر دەبێ سەوزی بدرێتێ و لە خۆڵی گەرم بگیرێت، هەروەها نابێ لە گەرمایەکی زۆرەوە ببرێت بۆ شوێنێکی سارد، چونکە بەرگەی سەرما ناگرێ و تولەك دەکات- واتە توکی پێوە نامێنێت.

یەکەم جار، کە دەبرێت بۆ راو، ئەو نێچیرەی بەهۆی خوێندنی ئەمەوە دەکەوێتە داوەوە، یان دەکوژرێت، دەیخەنە بەردەمی و ئەمیش یەك دوو دەنووکی پێدا دەماڵێت، هەروەها دەنووکیشی بە خوێنی نێچیرەکە سووردەکەن، بەوەش وادەزانێت خۆی کەوە دەشتیەکەی کوشتووە. لەلای زووربەی راوچیەکان راوی نێرەکەو پەسەندترە لە راوی ماکەو، چونکە نێرەکەو دەبرێت بۆ راو و بەهۆی خوێندنەکەیەوە بانگی ماکەوی دەشتی دەکات.

نێرە دەشتەکیەکانیش ئەمەیان لەلا نەنگییە، کە نێرەیەکی نامۆی ناوچەکە ماکەوەکانیان لێ داگیربکات. بۆیە لێی نزیکدەبنەوە، ئەگەر چاویان بە ماکەو بکەوێت لە پارێزی نێرە ماڵیەکەدا، ئەوا شەقی تێهەڵدەدەن و دووریدەخەنەوە، خۆشیان دەچنەوە بەگژ نێرە ماڵیەکەدا. ئەم شەڕ و هەرایەی نێوانیان لەپێناوی کێشەیەکی مەردانەدایە. نێرە دەشتەکیەکان داکۆکی لە ماف و ئابڕووی خۆیان دەکەن و نێرەی ناو قەفەسەکەش دەیەوێت مافیان لێ زەوتبکات. ئەمەش وەك ئاشکرایە ئادەمیزاد بۆ بەرژەوەندی خۆی ئەو کێشە و هەرایەی ناوەتەوە. ئەگینا خۆیان هەرگیز ئەو کێشە و هەرایەیان تێدانیە. جاری وەها هەبووە کە پۆلە کەوی دەشتی هەستیان بە بوونی کەوی ماڵی کردووە، یان گوێیان لە دەنگی بووە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ بە قینەوە بۆی دەچن، ئەگەر راوچی لە حەشارگەدا زوو نەیەتە دەست، ئەوان کەوە ماڵیەکە شپرزەدەکەن.

کەو بەگشتی لە باڵندە کێوییە زیرەکەکانن، بەپێی سارد و گەرمی ناوچەکە، پۆل پۆل دەڕۆن و بەرز و نزم دەکەن. شارەزای کەش و هەوان، بەرلەوەی باران و بەفر دابکات، ئەمان پێشتر هەستی پێدەکەن و ژیانی خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن. هێندە زیرەکن، دەتوانن بە گژوگیا و شتە سروشتیەکان تیماری برینی خۆیان بکەن. کەوی وەها هەبووە کە راوچی تاپڕی پێوەناوە، بەڵام بەخت یاری بووە و تەنیا ساچمەیەکی بەرکەوتووە، پاش ماوەیەکی دی، کە بەرێکەوت هەمان کەو راوکراوە، بینیویانە جێگای ساچمەکەی پێشووی بنێشتەتاڵی پێوەیە.

## جۆرەکانی راوە کەو:

### 1. راوە سەرکانی:

کاتێ بارەکەو خاڵ و ملی لێدا و شین بوو، ئیدی فێری چوونە سەرئاو دەبێت. لە وەرزی هاویندا راوچی بنەی بۆ دادەنێت. ئەگەر بە تۆڕ راویکرد، ئەوا لەو شوێنەدا، کە زۆرترین کەو لێوەی دەچنە سەر کانییەکە، تۆڕەکە دادەنێت. کاتێ ئەو کەوانەی پێکەوە دێنە سەر کانییەکە، هەر چەندێك بن، کە راوچی تۆڕەکەی تەقاند گشتی پێوەدەبن.
راوە سەرکانی، جگە لە تۆڕ، بە پێداو و تاپڕیش دەکرێت. هەرچەند لە کۆندا زیاتر بە تاپڕ بووە.
بەیانیان، یان ئێواران، کە دوو کاتی دیاریکراوە بۆ ئاوخواردنەوەی کەو، راوچی بنە لێدەدات و خۆی تێدا حەشاردەدات، تا کەوەکان دێن، ئەوسا تاپڕیان پێوەدەنێت و هەرچییەك پێوە بوو، سەریاندەبڕێت.

### 2. کڵاورێوی:

لە پێستی رێوی، یان لە لباد کڵاوێك دروستدەکرێت و راوچی دەیکاتە سەری. ئەم جۆرە راوە لە رۆژانی هەور و کەوەڕۆژدا، لە وەرزەکانی پاییز و زستاندا دەکرێت، چونکە لەم کاتەدا کەو باشتر راودەکرێت. "جڕ، جڕ" دەکات و دەکاتە سەر بەرد. کاتێ کەوەکان

راوچی بەو کڵاوەوە دەبینن، سڵێکی ئەوتۆی لێناکەنەوە، خۆ ئەگەر هەڵبفڕن، سەرلەنوێ راوچی بە ماتەمات دەچێتەوە پارێزیان و لەپاڵ بەردێکدا سەر دەردەهێنێتەوە. ئەوانیش وەك شتێکی سەیر تێیدەڕوانن و دێنەوە بەردەمی. رێکەوتووە کە 3-5 کەو بە جرە جرِ دەچنە بەردەمی راوچییە کڵاو بەسەرەکە و ئەویش دەیانداتە بەر تاپڕ.

### 3. دێوجامە:

بریتیە لە چارۆکەیەکی سپی کە درێژییەکەی بە باڵای راوچییەکە دەبێت و دوو داری راست و چەپ لە سوچەکانی چارۆکەکە دەبەسترێت و لە ئاستی چاوەکانی راوچیدا دوو کونی تێدەکرێت، تا لێوەی بڕوانێت. کەمێ لە خوار ئەو دوو کونەوە، کونێکی دی تێدەکرێت بۆ لوولەی تاپڕەکە. دیوی بەرامبەر نێچیرەکە بە پەڕۆی سوور و رەش چەند گوڵێکی لە شێوەی بازنەدا تێدەکرێت. ئیدی راوچی دێوجامە لەبەردەمی خۆیدا دادەنێت و لە کونەکانەوە دەڕوانێتە ئەو رێگایەی گومان دەکات پۆلە کەوی لێوە بێت.

کەوەکان راوچییەکە نابینن و سڵیش لە دێوجامە ناکەنەوە، بەڵکو وەك شتێکی سەیر تێیدەڕوانن، جرِ جرِی بۆ دەکەن و دێنە پارێزی. کاتێ کە کەوەکان دەگەنە کایەی تاپڕی راوچی، ئیدی ئەویش تەقەیان لێدەکات.

### 4. رەباتە:

زۆرجار لە بەهاراندا راوچی دوو کەو دەبات بۆ راو، یەکێکیان لە زەویدا رەباتە دەکات، واتە سنگێکی بۆ دادەکوتێت و قاچی کەوەکەی پێوە دەبەستێتەوە. لەولاشەوە بەردێکی بۆ دادەنێت، تا کەوەکە بچێتە سەری، هەروەها لەبەردەمی بەردەکەشدا چاڵێك هەڵدەکۆڵێت، ئەویش بۆئەوەی ئەگەر واشە پەلاماری کەوەکە بدات، کەوەکەش بتوانێت بچێتە چاڵەکەوە و خۆی تێدا حەشاربدات. دوای ئەوە بە چواردەوری کەوەکەدا پێداو

دادەنێت. کەوەکەی تریش لە قەفەسێکدا بەدارێکەوە هەڵیدەواسێت، یان قەفەسەکە دەخاتە سەر دەوەنێك، بۆئەوەی بخوێنێت.
کاتێ کەوەکان دەستیانکرد بە خوێندن، کە جاری وا هەیە هەردووکیان پێکەوە دەخوێنن و زۆرجاریش تەنیا کەوی نێو قەفەسەکە دەخوێنێت. بەو هۆیەوە کەوی دەشتی نزیکدەبنەوە، کە کەوە رەباتەکراوەکە دەبینن، وادەزانن ئەویش کەوی دەشتییە و دەچنە پارێزی و دەبن بە داوەوە، لەو کاتەشدا دەبێ راوچی لە حەشارگەدا بێت. ئەو کەوانەی داوبازبوون، جارێکی دی ناچنەوە بەدەوری کەوی ناو قەفەسەکەدا، بۆیە راوچی کەوێکی دی لە زەویدا رەباتەدەکات تا بیانخەڵەتێنێت و بێنەوە پارێزی کەوەکە و بەداوەوەبن.

- **راوە سوێسکە :**

سوێسکە جۆرە باڵندەیەکی دەشتییە و لە قەوارەدا لە کەو بچووکترە، بەڵام لەبەرئەوەی گۆشتەکەی تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، بۆیە لە کوردەواریدا لای زۆر لە راوچییەکان راوە سوێسکە پەسەندە.
راوە سوێسکە زیاتر لە مانگی خەرماناندا دەکرێت، بەتایبەتی ئەو کاتەی مێ سوێسك دەکەوێت و کڕدەبێت. بە هەمان شێوەی راوە ماکەو، راوچی مێ سوێسك دەبات بۆ راو. هەر کە بانگی خوێند، نێرەسوێسك تامەزرۆی مێیە دێتە پارێزی، راوچیش ملەداوی بەدەوری مێ سوێسکەکەدا داناوە، نێرەش لەبەر غوبابی خۆی بێ ئاگا ملی دەبێت بە داوەوە، بە پێچەوانەی کەوەوە، کە قاچی دەبێت بە داوەکەوە. ملەداو زیاتر لەپاڵ بنچکدا دادەنرێت. هەروەها سوێسکە بە بەچکەیی راودەکرێت و پەروەردەی دەکەن و فێرە راودەبێت. زووربەی جۆرەکانی راو کە کەوی پێ راودەکرێت، سوێسکەشی پێ راودەکرێت.

- **راوە پۆڕ:**

پۆڕ باڵندەیەکی دەشتەکییە و لە قەوارەدا هاوتای کەو دەبێتەوە، بەڵام ئەم باڵندەیە شێوە راوی تایبەتی نیە، بەڵکو بە رەشەڕاو زیاتر راودەکرێت، واتە بە تاپر دەیکوژن، یان تولە و تانجی تێبەردەدرێت، زۆرجار تانجی لە دوورەوە بەدیدەکات و بۆی دێت تا بیگرێت، یان تەنیا هەڵیدەستێنێت بۆئەوەی راوچی بیبینێت و تاپڕی پێوە بنێت.

ئەو شوێنانەی بەزۆری پۆڕی تێدا راودەکرێت ... شوێن خەرمانی مەرەزە و گەنم و جۆیە، یان ئەو کەلەبەرانەی خۆی تێدا حەشاردەدات، کە بەهۆی شوێن پێکانیەوە دەدۆزرێتەوە. هەروەها لە بەفریشدا شوێن پێی هەڵدەگیرێت، ئیدی یەك دوو باڵ هەڵیدەفڕێنن، تا پەکیدەکەوێت، ئەوسا بە دەست دەیگرن، یان تاپڕی پێوە دەنرێت. پۆڕیش وەکو کەو شارەزایی لە سروشت و کەش و هەواو و دەوروبەری خۆیدا هەیە.

## راوە ماسی

لە کوردستان بەگوێرەی راوە ماسییەوە وەك یەك لە هەموو ناوچەیەکدا بڵاونییە، چونکە ئەو شوێنانەی کەم ئاون بەدەگمەن راوە ماسی لێدەکرێت. لەو ناوچانەشدا، کە گۆم و ئاوێکی زۆریان هەیە، هەندێك راوچی وەك پیشە خەریکی راوە ماسین، کە زیاتر بە تۆڕ و بۆمبای ماسی راوکردن دەکرێت. لەو ناوچانەی کە گۆم و شیو و جۆگە و رووباری بچووکی تێدایە، ئارەزوومەندانی راوە ماسی بەپێی خواستی خۆیان لە هەندێ کاتی تایبەتیدا دەچن بۆ راوە ماسی و وەك سەیران زۆرجار هەر لە گوێ چەم و ئاو و گۆمەکان دەیبرژێنن و دەیخۆن. بە گوێرەی راوە ماسییەوە تەنیا لە وەرزی بەهاردا ناکرێت، چونکە کاتی گەرا دانانە، هەرچەند ئەمەش ویژدانی راوچییەکە بڕیاری لەبارەوە دەدات. بەم جۆرە لە زووربەی کات و وەرزەکانی تردا و بە چەند جۆرێك راوە ماسی لەم ناوچەیەدا دەکرێت.

1. **هلۆر:**

گۆمێك، كە ئاوەكەی زۆر نەبێت، چەند كەسێك بەلەك و پەلكە بی گرددەكەنەوە و لەشێوەی باگردنێك و كەمێك پانتر، پێكەوە لولیدەكەن، ئیدی بەرەو تەنكایی تلۆریدەكەنەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی ماسییەكان بەرەو تەنكایی راودەنێن. هەر لەبەرئەوەی مەودای گەڕانەوەیان نییە، بۆیە لەوێدا یان بە دەست یان سەبەتە دەگیرێن.

2. **سەبەتە:**

ئەم جۆرە راوە زیاتر لەو شوێنانەدا دەكرێت، كە ئاوەكە كەورگ و كەلەبەر و سووچ و پەناوپێچی تێدایە. راوچی سەبەتەیەك بە دەستەوە دەگرێت و لەبەردەم كەورگ یان كەلەبەرێكدا رایدەگرێت. واتە دەمی سەبەتەكە دەكاتە كەلەبەرەكە، كەسێكی تریش لەو لایەوە بە پێ رایدەدات، ئەگەر كەورگ و كەلەبەرەكە ماسی تێدابوون ئەوا رووناكاتە لای ئەو كەسەی كە بە پێ ئاوەكە رادەماڵێت، بەڵكو خۆی هەڵدەدات بۆ ناو سەبەتەكە. ئەوەی سەبەتەكەی بە دەستەوەیە، هەر كە زانی ماسی هاتۆتە ناو سەبەتەكەوە، بەرزیدەكاتەوە و ئاوەكەی دەچۆڕێتەوە و ماسیەكە دەگرێت. زۆرجار لەو جۆرە ئاوانەدا كون و كەلەبەری قووڵ هەیە، راوچی ئەگەر هەستی پێكرد ماسی تێدایە، ئەوا بەردەمی كونەكە دەگرێت و لەسەرەوە كونی تێدەكات و بە ئاسانی ماسییەكانی ناوی راودەكات.

3. **شەوارە:**

شەوارە راو، زیاتر بەهۆی "لۆكس"ەوە دەكرێت. ئارەزوومەندانی ئەم جۆرە راوە، شەوانە دەچن بۆ گۆمە تەنكەكان و لۆكسێك دەبەن و بەهۆی تیشكی رووناكی لۆكسەكەوە ماسیەكان بە شەوارە دەخەن و یان بە دەست دەیانگرن، یان بە بێڵ دەدەن بەسەریاندا و هەر لە ئاوەكەدا دەیانكوژن.

4. **ماشە:**

ئەم جۆرە راوە زیاتر لە وەرزی زستاندا دەکرێت، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا، کە ئاو زۆرە و بە خوڕیی دێتەخوارەوە.

ماشە هاوشێوەی نیمچە پردێکە و لە بەلەك و بی پێکەوە دەچنرێت. ئیدی لەبەر خوڕگەیەکدا دیوارێك لە وشکە کەڵەك هەڵدەچنن و درز و کەلێنی نێوان بەردەکان بە پرژە دەگرن، ئیدی لەسەرەوە ماشەکە دەخرێتە سەر دیوارەکە. کاتێ لێشاوەی ئاوەکە ماسی راپێچی ئەو ناوە دەکات، ماسیەکان بەر دیوارە کەڵەکەکە دەکەون و مەودای دەربازبوونیان نییە، بۆیە ناچار بەرزدەبنەوە و دەکەونە سەر ماشەکە. ماشەکەش لەبەرئەوەی ئاوی پێوە بەندنابێت. بەم جۆرە ماسیەکانی سەر ماشەکە راودەکرێن.

لە زۆر شوێن ئەم جۆرە راوە زیاتر هاوبەشە لەنێوان دانیشتوانی ئەو گوندەی نزیکە ئاوەکەن. ئەو کەسانەی ئەو رۆژە چاودێری ماشەکە دەکەن، هەرچەندە ماسی بکەوێتە سەر ماشەکە و راوبکرێن بۆ خۆیان دەبێت. بەو شێوەیە ئەوانەی دوای ئەوان دێن بۆ چاودێری ماشەکە، هەرچیەکیان راوکرد ئەوانیش بۆ خۆیانە.

هەروەها ئەم جۆرە راوە لەو شوێنانەش دەکرێت کە تافی هەبێت. ئەو ماسیانەی بە تافەکەدا دێنە خوارەوە، ماشە و سەبەتەیان بۆ دادەنرێت، کاتێ ئەو ماسیانەی کەوتونەتە بن تافەکەوە، هەوڵدەدەن جارێکی دی بچنەوە سەرێ، بۆیە خۆیان هەدەدەن و دەکەونە سەر ماشە یان ناو سەبەتەکەوە و راودەکرێن.

5. **گایەمە:**

هەندێ گژوگیای ژەهراوی هەیە، وەك گایەمە و بی و بەلەك. دەیکوتن و لەو شوێنەوە کە ئاو دەڕژێتە ناو گۆمەکەوە، گیا ژەهراویەکە دەکرێتە گۆمەکەوە، دوای ماوەیەك وەك شێوە کەفێك لەسەر ئاوەکە دەردەکەوێت. هێندەی پێناچێت، کە زووربەی ماسیەکان دەکوژێت و سەرئاو دەکەون. بەڵام لای راوچی بە ویژدان ئەم جۆرە راوە پەسەند نییە، چونکە گەورە و بچووکی ماسیەکان وەك یەك دەکوژێت.

### 6. قولاپ:

هەندێ کەس ئارەزووی راوە ماسییان هەیە و زیاتریش بەهۆی قولاپەوە دەیکەن، ئەم جۆرە راوچیانە زیاتر بۆ کات بردنەسەرە، کە بەم شێوەیە راوەوە خەریکن.
قولاپەکە بریتیە لە قولاپێکی بچکۆلەی نووك تیژ، کە چوکڵەیەکی پێچەوانە بە نووکەکەوەیە. لە داوێنی قولاپەکەوە ئەڵقەیەکی بۆ کراوە و داوێکی تایبەتی خۆی هەیە تێیهەڵدەکێشن. داوەکەش زیاتر لە شێوەی نایلۆنێك، کە پێیدەوترێ تەلی عەمەلیات. بە درێژاییەکی دیاریکراو و سەرەکەی تری بەستراوە لە دارێك و راوچی دەیگرێت بە دەستیەوە. ئیدی خواردن دەکرێت بە سەری قولاپەکەوە و فڕێدەدرێت بۆ قوڵایی ئاوەکە. کاتێ هەستی بە لەرینەوەی داوەکە کرد، بە پەلە رایدەکێشێتە دەرەوە، ئەگەر ماسی پێوە بوو، ئەوا ماسیەکەی لێدەکاتەوە و جارێکی دی قوڵاپەکە خواردنی پێوە دەکات و هەڵیدەداتەوە ناو ئاوەکە.
بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە راوە، راوچیەکەی پێویستی بە ئارام و هێمنیەکی زۆر هەیە، چونکە جاری وەها بووە، زیاد لە سەعاتێك چاوەڕێ بووە و داوەکەی نەلەریوەتەوە، یان رێکەوتووە سەرتاپای رۆژێك نەیتوانیووە تاکە ماسییەك راوبکات.

ئەو خواردنانەی دەکرێن بە دەم قولاپەکەوە، بریتین لە کرمی ورد، یان هەویر، یان هەویر و گایەمە پێکەوە.

# راوچی کێیه؟

راوچی، یان ئەو مرۆڤەی ئارەزووی راووشکار دەکات. هەندێ جیاکەرەوەی تایبەت لە کەسایەتی راوچیدا هەیە، کە لەوانەیە لە کەسانی دیدا کەمتر ئەو سیفاتانە بەدی بکرێت.

راوچی دەبێت چوست و چالاك و گورج و بەگوڕ و سوکەڵە بێت. نابێ هەرگیز ماندوێتی چۆکی پێ دابدات،. توانای راکردنی زۆر بێت، بەرگەی سەرما و گەرما بگرێت. هەروەها خۆڕاگربێت لە ئاستی تویێتی و برسێتیدا و نەفەس درێژ و بە ئارام و هێمن بێت.

جگە لەوانەش، دەبێ شارەزای ئەو شوێنانە بێت کە راوی تێدا دەکات، تا لە هاویندا بزانێت لە کوێدا کانی و ئاو هەیە، لە زستانیشدا دەبێ شارەزای ئەو شوێنانە بێت کە باران و بەفر نایگرێتەوە.

هەروەها دەبێ تاقیکردنەوەی هەبێت لەگەڵ کەش و هەوادا و کات و سەردەمەکان بزانێت. دەبێ شارەزای سروشتی ئەو نێچیرە بێت کە راویدەکات. دەبێ بەپێی کاتەکان بزانێت شەو، یان رۆژ، زستان، بەهار، یان هەر وەرزێکی دی و لە کوێدا دەبینرێت و خۆی چۆن حەشارداوە. دەبێ شارەزایی لە شوێن پێ هەڵگرتندا هەبێت، چاوی تیژ و مێشکی ساف و کەمتر سەرقاڵی لایەنەکانی تری ژیان بێت، بەتایبەتی لە کاتی راوکردندا. چونکە بچووکترین هەڵە نێچیری لە کیسدەدات. راوچی یەکێ لە بەهەرەمەندیەکانی دەبێ دەستی راست و نیشان بپێکێت. بەکورتی راوچی لە هەموو روویەکەوە دەبێ پسپۆڕێکی شارەزا و لێهاتووبێت.

## فەرهەنگۆکی زاراوەکان

**ئاماژە:** هێماکردن، پەنجەکێشکردن.

**ئەسکەنە:** بریتیە لە پارچە ئاسنێك، کە لەجیاتی پوازی دار بەکاردێت.

**بازرە:** ونیکرد، بزریکرد.

**بناوەلەوەڕ:** بەرلەوەی مێگەل ببرێت بۆ سەر ئاو، خۆیان لە لەوەڕدان، بەو کاتی لەوەڕە دەوترێت بناوەلەوەڕ.

**بنە:** بنکە، حەشارگە، شوێنی خۆشاردنەوە، بە زەوییەکیش دەوترێ کە دوو ساڵ نەکێڵرابێت. لە مانگی بەفرانبار وەردی یەك گاسنەی دەدرێتەوە و لە مانگی گوڵاندا وەردی دوو گاسنە.

**بۆڵ:** زەنگوڵەی قەوارە گەورە، کە دەکرێتە ملی ئاژەڵ.

**بۆژانە:** جۆرە گیایەکی بۆنبڕە، دەکرێتە ناو پێستەی ئاژەڵی نێرەوە، بەتایبەتی ئەو پێستەیەی کە دەکرێت بە هیزە، تا بۆنی نەهێڵێت.

**بێرە:** لە وەرزی بەهاردا، کە ئاژەڵ بێرە دەرکرێت، یان دەکرێتە بێرەوە، چەند کەسانێك لەدەم بێرەکەدا دەوەستن، یەکێك دەبێتە سەربێرە، دوو کەسیش دەبنە لابێرە. بۆ مێگەلێك کە فرە سەربن، دوو ژن ئاژەڵەکان دەدۆشن. کاری لابێرەش ئەوەیە کە ناهێڵن ئاژەڵ بەملاولادا بچن. سەربێرە لەنێوانی دوو ژنەکەدا رادەوەستێت و دوو ئاژەڵ راگیردەکات لەبەر دەستیاندا بۆ دۆشین.

بێرە بەو شوێنە، یان جێگایە دەوترێت، کە بەهاران ران و مێگەلی تێدا دەدۆشرێت، بەڵام لە سەرەتاوە پێویستی بەو ژمارە خەڵکە هەیە. کاتێ ئاژەڵەکان رادێن، ئیدی جگە لە سەربێرە و راندۆش کەسی دی ناوێت.

**بێز:** کاتێ رایەڵەکانی تەون سەر و ژێر دەکات، ئیدی ماسۆر بە پۆکەوە بە نێوانیاندا دەچێت، بەمە دەوترێ بێزی تێتەوە.

**بەر:** تەختە، بە پارچە بەڕەیەکی چنراو دەوترێ بەرێك.

**بەراو:** بەو ئاوە دەوترێت، کە لە کاتی ژەندنی مەشکەدا تێکەڵی ماست دەکرێت.

**بەڕووله:** پارچە دارێکی قەوارە بچووکە، لە داری بەڕوو دەتاشرێت و لەجیاتی "پیم" بەکاردێت.

**بەلووجە:** دارێکی قەوارە بچووکە و لە شێوەی خولخولۆکەدایە، بەکاریدێن بۆ بەستنەوەی دوو لای دەوار و دەکرێت بە سێتەدا.

**بەراویتە:** لەبارچوونی کۆرپەلە، تایبەتە بە ئاژەڵەوە، کارو بەرخ بەراویتە دەبێت.

**بەڵمەخاو:** کاتێ مەرەزە گێرەدەکرێت، کەمێك لە دانەکەی بەردەدات و بەوە دەوترێت بەڵمەخاوە.

**بەرهەڵدان:** واتە کەف و کەرێ سەر دۆکە کەوتووە.

**بەیار:** بە زەوییەك دەوترێت، کە هەر نەکێڵرابێت، یان بەلایەنی کەمەوە سێ ساڵ بێت نەکرابێت بە هیچ دانەوێڵەیەك.

**پارۆ:** بریتیە لەو ئامێرەی لە شێوەی خاکەنازدایە و تایبەتە بە خوێ دەرهێنانەوە. دەمەکەشی لە دار دروستکراوە.

**پاش راو:** واتە بۆ پشتەوە گەڕایەوە و دوای راوچیەکانی گرتووە.

**پار:** دەستپێچك، وێڵەی خووری و موو.

**پرژە:** چیلکە و چەوێڵ، هەروەها بە مووەکانی گوڵەگەنمیش دەوترێت پرژە.

**پشتیر:** تەویلەی وڵاخ.

**پشك:** بەو کونە دەوترێت، کە کرمی "هەنگ" لە پێستەدا دەیکات.

**پاڵێنی ئێواره:** لەوەڕی ئاژەڵ، که دوای مۆڵی نیوەڕۆ و شێوکردنەوه دێت.

**پەچه:** بەو شوێنه دەوترێت که له زەوییەکدا به تەیمان چواردەوری گیراوه و له بەهار و هاویندا مێگەلی تێدەکرێت.

**پەڕکەوت:** واته ئەوپەڕی راوەکه کەوتەوه.

**پەرکێڵ:** کێڵانی سەری هۆکان به پێچەوانەی خەتی عەلەمەوه، یان کێڵانی قەراغەکان.

**پەرێز:** بەو زەوییه دەوترێت، که گەنم و جۆی تێدا کراوه، ئیدی ئەم ساڵ نابێ بکرێتەوه به گەنم و جۆ. بۆیه لێیدەگەڕێن، یان دەکرێت به نۆك.

**پەڵه:** سەرەتای باران بارین، که دەبێ چەردەیەکی ئەوتۆ بباریت، تا گاسن قوڕاوی دەبێت، ئەو کاته نیشانەی پەڵەیه.

**پەنگی هەڵگرتووه:** هیزه له کاتی خۆشکردنیدا هاڵوێنی تێدەکرێت، بەڵام له دوایدا بۆئەوەی بۆنی هاڵوێنەکەی تێدا نەمێنێت، فووی دەدەن، واته پەنگی دەدەن.

**تاڵکردن:** که مەشکه له کاتی خۆشکردنیدا ئارد و خوێ و جەوتی تێکرا.. دەوترێت تاڵکراوه.

**تووله‌ك بووه:** واتەی پەڕی پێوه نەماوه. ئەمه تایبەته به باڵندەوه.

**تەرکه:** بەو قامیشه دەوترێت، که چیغی لـێ دروستدەکرێت.

**تەقله:** هەنجیر کاتێ بەدارەوەیه، پێیدەوترێت تەقله.

**تەڵەباز:** بەو نێچیره دەوترێت، که چۆته سەر تەڵه و تەقاندویەتی، ئیدی بەو ناوەدا ناچێتەوه.

**تەیمان:** شوورای پەچه، که له دار یان قامیش دروستدەکرێت.

**جەله:** کاتێ نیل و هەوجارِ له گاگێره دەنرێت، دەوترێت جەلەکرا.

**جەنجەڕ:** ئامێرێکی تایبەتیە بۆ گێرە و کوتانی دەغڵ و دانەوێڵە. لە کوردەواریدا وەك ئامێرێکی بیانی و هاوەردە کەڵکی لێوەردەگرن.

**چەش:** ئەوانەی بە سەگ راودەکەن، سەرەتا و لە یەکەم راودا خوێنی نێچیرەکە دەدا لە دەمی سەگەکە، دەوترێت چەش بووە. هەروەها رێوی و کەروێشك، چەپکە گەنم و جۆی سەوزی لە شوێنێدا بۆ دادەنێن، ئەگەر بۆ بەیانی راوچیەکە چوو بۆ شوێنەکە و گەنم و جۆکەی نەبینی، دەڵێت چەش بووە و دێتەوە.

**چڵەگە:** بریتیە لە چڵە دارێك، کە درێژیەکەی مەترێك زیاتر دەبێت، بەکاردێت بۆ بەرزکردنەوەی لاکانی دەوار، تا لە هاویندا مەودای هەوا بدات بە ئاسانی بچێتە ناو دەوارەکەوە.

**چێشتەخەو:** بە کاتی لەوەڕی سەرلەبەیانی دەوترێت.

**حەوتم:** راخستنی گوریس بە دوولۆنە، بۆ کێشانی شارا و کۆڵە چیلکە هێنانەوە.

**خاوانە:** بە رستنی موو دەوترێت، کە زۆر کرژ نەبێت.

**خاوەمێ:** شیر بە گەرمی گوانی ئاژەڵەکەوە، بۆ ماست هەوێن دەکرێت، دەووتری خاوەمێ کراوە. ئەم جۆرە مەیاندنە ماستەکەی شیرین دەبێت.

**خۆردە:** لەکاتی خۆشکردندا، دۆ و پونگە دەکرێتە ناو مەشکەوە، بەو شتانە دەوترێت خۆردە.

**خڕۆمەبەرد:** بە زەوییەکی بەردەڵان دەوترێت.

**داجوانن:** شەوێن، دوو سەعات بەر لە دەرکردنی ئاسایی، کە ران برا بۆ کەژ، دەڵێن دایدەجوێنن.

**داوباز:** ئەو کەو و سوێسکانەی لە داو دەربازدەبن، دەوترێت داوبازە.

**دووبەنە:** واتە دوو جار مەشکەکە جەوتاوی خواردۆتەوە.

**دۆیان:** بریتیە لە توورەکەیەکی خامی سپی، دۆی تێدەکرێت. دوای ئەوەی ئاوەکەی دەچۆڕێتەوە، ئیدی دۆکەی پێیدەوترێت خەستە.

**دەخیلە:** هەر جۆرە گژوگیا و دڕکودالێك لەناو کێڵگەدا بێت، پێی دەوترێت دەخیلە.

**دەرگابێن:** بەو پارچە بەنە خووریە، یان مووە دەوترێت، کە دەمی مەشکە و کونگەی پێدەبەسترێت.

**دەستپێچك:** وێڵە، پاری خووری موو، کە لەسەر دەست هەڵدەکرێت.

**دەستەك:** داری دارەڕای خانوو.

**دەستیاو:** کارێك بۆ کەسێك بکەیت و ئەویش دواجار هەمان کارت بۆ بکاتەوە.

**دێتە بەران:** جووتبوونی نێرە و مێچکەی مەڕ.

**دێتە تەگە:** جووتبوونی نێرە و مێنگەی بزن.

**دێتە کەڵ:** جووتبوونی نێرە و مێیەی ڕەشەوڵاخ.

**رزق:** بە مشکی ناو کێڵگە دەوترێت، کە کەمێ لە مشکی ناو ماڵ گەورەترە.

**رست:** لەبەن دەچنرێت، راوچی سەرێکی لە مەچەکی خۆی دەبەستێت و سەرەکەی تری دەکات بەناو قەڵاتەی ملی تانجیەکەدا و ئەو سەرەش دەگرێت بە دەستیەوە. کاتێ تانجی تێبەردەدرێت سەری رستەکەی ناو دەستی بەرەڵادەکات و تانجی بەرەو لای نێچیر هەڵدێت.

**رنە:** واتە پرووشە باران، بەو پرووشەیە دەوترێت کە لەکاتی باراندا لە دەوارەوە دێتە ناوەوە.

**رەباتە:** جۆرە راوێکی کەو و سوێسکەیە، لەو راوەدا کەوێکی ماڵی لە شوێنی راوەکە بە بەنێك دەبەسترێتەوە، بەوەش دەوترێت رەباتەکراوە.

**ریخ:** شیاکە، پاشەڕۆی ڕەشەوڵاخ.

**زووه:** رایەڵە، گەهە.

**سابات:** شوێنێك سێبەر بیگرێتەوە، زیاتر کونگەی لەژێردا دادەنرێت، تا هەتاو لێینەدا و ئاوەکەی سارد و خۆش بێت.

**سارەما:** کاتێ بەرخ و کار لەگەڵ دایکەکانیاندا دەبرێن بۆ کەژ، تا لەوێ دایکەکانیان بمژن و فێری لەوڕیش ببن.

**سامۆتە:** واتە گوڵنکە، هەروەها بەو بەنەش دەوترێت کە لە پاشکۆی زینی ئەسپ و ماین دەبەسترێت و شتی پێدا هەڵدەواسرێت. بەمەش دەوترێت بەن سامۆتە.

**سەرئاو:** ئاوخواردنەوەی ئاژەڵ.

**سەردەگرێت:** دەمەیەت، تویێژدەکات.

**سەقا:** وشەیەکی عەرەبیە و لای کورد بە واتای تێرئاوبوون بەکاردێت. تایبەتە بە ئاودانی زەویەوە.

**سێتە:** قوڵف، بریتیە لەو قوڵفەی لە موو دروستدەکرێت لە تەختە دەواردا و لە جێی کونی قۆپچە بەلوجەی پێدا دەکرێت.

**سیرمە:** بریتیە لە پارچەی باریکی چەرمی ئاژەڵ یان وڵاخ، کە بەکاردێت بۆ شت چنین و دوورینەوەش.

**شارا:** چەند مەڵۆیەك دەخرێتە سەر یەك، شارا پێکدەهێنێت.

**شکارتە:** جووتی ڕۆژێك بە گەلەجووت بۆ شوان دەکرێت، یان بۆ مەلای دێ، یان هەر کەسێکی دی کە سەرقاڵی کاری تر بێت و خۆی نەتوانێت جووتبکات. بەمە دەوترێت شکارتەیەك.

**شەواژۆ:** لە وەرزی بەهاردا، کاتێ ئاژەڵ شەوانە بە کەژەوە دەمێنێتەوە، بەوە دەوترێت مێگەل شەواژۆ دەکات.

**شەوێن:** داجوانن.

**شێوکردنەوە:** دوای پاڵێنی ئێوارە، ران و مێگەل بەرەو ئاوایی دەگەڕێتەوە، بەدەم ڕێوە دەلەوەڕێن، بەم لەوەڕە دەوترێت شێوکردنەوە.

**قانگ:** دووکەڵ کردن بە شتێیەکدا، دەوترێت قانگی دەدەن.

**قاوت:** جۆی برژاو دەهاڕن و لەگەڵ ماستدا تێکەڵدەکرێت، لەکاتی خۆشکردنی پێستەدا بۆ هیزە دروستکردن. دەکرێتە ناوی و بەوە دەوترێت قاوت.

**قوڵوج:** بە چاڵێك دەوترێت کە لە بەرددا هەبێت، واتە چاڵی بەرد.

**قونار:** هەڵپاچینی لقە وردەکانی دارێك، کە لە بنەوە هەڵچووبێت، دەوترێت قوناردەکرێت.

**قەفانجەرە:** کاتێ کەمەی گۆچان دەچەمێننەوە و بە لاسکە گەڵایەك دەیبەستن، یان بە شوولێك. دەوترێت قەفانجەرە کرا.

**قەڵاتە:** بەو پارچە قایشە دەوترێت، کە دەکرێتە ملی تانجی.

**قەیناغ:** لە شێوەی دەستکێشدا و بە پێوانەی پەنجەکانی دەست پێنج پەنجە لە قایش و چەرم دروستدەکرێت، سەپان لەکاتی درەودا دەیکاتە پەنجەکانی، بۆ پاراستنی پەنجەکانی لە دڕکوداڵ، هەروەها پانتایی و فراوانی لەپی دەست زیاددەکات و مەڵۆکان قەوارەیان گەورەتر دەبێت.

**کەرێتاوە:** واتە ڕۆنە کەرێی تواوە.

**کەش:** واتە ئاو و هەوا، هەروەها دوای باران، کە خۆشدەکاتەوە، دەوترێت کەشێکی تێکرد.

**کەڵەشاخ:** شاخی ئاژەڵ، یان ڕەشەوڵاخ، کەمێ ڕۆنی تێدەکرێت و دەبرێت بۆ سەر پەرێز بۆ هەسان چەورکردن.

**کۆڵ:** دار لەباری درێژی، ناوکرۆکەکەی لە شێوەی پلوسکدا هەڵدەکۆڵرێت.

**کۆڵەکە:** ئەو دارە ئەستوورەی لە خانودا دەنرێتە ژێر نیرگە و حەماڵ.

**گووگره:** سەرێکی نەقیزە، پارچە دارێکی پان یان تەنەکەیەکی پێدا دادەکوتن. لەکاتی گێرەکردندا جووتیار دەیگرێت بە دەستیەوە، لەکاتی پێویستدا دەخرێتە ژێر ڕیخی گاکان بۆئەوەی مەرەزەکە پیس نەبێت.

**گۆخڵ:** ئەو کەسەی سەرۆکاری مەرەزە دەکات پێی دەوترێت گۆخڵ.

**گوڵمی ئاو:** مشتێ ئاو، ئاوپرژێنێکی کەم.

**گەرمەلان:** واتە نێچیرەکە لە لانەدا نوستووە.

**گەوڕ:** شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵە، تایبەتە بە وەرزی زستانەوە.

**گەهـ:** رایەڵە، زوە.

**گێڵوخاو:** مەشکە و کونگە، کاتێ دۆشاوی جەوتی تێدەکرێت، دەوترێت گێڵوخاو کراوە.

**گێڕاندن:** سووینەوەی لباد بەهۆی قۆڵەوە.

**گیرکە:** ئامرازێکی تایبەتە، بۆ گرتن و چەمانەوەی شتەکان بەکاردێت.

**لێڵە:** شڵەقاندن، لەکاتی تۆوکردنی چەڵتووکدا لێڵەدەکرێت، بۆئەوەی تۆوەکە تێکەڵی قوڕ و لیتەکە ببێت.

**ماسۆر:** بەو پارچە دارە دەوترێت، کە پۆی لەسەر هەڵدەکرێت.

**ماکاو:** ماکاوی تووتن لەسەری قەدەکانەوە لێدەدرێت و هەموو قەدەکان لە ماکاوەوە ئاوی بۆ دەچێت.

**مای تێرنەوە:** ئاوی پەنیر دەنرێتە سەر ئاگر و کەمێ شیری تێدەکرێت، بەوە دەوترێت مای تێرنەوە.

**مۆڵ:** لەکاتی نیوەڕۆدا لە بن دارو دەوەندا ئاژەڵ و مێگەل سەر دەکەن بەناو یەکدا و مۆڵدەخۆن.

**مەکتە:** ئامێریکی تایبەتە بە چەخماخسازییەوە و بۆ کونکردنی کەرەسەکان بەکاردێت.

**نواڵەکردن:** نوشتکردن، قەدکردنی گەڵاتووتن.

**نیرگە:** ئەو دارەیە کە لە دارەڕاکردنی خانوودا سەری دەستەکەکانی دەخرێتە سەر، زیاتریش دەکەوێتە ناوەڕاستی ژوورەوە و کۆڵەکە دەخرێتە ژێری.

**هاڵوێن:** بە دۆشاوی توو دەوترێت، کە بۆ هیزە خۆشکردن بەکاردێت.

**هاولۆ:** یەك تاڵ بەن، دوولۆ دەکرێتەوە، پێدەوترێت هاولۆ.

**هەڵدەهێنرێت:** کاتێ دۆ دەنرێتە سەر ئاگر و گەرمی دەکەن، دەوترێت دۆکە هەڵدەهێنرێت.

**هەڵەیکرد:** ونیکرد، بزرکردن، نەدۆزینەوە، تایبەتە بە راوە تانجیەوە.

**هەنگڵ و بان:** چوارپەلی ئاژەڵ لەگەڵ کونی ژێر کلك، بە پێستەیی پێی دەوترێت هەنگڵ و بان.

**هەوارەماڵ:** واتە لەسەر ماڵ.

**هەونگ:** حەبل، لە بەن دروستدەکرێت.

**وێڵە:** دەستپێچك، پاری خووری و موو.

**وەچکردن:** سەر و خونچەکردنی تووتن.

**وەرد:** بڵاوکردنەوە و سەروژێرکردن.

**وەردبڕینەوە:** وەردی یەك گاسنە.

**وەرددانەوە:** واتە وەردی دوو گاسنە.

**وەسڵکردن:** بڕین، بە بڕینی پارچە زیادەکانی لباد دەوترێت وەسڵکردن.

لە ژێر پێستی خاوی ئەم نەتەوەیەدا
جیهانێکی پڕ لە بیر و ئەندێشەی قووڵ و
هەست و ئەستی بەسۆز و ناسک
شاراوەتەوە. بە بەڵگەی زۆرەوە
هۆشیاری و زیرەکیی خواکردی تێکەڵ بە
زوو لە شت گەیشتن کردووە و بەستراوە
بە خوو و ڕەوشتێکی ڕاست و ڕەوانی
مەردانەیانەوە.



# Kurdish Common Sence

Muhammed Amin Hussain